# نــووری ڕێ

# (١)

# بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أَنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وأَشهَدُ أَنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أَيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأَنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أَيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجَالاً كَثِيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحَامَ إِنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أَيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزاً عَظيماً

أَمَّا بعدُ: فإِنَّ أَصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الاَمِيْنِ، مُحَمَّد وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.

داوا لە موسوڵمان کراوە کە شوێنکەوتووی پێغەمبەرەکەی خوا بن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەو بکەنە سەرمەشقی ژیانی خۆیان. بێ گومان موسوڵمانانیش لە بڕی تواناو رادەی ئامادەباشیی و گونجاوی وەرگرتنیاندا جیاوازن.. هەر وەك چۆن کۆمەڵەی خۆر هەر یەکەیان بە رادەو جۆرێکی تایبەت بە دەوری خۆو بە دەوری خۆردا هەڵدەسوڕێن و بە گوێرەی تواناو ئامادەباشییان تیشك و تین و ووزەی لێوە وەردەگرن و دەیدەنەوە! هەروەك چۆن بە رادەی وەرگرتنی تین و تیشك و کارتێکراویان دەردەکەون و رووناك دەبنەوەو دەبنە دەلیلی شەورۆیی دەشت و بیابان و چیاو چۆڵ، موسوڵمانانیش لە وەرگرتنی تەعلیماتی پێغەمبەرە پێشەواکەیاندا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر وان ئەمانیش هەیانە چاکتر پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناسیووەو زۆرتری لێ وەرگرتووەو روونتر گەیاندوێتییەوەو باشتر بۆتە دەلیلی رێی تاریکستانی جاهیلییەتی نوێ.. هەشیانە تواناى وەرگرتن و دینداریی پێکردن و گەیاندنەوەی کەمتر بووە، بۆیە کەمتر شوێن سوونەتی پاکی ئەم پێشەوا دانسقە تایبەتە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەوتووە.. کە خوای کاربەجێ بەرامبەر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا) الأحزاب/٤٥-٤٦ واتە: ئەی پێغەمبەر ئێمە تۆمان بە سیفەتی شاهێدو مژدەوان و هۆشدەر و بانگخوازێك بۆ خواوویستی ناردووە، تۆ خۆرێکی گەشەدارو روناکیت.. ئیمامی ئیبنوکەسیر دەفەرموێ: شاهێدی لەسەر

یەکبوونی خوای گەورە دەدەیت، مژدەی پاداشتی چاك بە موسوڵمانان دەدەیت، ئینزاری سزای سەختی وەیل بە کافرەکان دەدەیت، خەڵکی بانگ دەکەیت بۆ پەرستنی خوای گەورە بە شوێنکەوتنی خۆت، چونکە فەرمان و تەعلیماتەکانی تۆ روون و ئاشکرایەو کەس نکوڵی لێ ناکات مەگەر کەسێکی سەرسەخت و نەگبەت.. کەوابوو موسوڵمانان هەریەکەیان بە شێوەو بڕو رادەیەك لەم نوورێتیەی پێغەمبەرەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەردەگرێت..

یاوەران و تابعین و شوێن کەوتووانیان هەر لە سەردەمانی یەکەمی ئیسلامەتیەوە خوێندنی سیرەو سوونەتی ئەم پێغەمبەرە نازدارەیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردبووە ئاڕاستەی پەروەردە بوون و فەرمانی رۆژانەی کارکردن. یاوەران بایەخیان بە سیرە دەدا وەکو کە بایەخیان بە عەقیدەو قورئان و شەرعەکە دەدا.. بۆیە دەبینیت ئوممەتی ئێمە لە نێو هەموو ئوممەتان و گەلاندا تاکە ئوممەتێکە کە سیرەو سوونەت و مێژووی ژیانی کەسایەتیەکانی بە سەنەدی پەیوەستەوە گێڕاوەتەوەو نوسیوەتەوە.. بۆیە دەبینیت سەدان سەرچاوەی فەرموودە هەیە، هەر سەرچاوەیەکیان هەزاران فەرموودەی تێدایە!!

هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە لەبەر کردنی قورئان بووە نەریتێکی دینداریی و پێگەیشتن، دواتر لە تابعیندا بووە تەکاموولی منداڵی ژیرو زیرەك کە دەخرایە بەر خوێندن، هیچ منداڵێك نەبوو کە بۆ فەقێیەتی دانرابێت و لە نێوان ٧-١٠ ساڵی تەمەنیدا قورئانی لەبەر نەکردبێت!! بۆیە زانایانی تابعین کە قوتابی بەردەستی یاوەرانی بەڕێز بوون، فەقێکانی خۆیان هان دەدا بکەونە کۆکردنەوەو لەبەر کردنی فەرموودە.. سەیری ئەم دوو نموونەیە بکەن:

نموونەی یەکەم: ئەبوبەکری کوڕی ئەبوداوود (ئەبوداوود یەکێکە لە خاوەن شەش سەرچاوە سەحیحەکەی فەرموودە) دەفەرموێ چوومە کووفە، پڕ بوو لە زانای پایەبەرزی فەرموودەوانی، یەك درهەمم پێ بوو، سەیرم دەکرد، ئەگەر کاسبی بکەم و پارە پەیدا کەم زۆرینەی ئەم فەرموودانەم لە دەست دەچێت، ئەگەر بۆ زانستیەکەش لێببڕێم موحتاجی خواردن دەبم.. بۆیە بڕیارم دا بۆ زانست لێببڕێم.. بایی درهەمەکە پاقلەم کڕی و هێنامەوە کوڵاندم، دوو دەنکم خواردو چووم بۆ لای ئەبوسەعیدی ئەشەجج و سەد فەرموودەی لێوە فێربووم، دوو دەنك پاقلەی ترم خواردو چوومە لای فڵان سەد فەرموودەش لەوەوە فێربووم، دوو دەنکی ترم خواردو چوومە لای فڵانێکی تر سەد فەرموودەی تر لەویشەوە فێربووم، ئاوا هەموو رۆژێك تا دەنکە پاقلەکانم تەواو کرد (٣٠,٠٠٠ سی هەزار) فەرموودەم لە کووفە لەبەر کرد.. کە هاتمەوە خۆراسان تاقی کردنەوەیان کردم، لە سیوشەش هەزار فەرموودە کە لێیان پرسیم لە حەوتیاندا هەڵەم کرد، خوا ئاگادارە پێنجیان نوسەرەوەکانی یەکەمینی فەرموودەکان هۆکاری هەڵەکەم بوون، نەك خۆم، چونکە ئەوان بە هەڵە تۆمارییان کردبوون!!

نموونەی دووەم: کابرایەك لە مەجلیسێکدا تەڵاقی خوارد کە ئیمامی ئەبوزەرعە سێ سەد هەزار فەرموودەی لەبەرە!! ئامادەبووان کردیانە موناقەشەو ووتیان تەڵاقەکەی کەوتووە، ئەو چوزانێت ئەبوزەرعە ئەو هەمووەی لەبەرە، هاتنە لای عبداللّەی کوڕی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە (٧٠٠,٠٠٠ حەوت سەد هەزار)[١] فەرموودەی لەبەر بوو، هاوڕێی ئەبو زەرعە بوو، لێیان پرسی کە ئایا ئەو

[١] پێشتر ووتبووم و نووسیبووم شەش سەد هەزار فەرموودە، دواتر لە پێشەکی موسنەدەکەی ئیمامی ئەحمەد خۆیدا (کە پەنجاو دوو هەزار فەرموودەی تێدایە) هاتبوو کە ئیمامی ئەحمەد ئەم موسنەدەی لە کۆی حەوت سەد هەزار فەرموودە کە لەبەری بوون هەڵبژاردووە..

تەڵاقە کەوتووە؟! ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: وا نازانم کەوتبێت، ئەبو زەرعە لەوەی زیاتر لەبەرە.. باشتریشە لە خۆی بپرسن ..

چوونە خزمەت ئەبو زەرعەو باسەکەیان بۆ گێڕایەوە، سەری دانەواندو فەرمووی: نا تەڵاقەکەی نەکەوتووە!!

عبداللهەی کوڕی ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ: ئیمامی ئەبو زەرعە دەیفەرموو کە تەمەنم سیودوو ساڵان بوو دووسەد هەزار فەرموودەم لەبەربوو وەکو کە خەڵکی (قل هو الله احد)یان لەبەر بووە.. ئەو کاتەی ئەوەی فەرموو ئەویش (٦٠٠ر٠٠٠ شەش سەد هەزار) فەرموودەی لەبەربوو!

خوێنەرانی بەرێز

دە وەرن با پێکەوە لە تیشکی پێغەمبەرێتییەکەی محمدی پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ زۆری پێداوویستی ئەمڕۆی خۆمان (١٠ دە) فەرموودە وەرگرین!! بەڵێ (١٠ دە) فەرموودە! تا ببنە ووزەی روناکی بەرچاوو تین و گەرمی بانگەوازی کۆمەڵکاریمان، تا بە نیەتی پاکەوە خۆمان بە تەقواکاریی پارسەنگانە راگرین و ببینە ئاوێنەی یەکتری.. ئاواش خوای گەورەش دەستی پێمانەوە دەبێت و بە خۆشەویستی خۆیمانەوە پەیوەست دەکات .. خوا بکات.. ئامین..

## فەرموودەی یەکەم:

### ڕەنجەڕۆیی ریابازان

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: إِنْ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى عَلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنْ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ: ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ فِي هَذَا الْحَدِيثِ : ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أُولَئِكَ الثَّلَاثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) رواه مسلم[٢]

---

[٢] ئیمامی موسلیم لە (كتاب الجهاد) لە سەحیحەكەیدا هێناویەتیەوەو ئیمامی نەوەوی لە (رياض الصالحين ژمارە ١٦١٧)دا..

## مانای گشتی فەرموودەکە

سەیدنا ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو کە فەرمووی: یەکەمین کەسێك کە لە رۆژی دواییدا داوەری دەکرێت، کابرایەکە کە شەهید بووە. دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، لە پێناوی تۆدا جیهادم کرد تا شەهید بووم. خوای گەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە دەجەنگایت تا پێت بڵێن ئازاو قارەمانە! ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت بە راکێشان لەسەر روو، رایدەکێشن تا فرێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.. هەروەها کابرایەکە کە خاوەن زانستێکی شەرعناسی و قورئان خوێن بووە. ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، لە پێناوی تۆدا زانستی شەرعی فێربووم و خەڵکم فێری شەرع دەکرد، قورئانم پێ دەووتن. خوای گەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە پێت دەووتنەوە تا بڵێن زانایت، بۆیە قورئانت دەخوێندو فێرتدەکردن تا بڵێن قورئان خوێنە! ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت بە راکێشان لەسەر روو، رایدەکێشن تا فرێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە.. ئینجا کابرایەکە کە خوای گەورە بڕێکی زۆری لە هەموو جۆرە سەروەت و سامانێك پێ بەخشیووە، ئەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، هیچ بوارێك نەبوو تۆ حەزت بە بەخشینی ماڵ بوو

بێت تێیدا ئیللا گرتمە بەرو سامانم تێدا بەخشی. خوای گەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە دەتبەخشی تا بڵێن سەخی و خێرەومەندە.. ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت بە راکێشان لەسەرروو، رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە .. ترمزی دەفەرموێ: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت فەرمووی: پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستێکی بە رانمداداو فەرمووی: ئەی ئەبا هورەیرە، ئا ئەوانە یەکەمین کەسێك دەبن کە لە رۆژی دواییدا ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش دەکرێت ..

## راویەکەی

سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت ناوی عبدالرحمن کوڕی سەخرە، لە نەفامیدا ناوی (عبد الشمس) بووە. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ناوەی گۆڕی وکردی بە عبدالرحمن.

- لە یەمەن لەدایك بووەو لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا موسوڵمان بووە.

- فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی تری وەکو سەیدنا عومەرو ئەوانی تروەرگرتووە .

- جەماوەرێکی زۆر لە ئەسحاب و تابعین کە لە (٨٠٠ کەس) زیاتربوون فەرموودەیان لێوە ریوایەت کردووە.

- موسنەدی[٣] سەیدنا ئەبو هورەیرە گەیشتۆتە (٥٣٢٦ فەرموودە). کە ئیمامی بوخاری و موسلیم پێکەوە (٣٢٦ فەرموودە) یان لێوە ریوایەت کردووە، هەم بە جیا: ئیمامی بوخاری (٩٣ فەرموودە) و ئیمامی موسلیم (٩٨ فەرموودە).

- لەبەر زۆری ریوایەتی فەرموودە هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ناحەزان تەم و مژی گومانیان بۆ ریوایەتەکانی سەیدنا ئەبوهورەیرە دروست کردووە، بە تایبەتی شیعەی رافیزە، تا رووی پاکی ئەبو هورەیرە لە کەدار بکرێت.. کە گوایە تەمەنی یاوەرێتی کەم بووە چۆن ئەو هەموو فەرموودەیەی بیستووەو گێڕاوێتیەوە.. سەیدنا ئەبوهورەیرە دەفەرموێ: (برایانی کۆچکەرم سەرگەرمی مامەڵەی بازاڕ بوون، برایانی پشتیوانم سەرگەرمی ماڵ و دارایی خۆیان بوون، بەڵام من هەژارێکی پەنا دیواری مزگەوت بووم و یەکێکی ئەهلی سوففە بووم..[٤] کاتێك ئەوان لەوێ نەبوون من لە خزمەتی رابەرەکەمدا دەبووم و ئەوان شتیان لە یاد دەچوو من لە مێشکمدا تۆمارم دەکرد. سوێندم بە خوا ئەگەر لەبەر ئەو ئایەتە نەبوایە هیچ فەرموودەیەکم بۆ نەدەگێڕانەوە کە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنْزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى) البقرة/١٥٩ رۆژێکیان خۆشەویستم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (هەر کام لە ئێوە با پارچە پۆشاکێکی لەبەر دەستمدا راخات، تا قسەکانم تەواو دەکەم، کاتێ کۆی کردەوە هەرچی من ووتوومە هەمووی لەبەر دەبێت و لە یادی ناچێت. منیش عەباکەم راخست تا فەرموودەکانی کۆتاییان هات، ئەوجا کۆم کردەوەو بە سنگمەوە نووساند، لە پاش ئەوە ئیتر هیچ فەرموودەیەکی ئەو رابەرەم لە یاد نەچووە).

---

[٣] ئەو کتێبانەی فەرموودەن کە لە رێگای یاوەرێکەوە ریوایەت کراوە. وەکو موسنەدی چوار خولەفای راشیدین، موسنەدی عائیشە خوا لێیان رازی بێت.. یاوەری تریش هەن کە موسنەدیان هەیە..

[٤] ئەهلی سوففە کۆمەڵێك یاوەری دەسکورت و هەژاری زەمانی پێغەمبەری خوا بوون صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بێ ماڵ و جێ بوون، زۆریان هەر لە مزگەوت دەمانەوە..

- سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت کە بووە خەلیفە ئەبو هورەیرەی بە والی بەحرەین تەعین کرد.

- ئیمامی بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە: لە ساڵی ٥٧ی کۆچی لە ناوچەی (عەقیق) لە تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەقیع لە مەدینە نێژررا.

## ووشە گرانەکانی

<u>يُقْضَى عَلَيْهِ:</u> داوەری دەکرێت و حوکم دەدرێت .

<u>جَرِيءٌ:</u> ئازاو چاونەترس.

<u>جَوَادٌ:</u> خێرەومەند، سەخی..

<u>تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ:</u> ئاگریان پێ دەکرێتەوە، ئاگریان پێ هەڵدەگیرسێنرێت.

## لێکدانەوەی فەرموودەکە

١- باوەڕی موسوڵمان بە زیندوبوونەوەو داوەریی خوایی قەناعەتێکەو لە ناخیدا وا چەسپیووە گومان و گریمان نایخەنە سەر دوودڵیی لێی.. بۆیە موسوڵمان کە ئەم فەرموودەیە دەبیستێت بە دڵنیاییەوە باوەڕی پێ دەهێنێت و دەزانێت کە حەتمەن یەکەمین سێ کەسێك (مەبەست سێ پۆلە کەسانێك) کە لای خوای پەروەردگارو کارزان دادگایی دەکرێن، ئەو موجاهیدو داعی و زاناو قورئان خوێن و پیاوە

خێرەومەندانەن کە چالاکیەکانی دنیایان بۆ خوای تاك و پاك ئەنجام نەداوە، بەڵکو ریاباز بوون و هەر بۆ خۆ دەرخستن و خۆنواندن بووە، تا لە دڵی خەڵکیدا پلەو رێزی تایبەتییان هەبێت ..

٢- کابرای موجاهید زاهیرەن شەق لە هەموو لەزەتەکانی دنیا هەڵداو هەموو پەیوەندیەکی غەیری پەیوەندی خواوویستی وەلاناو لە زەمانی غوربەتی ئیسلامەتیدا، لە زەمانی شپرزەیی و بێ غیرەتی موسوڵمانان و زۆری و بەهێزی دوژمناندا چووە ناو جەرگەی جیهادەوە! بە نهێنی یان بە ئاشکرا خۆی گەیاندە مەیدانی شۆڕەسواران، بە چەکی خۆی یان بە چەکی بەیتولمال کەوتە رووبوونەوەیەکی بێ ئامانەوە، رووبەڕوو بوونەوەیەکی تەواو بوو، هەڵمەتێك و کشانەوەیەك تەواو بوو، پشکە دەسکەوتی درایە، تەبەڕای لێ کردو ووتی: خۆ من بەیعەتم بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوت نەداوە! لە رووبەڕوو بوونەوەی داهاتوودا، گلا.. هاوڕێکانی بە برینداریی هێنایانەوەو، پزیشك و خەمخۆران بە پەرۆشەوە کەوتنە چارەسەرو دڵنەوایی، بەڵام گیانی دەرچوو.. ناوی چووە ریزی موجاهیان و شەهیدان و قارەمانانی پەیامی خواوە..ناوی چووە ریزی دلێرانی خواوویستی و جەنگاوەرانی زەمانی ئیستیزعاف! بەڵام ئەوەتا لە قیامەت زیندوو کراوەتەوەو لە حزووری خوای کارزان و دادپەروەردایە، چاوەڕوانی پاداشتی چالاکیەکانێتی، چاوەڕوانی پاداشتی ژان و ناسۆری زامداریی و گیان کێشانێتی، چاوەڕوانی پلەی شەهیدییەتی! بەڵام خوای پەروەردگار پێی دەفەرموێ: هەی رووت رەش بێت بۆ چ موجاهیدێك بوویت.. هەی درۆزنی چاوشۆڕ.. جیهادت لە پێناوی ئەوەدا دەکرد بڵێن: ئازایە.. ئەوا ووترا.. دوای تۆ ناویان لە رۆژنامە دابوویت، هەموو جیهان باسی ئازایەتی تۆیان دەکرد، شەقامی سەرەکی شارو فولکە گەورەکەو سانەویە بەناوبانگەکەی شاریان بە ناوی تۆوە کردبوو.. ئەوا ووترا.. بە تۆ چی؟!

٣- ئەم زانا بەڕێزەی پارە لە کەس وەرناگرێت، ئا ئەم عەمامە پاکەی بە دەنگ هەموو کەسێکەوە دێت، ئا ئەمەی بە فەقێیەتی دنیای ناوچەکە گەڕا تا شەهادەی مەلایەتی وەرگرت، ئا ئەم دوازدە عیلمەی هەموو خەڵکی دێنە خزمەتی و پرسیاری لێ دەکەن.. ئا ئەمەی فەتواکانی نوسراونەتەوەو فەقێی ترلەسەربەرهەمەکانی پێ دەگەن.. ئا ئەم قورئان خوێنە.. ئەم دەنگ خۆشە، ئا ئەمەی لە کێبڕکێی قورئاندا لە یەکەمەکانی سعودیەو میسرو پاکستان بوو.. ئا ئەمەی ئاڵقەی قورئان خوێندن و دەرسی تەجویدو زانیاریەکانی قورئانی راستەوخۆ لە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە بڵاو دەکرایەوە.. ئا ئەم زاناو شەرعناس و قورئان خوێنە، ئەوەتا بە داخەوە مرد.. کەلێنێکی زۆری لە مزگەوتی گەڕەك و شارو وولات جێ هێشت.. ئا ئەم خەڵکە دەبینیت چۆن بۆی دەگرین و هەموویان لە دوای جەنازەکەیەوەن و رووەوگۆڕەکەی دەڵێن: مامۆستا گیان، قوربان.. توخوا لەو دنیا شەفاعەتمان بۆ بکە! ئەم پێشەوایەی ئەم خەڵکە ئاوا گومانی باشیان پێ دەبرد کە حەتمەن پۆل پۆل فریشتەی خوا دێنە پێشوازیی.. ئەوەتا چاوشۆڕی لای خوای گەورەیەو خوای دادپەروەرو بە بەزەیی بە درۆی دەخاتەوەو پێی دەفەرموێ: هەموو چالاکیەکانت ئاوازی دەروونی نەخۆش و دڵی رەقت بوون.. هەی درۆزن، بوویت بە فەقێ تا ببیتە مەلا، ئەوا بوویت، زانستی شەرعت خوێند تا بڵێن: زانایە!! ئەوا ووترا.. قورئانت بە تەجویدەوە خوێندو هەندێك شتت نەدەخوارد نەبادا تەئسیرلە دەزوولەکانی دەنگت بکات، هەر دەتووت: بابڵێن: ماشاء الله قورئان خوێنەو کاریگەرە.. بۆ ئەوەی بتبەنە پێش، پارەی زیاترت بدەنێ.. مەتح و سەنات کەن.. بڵێن: ئەشهەدو زانایە.. ئەشهەدو قورئان خوێنە! ئەشهەدو داعیەکی چالاکە!! ئەوا ووترا.. ئینجا لە جیاتی ئەوەی تکا بۆ ئەهلی مزکگەوتەکەی و فەقێ و شوێنکەوتووانی دنیای بکات، چاوشۆڕانە چاوەڕێی شەفاعەتی کچە هەتیوێکی بێ نازە، لوتفی لەگەڵ کات.. بەڵام دوای چی؟ دوای

ئەوەی کە خوای زاناو داوەری رەها فەرمووی: ئادەی بە زلیلی رایکێشنە ناو ئاگری دۆزەخەوە..

٤- ئەمەش کاك فلانی سەخییە.. حاتەمی دووەمە! لە هەر شوێنێك بزانێت پەك کەوتەیەکی لێیە، یان کەم ئەندامێك یان نەخۆشێك یان پیرێکی پەك کەوتەی لێیە، پارەی دەرمانەکەیان دەدات.. هەر ببیستێت هەژارێك، دەسکورتێك، هەتیووێك، بێوەژنێك، ژنە موجاهیدێك، خێزانی زیندانیەك، موحتاجی پارەن، ئەم خێرا بۆیان دەنێرێت.. ئای خۆزگەم بە خۆی.. بەڵام نا ..

ئەمەش کاك فلانی بازرگانە، ئەمەش ئەو خێرەومەندە گەورەیە کە نامەی هەر دەزگایەکی خێرخوازیی و مزگەوت و کتێب چاپ کردنی بۆ دەچوو، یەکسەر بێ سێوو دوو پارەیەکی خەیاڵی دەدا.. ئا ئەمە بوو ئەو هەموو قورئانەی بەخشیەوە! خۆزگەم بە خۆی.. بەڵام، نا..

ئەمیش ئەوەتا خوای گەورە لە قیامەندا هێناوێتیەوە بەر دادگای بە حەقی خۆی و نیعمەتەکانی دەخاتەوە پێش چاوی.. ئەدی ئەو هەموو سەروەت و سامانەم نەدایتێ؟! ئیعتیراف دەکات: بەدی خوایە.. ئەی چیت لێ کرد؟ چۆنت سەرف کرد؟! قوربان ئا بەو خێرخوازییەی ئەو خەڵکە باسم دەکەن.. بەو چۆنیەتانەی لە تەلەفزیۆنەوە خوێندرانەوە، لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەوە.. هەموویم لەو چالاکیانەدا سەرف کرد کە پێت خۆش بووە.. خوای زانا بە پێچاوپێچەکانی دەروونی مرۆڤ، خوای زانا بە فێڵی نەفسی بەشەر پێی دەفەرموێ: هەی رووت رەش بێت بۆ درۆت..تۆ بۆ ئەوەت دەکرد تابڵێن: سەخییە، خێرەومەندە!! ئەوا ووترا.. لە دوای مردنت رۆژنامەکان لەسەر تۆیان نووسی، بانقێکیان بە ناوی تۆو ئیغاسەکەتەوە ناونا!! زۆریان باس کردیت.. سوێند دەخوا: بە خوا خوایە لە پێناوی تۆداو لە هەر

بوارێکدا کە پێت خۆش بووبێت پارەو سامانم تێدا دەبەخشی! خوای کارزان و کارجوان پێی دەفەرموێ: درۆت کرد.. بۆ ئەوەت دەکرد تا بڵێن: پیاوچاکە!! ئەوا ووترا.. ئەوجا بەو هێزو دەسەڵاتە بێ وێنەوە، لەو رۆژەدا کە کەس بۆی نیە ووتەیەکی لە زاری بێتە دەرێ!! خوای داناو توانا فەرمانێك دەردەکات: لەسەر روو رایکێشن و فڕێی دەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.. وای پەنا بەخوا..

٥- هۆ ئەبا هورەیرە، ئا ئەمانە یەکەمین کەسانێکن کە دەخرێنە دۆزەخەوە، کە ئاگریان بێ بڵێسەدارتر دەکرێت بۆ کەسانی هاوشێوەی نیەت پیس و ریابازیان، لەوانەی ئەم دینەیان بۆ مەرامی دنیایی خۆیان بەکار دەهێنا.. لەوانەی قسەیان بە ناوی پێغەمبەرانەوە دەکردو رەفتاری ئیبلیسیان مومارەسە دەکرد ..

٦- سەیری ئەو زیانە گەورەیە بکە کە لەم کەسانە کەوتووە.. رۆح و پلەی دنیاو سامانیشیان لەدەست چووەو کۆڵی گوناحیشیان کەوتۆتە سەر شان! سەیری ئەو موجاهیدە داماوە.. دنیای بەجێ هێشت، ئەو هەموو سڵ و ترس و بیمەی لە ساتەکانی شەورۆژی تەمەنیدا تووشی دەبوو! خەیاڵین.. پاشان برینداربوون و گیان کێشان.. کەچی لەو دنیا زەلیلتر رەفتاری لەگەڵ دەکرێت! بۆچی؟! رەنگە ئێستا جێی بەزەیی من و تۆی نەزان بێت؟! بەڵام خۆ دادی خوایی مسقاڵە زەڕەی خێرو شەڕ دەخوێنێتەوەو پاداشتی لە بەرامبەردا دەداتەوە.. ئەدی بۆچی ئەم سێ داماوە سزایان ئەوەندە قورسە؟! ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دینەکەی خوایان بۆ خۆیان بەکار هێناوە.. ئەم دینە کە خوای کردگارو خاوەنی مرۆڤایەتی بەو پێغەمبەرە مەزنانەی خۆیدا ناردی تا ببێتە مایەی هیدایەت دانیان، بەڵام ئەم چەواشەکارانە بۆ خۆیان ئیستیغلال کرد.. ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە.. قەبارەی ئەم تاوانە هەر خوای گەورە دەزانێت چەندە؟ چونکە کەسێکی وا ئەگەر بە ناوی جیهادەوە نەبوایە، یان ئەوی تریان بە ناوی زانستی شەرع و قورئان و ئەم بانگەوازو حزبایەتیە ئیسلامیەوە

نەبوایە چۆن دەیتوانی ئەو خەڵکە موسوڵمانە لە خۆی کۆکاتەوەو ووزەیان بۆ مەرامی خۆی و ناوی خۆی بەکاربهێنێت.. یان ئەو خۆپەرستەی ناوی خۆی پێ گرنگتر بوو وەك لە رەزامەندی خوای گەورە!! ئەمانە بە هەموو ماناکانی تاوانباریی تاوانبارن. شایانی ئەوزەلیل کردن و سزا سەختەشن .. خوا لاماندا..

٧- خوای پەروەردگارکە دەفەرموێ: (فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلا صَالِحًا وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) الكهف/١١٠ واتە: ئەو کەسەی ئومێدی بە دیداری خوای پەروەردگاری هەیە، با کردەوەی چاك ئەنجام بدات و بە نیازپاکیی و خواوویستیەوە خوا بپەرستێت و کەس نەکاتە شەریکی خوای خۆی.. زانایان لەم ئایەتەوهاوشێوەکانیەوە فەرموویانە: قبووڵ بوونی کردەوە لای خوای خاوەن بە دوو مەرجە :

- یەکەمیان: چاك بێت، واتە: بە پێی شەرع بێت.

- دووەمیان: بۆخوا ئەنجام بدرێت.

ئەمانەی کە ئەوچارەنووسە رەشەیان تووش بووە، خوا لاماندا مەرجی یەکەمیان نەهێناوەتەدی و لە پێناوی خۆیان و ناوبانگیاندا چالاکی دینییان ئەنجامداوە ..

٨- ریاکردن، رەنگە لە سەرەتاوە خوویەکی جاهیلی بێت و کابرا هێشتا لێی پاك نەبووبێتەوە، بێ ئاگایانە هەرچارەسەری نەکردووەو تا لە ئیسلامیشدا لێی بۆتەوە بە هەمان خوو! لەوانەیە ئەمجارە دژوارتریش بێ! چونکە بەهانەی دینی بۆ دێنێتەوە.. لەوانەیە لە ئیسلامەتیەکەیدا خۆی لێ پاڵفتەکردبوو، بەڵام بە دەرکەوتنی بۆی گەڕاوەتەوە، یان کەوتۆتە ناوی و زۆرگوێی پێ نادات! دژواریی ئەمیش ئەوەیە لێی ببێت بە خوو.. ئەمەیە کە بەردەوام دەبێت و زەحمەتە کابرا بتوانێت لە خۆی

داڕنێت.. ئەم فەرموودەیەش باسی چارەنووسی ئا ئەوانە دەکات، نەك کەسێك جارێك یان دووجار کەوتۆتە ریاوەو زانیویێتی و خێرا تۆبەی لێ کردووە.. ئەمەیان وەکو هەر گوناحێکی تر وایە کە دەیکات و خێرا لێی پەشیمان دەبێتەوەو ئومێدە خوای گەورەش لێی ببورێت..

٩- نابێت موسوڵمان ڕێ بە نەفسی بدات تا ریای لێ بکاتە حاڵەت، واتە مومارەسەکردنی لا ببێتە شتێکی ئاسایی، چونکە دواتر ریاباز دەردەچێت.. بۆیە زۆر پێویستە بەردەوام پێداچوونەوە (موراجەعە)ی نییەتی بکات و لە قوڕو لیتەو خڵتەو پیسی پاکی بکاتەوە.. ئەوەش چارەسەرکردنێتی کە یەکەمین هەنگاوی موراجەعەیەو دووەمینی تۆبە کردنەو سێیەمینی لە خوا پاڕانەوەیە کە پابەندی زیاتری پێ ببەخشێت و چوارەمینی وویست و ئیرادە بەهێزکردنە بۆ خواناسی باشتر.

١٠- هەموو ئەمەی باسمان کرد ئەوە ناگرێتەوە کە کابرا نیەتی پاکەو پیاوچاکیەکەی لە خەڵکەوە دەردەکەوێت، ئیتر خەڵکەکە مەتحی دەکەن، کە ئەم دەیبیستێتەوە پێی خۆشحاڵ دەبێت. ئەم خۆشحاڵییە ریا نیە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە پێناسەی ئەمەدا دەفەرموێ: ئەمە پاداشتێکی پێش دەستە.. لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە سەیدنا ئەبوزەڕی غیففاری خوا لێی رازی بێت لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنَ الْخَيْرِ وَيَحْمَدُهُ النَّاسُ عَلَيْهِ، قَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ) واتە: ئەرێ حوکمی ئەوە چییە کە کابرایەك کردەوەیەکی چاکە ئەنجام دەدات و خەڵکی سوپاس و ستایشی دەکەن لەسەری؟ پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوە مژدەی بەپەلەی موسوڵمانە ..

پوختەی پەندو ئامۆژگاری ئەم فەرموودەیە

١- ئەوەی چارەنووسی ڕۆژی دوایی ئەم سێ کەسەی بەو نەهامەتیەی گەیاند ریابازیی دنیایی خۆیان بوو.

٢- خوای پەروەردگار بە هیچ شێوەیەك قبووڵ ناکات عەبدێکی هاوەڵی بۆ بڕیار بدات، چ لە دیدو بیروباوەڕدا، چ لە پەرستنەکاندا، چ لە داڕشتنی یاساو ڕێسادا.. کە سێ بواری تەوحیدو شیرکن.

٣- کەسی ژیر دەزانێت کە کەسێك ناتوانێت خزمەکانی خۆی لە خۆی رازی بکات، چ جای خەڵکی ناوچەیەك.. ئیتر ئەم بازرگانیە زیانبەخشە چیە کەسێك بیکات: ڕەزامەندی خوا بۆ ڕەزامەندی خەڵکی بدۆڕێنێت..

٤- موسوڵمان دەبێت هەمیشە وەکو سەیدنا ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت داوا لە خوای گەورە بکات خۆی و نەوەکانی لە شیرك بپارێزێت.. وەکو خوای گەورە بۆمانی باس دەفەرموێت: (وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ ءَامِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الأَصْنَامَ)ئیبراهیم/٣٥ واتە: خوایە، ئەم وولاتە (حیجاز) بخەرە ناو ئەمان و هێمنییەوەو منیش و کوڕو نەوەکانم لەوە بەدوور بگرە بت بپەرستین.

٥- ئەو کەسەی بۆ خوا سوڵحاوە، ئەوی کارو کردەوەکانی شەرعین و لەبەر خاتری خوا کردوونی، خوای پەروەرگار خۆشەوویستی ئەو دەخاتە دڵی خەڵکیەوە، وەك دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا) مریم/٩٦ واتە: ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان کردووە خوای گەورە خۆشەوویستیەکی تایبەتییان بۆ دیاری دەکات.. لەمەوە زانایان فەرموویانە:

هەرکەسێکت بینی خواناسان دەبوغزێنێت ئەوە بزانە کە شوێن کەوتەی ئیبلیسەو دڵی نەخۆشە..

## فەرموودەی دووەم :

### شارەزایی دین خەڵاتی خوایە

قَالَ حَميدُ بنُ عبدِ الرَّحمنِ سَمِعْتُ مُعاوِيَةَ خَطِيباً يقولُ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يقولُ:

(مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)[٥]

واتە: ئەگەرخوای گەورە خێرو خۆشی کەسێکی بوێت، لە دینەکە تێی دەگەیێنێت..

### راویەکەی

سەیدنا معاویەی کوڕی سەیدنا ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب یەکەمین مەلیکی ئیسلام، ١٥ساڵ پێش هیجرەت لە مەککە لە دایك بوو، لەگەڵ باوکیدا لە فەتحی مەککەدا موسوڵمان بوو.. تەمەنی ئەوکاتە ٢٣ ساڵان بوو.. چەند جار نوسەرێتی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووەو ریوایەتی فەرموودەی لە سەیدنا ئەبوبەکرو سەیدنا عومەرو خاتوو ئوم حەبیبەی خێزانی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە خوشکی خۆیەتی گێڕاوەتەوە.. لە ویشەوە کۆمەڵێك یاوەرو تابعین

---

[٥] فەرموودەکە سەحیحە چونکە ئیمامی بوخاری لە سێ شوێنی سەحیحەکەی (کتاب العلم و کتاب فرض الخمس و کتاب الاعتصام بالکتاب و السنة) و ئیمامی موسلیم لە دوو شوێنی سەحیەحەکەی (کتاب الزکاة و کتاب الامارة) دا ریوایەتیان کردووە.. بێ گومان لای خاوەن سونەنەکان و ئیمامی ئەحمەدو ئەوانی تریش هەیە..

ریوایەتیان کردووە لەوانە: ئیبنوعەبباس و عبداللەی کوڕی زوبەیرو جەریری کوڕی عبداللە و ئەبو سەعیدو نوعمانی کوڕی بەشیرکە یاوەرن، لە تابعینیش ئەبوئیدریسی خەولانی و سەعیدی کوڕی موسەییب و عوروەی کوڕی زوبەیرو سالمی کوڕی عبداللە و محمدی کوڕی سیرین و دەیانی دیکە.. دواتر بوو بە یەکێك لە سەر لەشکرانی ئیسلام، سەرەتا لە خیلافەتی سەیدنا ئەبوبەکری سددیقدا خوا لێی رازی بێت کرا بە سەر لەشکری ئەو سوپایەی ناردی بۆ پشتگیریی سەیدنا یەزیدی برای خوا لێی رازی بێت کە دژی رۆم لەبەرەدا بوو، دواتر بووە یەکێك لەو سەرکردانەی جەنگی یەمامە کە بەرامبەر مورتەددەکان بوونەوە.. پاشان چووەوە بۆ تەواو کردنی فەتحی کەنار دەریای سپی ناوەڕاست لە خزمەت یەزیدی برایدا.. دواترلە ساڵی ٢١ کۆچیدا سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی رازی بێت کردی بە والی ئەردەن و یەزیدی براشی کرد بە والی دیمەشق، کە یەزیدی برای لە تاعوونەکەی عامواسدا کۆچی دوایی کرد، سەیدنا عومەرکردی بە والی دیمەشق و ئیترتا کۆچی دوایی سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففانیش خوا لێی رازی بێت کە ساڵی ٣٥ی کۆچی بوو، ئەو هەر لەوێ بە والێتی مایەوە.. کە سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خوا لێی رازی بێت بوو بە خەلیفە هەموو والیەکانی گۆڕین و کەسانی تری خستە شوێنیان، بەڵام سەیدنا معاویە قبووڵی نەکردو داوای خوێنی سەیدنا عوسمانیشی لێ کرد کە دەبێ پێش هەموو شتێك بکوژانی سەیدنا عوسمان بدۆزێتەوە، چونکە کاتێك سەیدنا عوسمان کوژرا سەیدنا حەسەن و سەیدنا حوسەینی کوڕی ئەو خوا لێیان رازی بێت پاسەوانی بوون!! ئیتر سوپایەکی زۆری بۆ جەنگی سەیدنا عەلی پێکەوەناو شەڕی سیففین (یان سەففەین) روویدا کە موسوڵمانی زۆری لە هەردوولا تێدا کوژراو ئەنجامیش وەستاندنی جەنگەکە بوو کە لە قازانجی سەیدنا معاویەو لەشکری شام هاتەوە.. سەیدنا معاویە هەروا لە شام بە دەسەڵاتداریی خۆی بە والێتی هێشتەوەو خۆی بینا

کرد. لەملاوەش سەیدنا حەسەنی کوڕی سەیدنا عەلی خوا لێی رازی بێت بوو بە خەلیفەو تەنازولی لە خیلافەت بۆ سەیدنا معاویە کردو ئیتر ئەم بە رەسمی بوو بە خەلیفەو پایتەختی بردە دیمەشق و بوو بە یەکەمین خەلیفە (یان مەلیك)ی ئەمەویەکان کە حوکمی یەك لە دوای یەکیان لە ٤١ -١٣٢ کۆچی بەردەوام بوو ..

سەیدنا معاویە لە ساڵی ٦٠ ی کۆچیدا لە دیمەشق کۆچی دوایی کرد دوای ئەوەی بیست ساڵ لە دیمەشق والی بوو، بیست ساڵی دیکەش خەلیفە بوو لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا هەمووی بۆ یەزیدی کوڕی بەجێ هێشت، کە بڕیاری دا دوای خۆی ببێتە خەلیفە!! ئەمەشی پێچەوانەی ئەو پەیمانەبوو کە بە ئوممەتەکەی دابوو کە وا دەکات دوای خۆی رەویەی سیاسی بێتەوە سەر سیستمی خولەفای راشدین.. بەڵام بە داخەوە ئەوەی نەکرد.. ئەمەشی لە شەڕنانەوەکانی دژوارتر بوو ..

دەیان فەرموودەی سەقەت لە مەتحی سەیدنا معاویەدا هێنراونەتەوە پێدەچێت هەمووی دوای دەست قایم کردنەکەی بێت لە دەسەڵات، چونکە فەرموودەوانانی وەکو ئیمامی زەهەبی هەموویان شی دەکاتەوەو هیچیان بە سەحیح ناناسێنێت مەگەرکەمێکیان..

## لێکۆڵینەوەی فەرموودەکە

١- مەبەست لە تێگەیاندن و حاڵی کردن لە دینەکە، فێرکردنی زانستی شەرعیە کە بریتیە لەو زانستیەیە کە خوای پەروەردگار لە ئاسمانەوە بە وەحی بۆ پێغەمبەری مەزنی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردۆتە خوارەوە، کە لە قورئان و فەرموودەدا روون کراوەتەوە، ئینجا لەم دوو سەرچاوەیەوە لقە زانستی تری شەرعی جوێ بۆتەوە. خوای گەورە دەفەرموێ : (وَأَنزَلَ اللّهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ وَكَانَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا) النساء/١١٣ واتە : خوای گەورە قورئان و حیکمەتی بۆ ناردوویتە خوارەوە، ئەوەی نەشتدەزانی ئەو فێری کردیت، بەراستی فەزڵی خوا گەورەیە لەسەرت.

ئیبنوحەجەر رحمه الله دەفەرموێ : (زانستی شەرعی ئەوەیە کە فەرمانی دینەکە روون دەکاتەوە لە خواپەرستی و مامەڵەو رەفتاردا، لە ناسینی خواو زانینی سیفات و ئەو ئەرکانەی لەسەر مرۆڤن بەرامبەر خوای گەورە، لە بە دوور راگرتنی لە کەم و کورتی.. ئەوی ئەمانەش لە خۆ دەگرێت تەفسیری قورئان و فەرموودە و فیقهە) فتح الباری/١/١٤١.

٢- ئیمامی شاطبی رحمه الله دەفەرموێ: (زانستی هۆکارە، خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو هۆکاری کارکردنە، بۆیە هەرچی لەسەر گەورەیی و مەزنی و رێزی زانستی هاتووە لەبەر پیادەکردن و جێبەجێ کردن و کار پێ کردنەکەیەتی) الموافقات ٦٥/١ چاپی دار المعرفه .

لە لاپەڕە ٦٩شدا دەفەرموێ: (زانستی: ئەوەیە کە لای شەرع پەسەندە - مەبەستم لەوەیە کە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەتحی خۆی و خوێندکارانیی کردووە- ئەویش ئەوەیە کە دەبێتە پاڵنەرو هاندەری خاوەنەکەی بۆ کار پێ کردنی،

ئەوە ئەو زانستیەییەیە کە لێ ناگەڕێت خاوەنەکەی بە کەیفی خۆی هەڵس و کەوت بکات و بە حەزی خۆی کار بکات! ئەوە ئەو زانستییەیە کە خاوەنەکەی -خۆشی بێ و ترشی بێ- ناچاردەکات پێوەی پابەند بێت..).

٣- زانستی شەرع بە پێی ئەنجامدانی دوو جۆرە: فەرزی عەینی و فەرزی کیفایە:

١- فەرزی عەین: ئەوەیە کە شەرع داوای لە یەك یەکی موکەللەفەکان کردووە کە بیکەن، هیچ موکەللەفێك بۆی نییە لەجیاتی موکەللەفێکی تر بیکات. وەکو نوێژو زەکات کە لەسەریەکێك فەرز بوو بێت، یان دوورکەوتنەوەی یەك یەکی موکەللەفان لە حەرام.

٢- فەرزی کیفایە: ئەوەی کە شەرع داوای لە کۆمەڵێك -نەك یەك یەك- لە موکەللەفان کردووە ئەنجامی بدەن، بە شێوەیەك کە ئەگەر ئەو کۆمەڵە ئەو فەرزەیان ئەنجام دا، بەشداربوونی ئەوانی تر لە ئەنجامدانیدا لەسەریان فەرز نامێنێت، بەڵام ئەگەرکۆمەڵێك ڕەنجیان بە ئەنجامدانی فەرزەکە خستە کارو پێیان ئەنجام نەدرا، موکەللەفانی تر نەهاتنە یارمەتییان، ئەو کاتە هەر هەموویان گوناحبار دەبن، چونکە ئەنجامدانی ئەو فەرزەیان ئیهمال کردووە. وەکو فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپەو نوێژی سەرجەنازەو..هتد .

٤- دوای زانینی جۆرو فەرزێتی زانستی شەرعی، ئینجا کۆمەڵێك مەرج دێتە ڕێی قوتابی شەرعناسیی، لە هەموویان دژوارترو گرنگترو لەپێشتر خواوویستیی (اخلاص)ە.. واتە خوێندنی ئەو زانستیانە لەبەر خاتری خوای گەورە.. بۆ خواناسین و خواپەرستی، تەنانەت نابێت بە ئومێدی ئەوەش بخوێنێت کە دەبێتە مەلاو داعی و چاوساغی خەڵکی، چ جای بۆ ئەوەی بێت پێی بڵێن: زانایە!! ئەمە ڕەنج بە خەسارییە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمَاً مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجهَ

اللهِ عَزّ وجَلَّ لا يَتَعَلَّمُهُ إلَّا لِيُصيبَ بِهِ عَرَضَاً مِنْ الدُّنيا لَمْ يَجِدْ عُرْفَ الْجَنَّةِ يَومَ الْقِيامَةِ)[٦] واته: هەر کەسێك زانستیەك فێر بێت لەوەی کە مەبەست لێی ناسین و پەرستنی خوای گەورەیە، بەڵام ئەو بۆ مەبەستێکی دنیایی فێری ببێت، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا بۆنی بەهەشتی بەسەردا نایات ..

٥- مەرجی تر کە دەبێت قوتابی زانستی شەرعیی بیزانێت و پێوەی پابەند بێت زۆرن بەڵام ئێمە لێرەدا سیانیان بۆ بیر خستنەوە دێنینەوە :

- دڵی بەو پلەو پاداشتە خۆش بێت کە خوای گەورە بۆی داناوە، با خۆی بخاتە ئەو ئاستەوە کە شیاوی وەرگرتن و گەیاندنەوەی زانستی شەرع بێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أدْنَاكُمْ)[٧] واتە: پلەو پایەو گەورەیی زانا بەسەر خواپەرستدا وەکو پلەو پایەی من وایە بەسەر نزمترین ئاستی ئێوەدا!! یەك ساتێك ڕاوەستە لە ئاستی ئەم بەراورد کردنە سەرنجدەو رامێ..

- هەمیشە لەو قەناعەت و هەست و هۆشەدا بێت کە مانەوەی ئەم دینە بە هەبوونی زانای شارەزاو ئازاو بۆ خوا سوڵحاوەوە بەندە، کەی زانای پسپۆڕو بەجەرگ لە کۆمەڵگەیەکدا نەما، ئیتر خەڵکی دوای وێڵ دەبن، چونکە هەر کەس بە ناوی دینەکەوە بانگیان بکات رووی تێ دەکەن و ئەو چەواشەکارانەش هەڵیان دەخەڵەتێنن و بە دینەکە سواری ملێیان دەبن: (إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا ،

---

[٦] سنن أبي داود (٣٤٦/٢) ژمارە (٣٦٦٤) شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير وزيادته (١١١١/١) ژمارە ١١١٠٤) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[٧] سنن الترمذي (٥٠/٥) ژمارە (٢٦٨٥) شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير و زيادته (٧٦٧/١) ژمارە ٧٦٦٢) دا بە سەحیحی ناساندووە.

يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالاً فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)[٨] واته: خوای گەورە ئەم زانستیە شەرعیە بە لە دەست دەرهێنان و راپسکان و داڕنین لانابات، بەڵکو بە نەمانی زانای شارەزا دەبێت کە لە نێواندا نایهێڵێت، ئیدی کە زانایەك نەما شوێنی کەون، ئەو خەڵکە کەسانی نەفام و نەزان دەکەنە پێشەوای خۆیان و شوێنیان دەکەون، بەوەش گومڕا دەبن، چونکە خەڵکەکە لێیان دەپرسن، ئەوانیش بە بێ هەبوونی زانستی شەرعی وەڵامیان دەدەنەوە، ئاوا هەم خۆیان گومڕا دەبن، هەم ئەوانیش گومڕا دەکەن ..

- باشتر وایە قوتابی شەرع بە شێوازی فەقێیەتی زانستە شەرعیەکان بخوێنێت، کە بە داخەوە لەم زەمانەی ئێمەدازۆر کەم بۆتەوە.. نە مەلا ماوە فەقێ ڕاگرێت و نە قوتابیش پەی بە گرنگی ئەم شێوازە ئیسلامیە قەدیمیە دەبات.. بەڵام نەبوونی ئەمە نابێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی کە قوتابییەکە بچێتە لای کەسانی شەرعناس و زانینەکەی خۆییان نیشان دات تا دڵنیا بێت کە زانستیەکانی راست و دروست وەرگرتوون.. ئەگەر نەبوو، ئەوە لەبەر کتێبی موعتەبەرو متمانە پێکراویش دەشێت زانستیەکە وەرگرێت کە لە زاراوەی شەرع خوێندندا پێی ووتراوە (ویجادە)، واتە وەرگرتنی زانستی شەرع لە کتێبەوە، چونکە ئەمەیان باشترە وەك لەوەی بچێتە لای مەلای مونحەریف.. سوود وەرگرتنیش لە ئینتەرنێت ڕێگایەکی زۆر باشە بۆ چاوکردنەوەو شارەزابوون و بیرفراوانی..

---

[٨] بوخاری (١/٥٠ ژمارە ١٠٠).

٦- دەبێ قوتابی شەرع کۆمەڵێك سیفەت هەیە لە خۆیدا بیانهێنێتە دی، دەنا دوا دەکەوێت، یان دەستی لەو پلەو ئاستە بەرێزە گیر نابێت کە خوای گەورە بۆ زانایانی داناوە، لەوانە:

- دەبێ زۆر بێ هەواوفیز بێت لە وەرگرتنی زانستی شەرعدا، تا زیاتر فێربێت باشتروایە هەروا خۆی نیشاندا کە هێشتا ماوێتی فێرببێت، هەمیشە خۆی لە ئاستێکی کەمتردا دابنێت وەك لەوەی دەتوانێت، باشترە وەك لەوەی خۆی بخاتە ئاستێکی بەرزترەوە کە دوایی ناتوانێت ئاسان بیبڕێت و لێی دەبێتە کۆڵێکی قورس، ئەمەش وای لێ دەکات بێزار ببێت لە وەرگرتنی زانستیە شەرعیەکەو بەردەوام بوونی..

- ئەو زانستیە شەرعیە گشتیانە بخوێنێت کە چاوی دەکەنەوە.. پاشان هەوڵ بدات خۆی لە بوارێکدا بکاتە پسپۆڕ کە زیاتر مەیلی بەلایدا چووە، بۆ نموونە بەشێك لە هەموو زانستەکان دەخوێنێت، لەو ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت زۆری حەز لە تەفسیرە یان لە فەرموودەیە، یان لە شەرع (فقه)ە.. لەمەوەیە کە ڕێسایەکیان بۆ فێرخواز داناوە کە دەڵێ: ( تَعَلَّمْ مِنْ كُلِّ عِلْمٍ شَيئَاً، وَتَعَلَّمْ مِنْ عِلْمٍ كُلَّ شَئٍ) واتە: لە هەموو زانستیەك شتێك بزانەو لە زانستیەکیان هەموو شتێك بزانە ..

- لەش سووك و هیممەت بەرز بێت، فێربوونێك کە ئەمڕۆ بۆی لواوە دوانەخات، کتێبێك کە ئەمڕۆ دەستی کەوتووەو بواری سەیرکردنی ئیهمال نەکات، زۆر بایەخ بە ڕواڵەت و پۆشاك وخۆڕازاندنەوە نەدات، بە دەسکورتی زانست فێر بێت باشترە، قوتابی دەوڵەمەند زۆر دەخوات و زۆر دەخەوێت و کەم هیممەت و نازونووز زۆرە!

- نەبێتە دەم سپی کۆڕی شەرع و خۆی لێ ببێتە بەرپرسی فەتوادان، کە وەڵامی پرسیارێکی شەرعی دەزانی باشە وەڵامەکە بداتەوەو دوای نەخات.. وەڵامێك نەداتەوە تا ڕاوبۆچوونی زانایانی لەسەر نەزانێت.

٧- زۆر پێویستە خۆی لەو سیفەتە بەدو ناپەسەندانە بگرێت، کە لە ناوەندی قوتابیان و زانایانی شەرعدا دروست بووە، لەوانە:

- وا نەزانێت ئاسان دەتوانێت دین و دنیا پێکەوە لە یەك کاتی خوێندندا بگرێت، ناشێت دوکانداریش بێت و قوتابی شەرعیش! ناشێت بایەخی دنیایی زۆر بێت و بۆ زانستی شەرعیش لێبڕابێت. ئەوە لێبڕان نیە ..

- هەرگیز بە زیرەکی خۆیەوە نەنازێت، چونکە ئەوە بەهرەیەکی خواییەو دراوێتێ، بە رەنجی خۆی پەیدای نەکردووە.. نازین بە زیرەکی و دەرکەوتنەوە پەیژەی بوغرابوون و خۆ بەزلزانینەکەی ئیبلیسە.

- خۆی ناچار بکات لەسەر وەرگرتنی ئەو زانستیانەش کە حەزی لێییان نیەو زەرووین، یان ئارام بگرێت لەسەر شێوازی دەرس ووتنەوەی ئەو مامۆستایەی کە لە شانی گرانە! ناشێت لەبەر ئەوەی تەجویدەکەی لا قورسە بچێتە سەر زانیاریەکانی قورئان! یان لەبەر ئەوەی ئوسوڵی فیقهی پێ قورسە وازلەو زانستیە گرنگە بهێنێت و بڵێ دەی قەیدی نیە ڕێسا شەرعیەکان دەخوێنم.. یان بابەتێکی تر.. ئەوە نابێت، چونکە ئەم زانستیە شەرعیانە پێکەوە هۆنراونەتەوە بە شێوەیەك کە هەریەکەیان خزمەت بەوانی تر بکات.. هەر وەکو کە نابێت هەر ماوەیەو لای زانایەك یان لای داعیەك دەرس بخوێنێت.. ئەوە نیشانەی ڕاڕاییە کە نابێت قوتابی شەرع هەیبێت.

## فەرموودەی سێیەم :

### پێنج روکنی کۆمەڵکاریی

پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:

عَنِ الْحَارِثِ الأَشْعَرِيِّ أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:

وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ:
الْجَمَاعَةُ والسَّمْعُ وَالطَّاعَةُ وَالْهِجْرَةُ وَالْجِهَادُ فِي سَبِيلِ الله.
أخرجه أحمد[٩]

واتە: منیش فەرمانی پێنج شتتان پێ دەکەم کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووم: کۆمەڵکاریی، گوێڕایەڵی و ملکەچی و هیجرەت و جیهاد لە پێناوی خوادا ..

[٩] زۆرینەی فەرموودەوانان جگە لە ئیمامی بوخاری وموسلیم ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، وەکو ئیمامی ئەحمەد (١٣٠/٤ لە ژێر ژمارەی ١٧٢٠٩ و٢٠٢ ژمارە ١٧٣٤٤) ترمذي/كتاب الامثال (١٤٨/٥ ژمارە ٢٨٦٣ و١٨٦٧) تەبەرانی لە الكبير٣٢٤/٣)، ئیبنوخوزەیمە (٦٤/٢ ژمارە ٩٣٠)، بەغەوی لە شرح السنة ٤٩/١٠) ریوایەتیان کردووە، هەروەها نەسائی و حاکم و بەیهیقی و هی دیکەش.. ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير و زيادته) دا دەفەرموێ (اسناده صحيح) ژمارە ١٧٢٤ و١٧٢٨ لە (صحيح الترغيب و الترهيب) دا دەفەرموێ: (صحيح) لەوێش ژمارەکەی (٥٥٢)ە.

## راویەکەی

سەیدنا ئەلحارسی کوڕی ئەلحارسی ئەشعەری، ناسراو بە ئەبومالیك، ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە کتێبی (الإصابة في تميز الصحابة)ە کەیدا دەفەرموێ: ئەو یاوەرانەی کونیەی ئەبو مالیکیان هەیە زۆرن، بەڵام سەیدنا حارس بە ناوو کونیەکەیەوە بەناوبانگەو یاوەری پێغەمبەری خۆشەویستە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لەگەڵ سەیدنا ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح و سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەل و سەیدنا شورەحبیلی کوڕی حەسەنە لە عامواس لە شام تاعوونیان گرت و لە یەك ڕۆژدا کۆچی دواییان کرد.. ناوو کونیەی ئەم یاوەرە بەڕێزە لەگەڵ ناوو کونیەی سەیدنا ئەبومالیك عاسیمی ئەشعەری و ئەبومالیکی دیکە تێکەڵ بووە، بەڵام فەرموودەوانان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەوەی ئەم فەرموودەی ڕیوایەت کردووە ئەم ئەبومالیك حارسی کوڕی حارسەیە..

## لێکدانەوەی فەرموودەکە

ئەم فەرموودە پیرۆزەش وەکو هەزارانی دیکە دەیان ڕێنمایی لە خۆ گرتووە کە بەشێکە لەو ئاڕاستە ڕەسەنەی ئیسلامی مەزن بۆ داڕشتنی پارسەنگانەی کەسایەتی موسوڵمان هێناوێتی . سەرەتا پێشەوای مەزن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نموونەی دوو لە پێغەمبەرانی پێش خۆی سەلامی خوایان لێ بێت دێنێتەوە کە چۆن ئامۆژگاری میللەتانی خۆیان بۆ خواناسییەکە بە ئاشکرا کردووە، پێشەوای خۆشمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر بە هەمان شێواز ئامۆژگارییە گشتیەکەی ئەوان دەگێڕێتەوە وەك ئەوەی کە بۆ ئێوەشە، پاشان لەسەر باسکراوەکانی ئەو زاتە بەڕێزانەوە دەفەرموێ منیش ئامۆژگاری دیکەتان دەکەم بە گرتنەبەری پێنج روکنی تەفاعوولی کۆمەڵایەتی کە ئوممەتەکەتانی پێ پێك دێت و تا پێیەوە پابەند بمێنن بە سەلامەتی و بەهێزیی

دەمێننەوە، هەروەها بزاڤی گۆڕانکاریتانی لەسەر دادەمەزرێت کە بە هەمووتان دەتوانن کۆمەڵگە جاهیلیەکەی دەوروبەرتان بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی بگۆڕن، گرنگە هۆش بدرێتە ئەوەی کە پێشەوای خواوویستی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرنجی هەموومان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە ئەوە فەرمانێکەو خوای خاوەنمان فەرمانی پێداوو ئەویش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە هەموومانی رادەگەیێنێتەوە! یەعنی زۆر بە هەند وەری گرن و دەستەبەری کەن.. ئەو پێنج روکنەش بریتین لە: کۆمەڵکاریی و ملکەچی و گوێڕایەڵی و هیجرەت و جیهاد :

١- کۆمەڵکاریی (الجماعة): هەموو کەس دەزانێت کە ئیسلام دەسەڵاتی سیاسی خۆی کە سیستمی خیلافەتە بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بە سەر نیوەی دنیادا کێشا! پاشان لە ١٩٢٤دا لەسەر دەستی مستەفا کەمال هێماو سونبولی ئەو خیلافەتە (کە دەوڵەتی عوسمانی بوو) ئیلغا کرایەوە، ئیدی کارکردن بۆ هێنانەوەی دەسەڵاتی ئیسلام و سەروەری شەرع لەسەر یەك یەکی موسوڵمانان بووەوە بە فەرزی عەین و لای دوژمنانی ئیسلامیش بووە تاوان! فەرزی هێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی خیلافەت و سەروەریی شەرع بە تاك تاکی موسوڵمانان ناکرێت، ئەستەمە تاکڕەو بتوانێت جارێکی تر دارالاسلام دروست کاتەوە، لەبەر ئەمەیە کە کۆمەڵکاریی فەرزێکی دیکەیە، کۆمەڵکاریی پێشەکیەکی سەرەکی کار کردنە.. عبدالقادر عبدالعەزیز لە کتێبی (العمدة ل ٨٣) دا دەفەرموێ: (لە زەمانی نەمانی حوکمی ئیسلامی و خیلافەتەکەیدا، ئەگەر کۆمەڵە موسوڵمانێك لەسەر ئەوە کۆببنەوە کە ئەرکەکانی دین جێبەجێ بکەن ئەمە نەك هەر شتێکی پەسەندە بەڵکو خۆی لە خۆیدا فەرزە، چونکە هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە دروشمەکانی پەرستن، ئەوانەی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن وەکو جیهادو فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە

خراپەو ئەوانی دیکە بە نەمانی خیلافەت، وازیان لێ بهێنرێت و وەلا نرێن! ) ئەوە بۆچوونی ئیمامی ئیبنو تەیمییەو ئیمامی شەوکانیشە..[١٠]

کۆمەڵکاریی کە لەم فەرموودەیەدا هاتووە، وەکو هەموو فەرموودەکانی دیکەی ئەم باسە هەرجەخت کردنەوەیە لەسەردوو شت :

یەکەم: پابەندبوون بە دیدو ڕێبازی سەلەف: کە بەرنامەی ڕاست و دروستی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چونکە لە فەرموودەی (الفرقة الناجية)[١١] دا روون دەبێتەوە کە ئوممەتکەی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەت لەت دەبێت بۆ حەفتاوسێ دەستەو تاقم، هەموویان لە دۆزەخدا دەبن جگە لە یەکێکیان، ئەویشیان ئەوەیانە کە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەری نازدارە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وەك دەفەرموێ: (وإنَّ أُمَّتِي سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثِنْتَينِ وَسَبْعِينَ فِرْقَه كُلُّهَا فِي النَّارِ إلَّا فِرْقَةً وَاحِدَةً وَهِيَ الْجَمَاعَةُ)[١٢] لەمەوە بوو کە ئیبنومەسعوود فەرمووی: (الْجَمَاعَةُ مَا وَافَقَ الْحَقَّ وَإِنْ كُنْت وَحْدَك)[١٣] واتە: کۆمەڵکارییەکە ئەوەیە کە لەسەر

---

[١٠] بروانه: ابن تيمية / مجموع فتاوى / ٢٨ / ٦٢، الشوكاني/ نيل الاوطار ٩/١٥٧ ..

[١١] ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە کتێبی (اقتضاء الصراط المستقيم)دا دەفەرموێ ریوایاتی فەرمودەی فیرقەی ناجیە یازدە فەرموودەن و لە پازدە یاوەرەوە گێڕراونەتەوە، وەکو (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ أَوْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ ظَاهِرُونَ عَلَى النَّاسِ) بوخاری و موسلیم و ئیمامی ئەحمەد گێڕاویانەتەوە.

[١٢] شێخی ئەلبانی :صحيح ابن ماجة ژمارە (٣٢٤٢).

[١٣] رواه اللَالكائيّ في شرح أصول اعتقاد أهل السنَّة والجماعة (١/١٢٢) رقم(١٦٠)، ترمذي(٤/٦٧)شێخی ئەلبانی دەفەرموێ سەحیحە لە مشكاة المصابيح(١/٦١) .

حەق بمێنیتەوە با بەتەنهاش بیت.. ئەمەش ئەوەیە کە لەسەر مەنهەجی ئەهلی حەل و عەقد بیت، کە پێشەوایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەتن و بە قورئان و سوننەتەوە پابەندن..

دووەم: ملکەچی و گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ئیسلام و لێ یاخی نەبوون و خۆرانەپسکان لێی، ئەمەشە مانای ئەو فەرموودانەی کە جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر کەسێك لە (الجماعە) بستێك دوور کەوێتەوەو بمرێت مردنەکەی مردنێکی جاهیلییە، یەعنی بە دوور کەوتنەوەکەی گوناهبار بووە. وەکو ئەوەی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ رَأَى مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ فَإِنَّهُ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا فَمَاتَ إِلَّا مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً) یان: (فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإسلامِ مِنْ عُنُقِهِ) متفق عليه[١٤]،واتە: هەر کەستان شتێکی لە ئەمیرەکەی دیت کە پێی ناخۆش بوو، با سەبری لەسەر بگرێت، چونکە هەر کەسێك مەسافەی بستێك لە کۆمەڵ دوورکەوێتەوەو بمرێت، ئەوە مردنەکەی جاهیلییانەیە، لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ: ئەوە ئیسلامەتیەکەی لەبەرخۆی داماڵیووە..

کەوابوو ئەسڵ ئەوەیە کە مرۆڤی موسوڵمان بە شوێن هەق بگەڕێت، هەقیش ئەوەیە کە بە بەڵگەی شەرعی سەلمێنرابێت، هەڵوێستی دروستیش لە کۆمەڵکاریدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئیسلامی هەبوو بچیتە ژێر دەسەڵاتی و وەلائی خۆتی بدەیتێ، ئەگەر نەبوو - وەکو ئەم زەمانەی ئێستای ئێمە - پێویستە لەسەر بەرنامەی ئیسلام بمێنیەوە کە مەرجە لە دیدو پێناسەو ڕێبازی سەلەفەوە وەرت گرتبێت..

[١٤] بوخاري/الفتن (٧٠٥٤) موسليم/الامارة (ژمارە١٨٤٩) احمد ٣١٠/١ الدارمي/السير ٢٥١٩ ..

بۆ کاری کۆمەڵکاریشت دەبێ تەماشای ساحەکەت بکەیت بزانیت کام کۆمەڵە ئیسلامیەیان لە مەنهەجی سەلەفەوە نزیکە، کامیان زۆرترین سیفەتی دەستەی سەرخراو (تائیفەی مەنسوورە)ی بەسەردا دەچەسپێت تابچیتە ناو ئەویان و لە کاری خێریاندا کە بەڵگەی شەرعییان لەسەری هەیە سەریان خەیت، لە بیدعەو ناشەرعیشدا ئامۆژگارییان بکەیت وخۆت تەسلیم بە راوبۆچوونی وایان نەکەیت..

٢- السمع: گوێڕایەڵی: دەربڕینی گوێڕایەڵی بۆ ئەمیر خواپەرستیە، چونکە لە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خواوە هاتووە، گوێڕایەڵی یەکەمین هەنگاوی کۆمەڵکاریی و سەرەکیترین پایەی مانەوەی یەکدەنگی موسوڵمانان و یەکڕیزیی و هێزیانە، گوێڕایەڵی ئەمیر ناوکۆیی ناهێڵێت، بهێنە پێش چاوت : ئەگەر سێ کەس هاوڕێی سەفەر بوون و یەکیان بوو بە ئەمیریان بەڵام کەس بە قسەی نەدەکرد و هەر یەکە رای خۆی پێ پەسەندبوو، ئەو ئەمیرە نەیتوانی ناکۆکیەکان چارەسەر کات و راجۆرەکان حەسم کات، ئایا سەفەرەکەیان پێ تەواو دەکرێت؟ یەکێك بڵێ لا دەدەم و یەکێکی تر بڵێ بەردەوام دەبم، یەکێك بڵێ شەو بڕۆین و یەکێکی دیکەیان بڵێ شەو نەڕۆین.. ئایا دەگەنە حەل؟ ئەمە لە سەفەرێکدایە کە چارەنووسی پێوە نەبەستراوەتەوە، ئەدی لە پێکەوەنانی ئوممەت و بزاڤی گۆڕانکاریی و هەڵگرتنی کۆمەڵکارانەی بانگەوازیی خواییدا چۆن کار بەو خۆبەسەرییە دەچێتە پێشەوە؟! چۆن هەر کەس راو بۆچوونێکی هەبێت وکەس بە قسەی ئەمیرەکەی نەکات، ناوکۆییەکان حەل دەبن؟! گوێڕایەڵی یەعنی تەنازوول کردن لە دیدو رای خۆت بۆ راو بۆچوون و ئیجتیهادی ئەمیرەکەی کە لە هەمووان دید فراوان و بیر تیژترو داناترە. لەوانی دیکە بە ئەزموونترە، یان بە پیاوانێکی راوێژکار دەورە دراو.. ئەگەر هەر ئەندامێك سوور بوو لەسەر راو بۆچوون و راو هەڵوێستی خۆی، ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە لە چیدا هاوڕا دەبن؟! لە هیچدا!! نابینیت خوای گەورە دەفەرموێ: (لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلاَّ اللَّهُ

لَفَسَدَتَا) الأنبياء/٢٢واتە: ئەگەر ژیان دوو خوای تێدا بوایە ئاسمانەکان و زەمین خراپ دەبوون.. لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوەیە کە زۆر لە شەرعناسانی وەکو ئیمامی ماوەردی رحمه الله ڕێسایەکی لە کتێبەکەیدا (الأحكام السلطانية ل٢٧) تۆمار کردووە کە دەفەرموێ: ناشێت لە یەك کاتدا دوو خەلیفە هەبێت، چونکە خراپەکاریی لێ دەکەوێتەوە.

٣-ملکەچی: ئەمەش وەرگرتنی فەرمانەکەو جێبەجێ کردنێتی، ئەمیش هەر خواپەرستیە، جێبەجێکردنیشی فەرزە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ)النساء/٥٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ملکەچی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خواو ئەو کاربەدەستانە بن کە لە خۆتانن.. ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: زانای شەرعناس (ئەتتیبی) فەرموویەتی: ئایەتەکە دوو جارووشەی (أَطِيعُواْ)ی دووبارە کردۆتەوە تا ئەوە روون بکاتەوە کە ملکەچی بۆ خواو ملکەچی بۆ پێغەمبەرەکەی هەر یەکن، بەڵام ملکەچی و گوێڕایەڵی کاربەدەستان بە جیا هاتووە لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نیە، ئەو مانایەشی لێ دەفامرێتەوە، کە لە کاربەدەستاندا هەیە کە گوێڕایەڵی کردنی شیاو نیە.. بۆیە لە دوای ئەوە ئایەتەکە دەفەرموێ : (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ)النساء/٥٩ واتە : ئەگەر لەسەر شتێك ناکۆکی و ململانێتان کەوتە نێوانەوە، ناوکۆییەکان بگەڕێننەوە لای خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..(فتح الباری١٣/١١٢). پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ قایمکردنی ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەمیرەکان دەفەرموێ: (مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ يَعْصِنِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَمَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي وَمَنْ يَعْصِ الأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي) متفق عليه، واتە: هەر کەسێك ملکەچی و گوێڕایەڵی من بکات، ئەوە ملکەچی و گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردووە، هەر کەسێکیش سەرپێچی فەرمانی من

بکات، ئەوە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کردووە، هەر کەس گوێڕایەڵی ئەمیر بکات، ئەوە گوێڕایەڵی منی کردووە، هەر کەس سەرپێچی ئەمیر بکات، ئەوە سەرپێچی منی کردووە.. ئەم پلە بەرزەی کە پێغەمبەری سەرکردەمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیداتە ئەو ئەمیرانەی لە ئوممەتەکەیدا دەبنە کاربەدەستی موسوڵمانان لەبەر ئەوەیە کە ببنە مایەی پاراستنی یەکێتی ئوممەتەکەو پاراستنی شەریعەتەکە، بۆیە مەرجە کە ئەمیرەکە سەرڕاست و دادپەروەر بێت، چونکە ئەو بە خۆشەویستی موسوڵمانان بۆ دینەکەیان بۆتە ئەمیر تا شەریعەتەکەی خوا راپەڕێنێت. چونکە مانای (فَقَدْ أَطَاعَنِي) ئەوەیە: ئەوکەسە شەریعەتەکەی منی راپەڕاندووە..

گوێڕایەڵی کردن (السَّمْعُ) راو بۆچوونەکەکان دەکات بە یەك، ملکەچییەکە (الطاعَة) بۆچوونەکە لە مەیدانی کردەوەدا دەچەسپێنێت، گوێڕایەڵی کردنەکە قەناعەتی راپەڕاندنەکە دروست دەکات و ملکەچییەکە جێبەجێ کردنی هەنگاو بە هەنگاوی نەخشە کۆمەڵکاریەکە نیشان دەدات.. هەر کۆمەڵێك قەناعەتی بە راو بۆچوونی ئەمیرەکەی کردو گوێڕایەڵی بۆ دەربڕی، حەتمەن کاری دەچێتە پێشترو ئومێدی هێنانەدی ئامانجی کۆمەڵکارییەکە نزیك تر دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر فەرمانێك لە ئەمیرێکی شەرعیەوە دەرچوو بوو بەڵام ئەندامان یان زۆرینەیان وەریان نەگرت و جێبەجێیان نەکرد، ئەو ئوممەتە چۆن دەتوانێت یەکگرتوویی خۆی بپارێزێت، چۆن دەتوانێت ببێتە جێ ئومێدی ئەو ئەمیرە؟! ئەدی ئەو ئەمیرە دەسەوسانە کێی بە دەستەوە دەمێنێت تا ووزەی لە هێنانەدی ئەو ئامانجە گەورەیەدا بخاتە گەڕ کە پێکەوەنانی ئوممەت و دارالإسلامە؟! چۆن دەتوانێت خۆی و کۆمەڵەکەی لە تۆڕو تەڵەی دوژمن و تین و فشارو بەربەستی رێ دەرکات؟! بۆ نموونە ئەگەر ئەمیرێك فەرمانی دەرکرد کە فلان باس تا دوو ساڵ لاتان بە نهێنی بمێنێتەوە، ئەگەر چەند ئەندامێك ئەم نهێنیەیان درکاند حەتمەن ئەمیرو کۆمەڵەکە هەرچی نەخشەیەکیان

لەسەر نهێنێتی ئەو باسە دامەزراندبێت دەبێت بیگۆڕن و حسابێکی تر بۆ گورزی دوژمن بکەنەوە!! حوکمی شەرعی ئەم نهێنی درکاندنە حوکمی خیانەتە!

گوێڕایەڵی نەکردنی ئەمیر گەورەترین خوزلانێتی، وەك ئەوەیە کۆمەڵێك کەس ئەمیرەکەیان هان دەن هەڵوێستێك لە سیاسەتێکدا بگرێتە بەر، ئەویش بە غیرەت و ئازایەتی ئەوانەوە ئەو هەڵوێستە ڕاگەێنێت، بەڵام ئەمان یەك یەك و دوو دوو خۆ لە هەڵوێستەکەو کاردانەوەی بدزنەوە!! ئەوسا چی دەقەومێت؟! ئەمیر خۆی و چەند کەسێکی دیکە بێ پشتیوانی بەشەریی دەکەونە بەر هێرشی دوژمن و لەوانەیە هەموویان خۆ نەگرن و ڕەنجی کۆمەڵکاریی چەند ساڵی ڕابوردووی هەموویان بە هەدەر بچێت!!

٤-هیجرەت: فەرموودەکە هیجرەتی پێش جیهادەکە هێناوەتەوە چونکە هیجرەت پێشەکی جیهادە، دەسپێکی هەنگاوی یەکەمی خۆ ئامادەکردنە، هیجرەت و خۆئامادە کردنیش وەکو دەسنوێژی نوێژن.. هیجرەت کردن لە دارالکوفرەوە بۆ دارالاسلام (ئەگەر هەبوو) یان بۆ دارالامان کارێکی بەردەوامەو تا قیامەت هەر دەمێنێت، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا تَنْقَطِعُ الهِجْرَةُ حَتَّى تَنْقَطِعَ التَّوبَةُ، ولا تَنْقَطِعُ التَّوبَةُ حَتَّى تَطْلُعُ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا)[١٥] واتە: هیجرەت کۆتایی نایات تا تۆبە کردن بمێنێت تۆبەش دەمێنێت تا ئەو ساتەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت (کە سەرەتای هاتنی قیامەتە)..

- یەکێك لە ماناکانی هیجرەت : وازهێنانی موسوڵمانە لە گوناح.

[١٥] ئەبو داوود لە معاویەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاوێتیەوەو شێخی ئەلبانی ڕەحمەتیش لە (ارواء الغلیل ٥/٣٣) دا بە سەحیحی داناوە..

- مانایەکی تری هیجرەت هەڵاتنە لە دەستدرێژیی و قوتارکردنی دین و گیانە لە چەوسانەوەی کافران، ئەمەش لە دارالکوفرەوە دەبێت بۆ دارالاسلام یان بۆ دارالامان کە پەنابەرێتیە، وەکو حەبەشەی سەردەمی یەکەمی بانگەوازی ئیسلام لە مەککە یان ئێستای ئێمە لە رۆژئاوا..

- مانایەکی تری هیجرەت کە کاریگەریی لەسەر بزاوتی ئوممەت و هێنانەدی ئامانجەکەی هەیە ئەوەیە کە هیجرەت قۆناغی دووەمی ستراتیژێتی پێکەوەنانی دارالاسلامەکەیە، چونکە کۆبوونەوەی هەموو ووزەکانە لە جێیەك و بەگەڕخستنی دەستە جەمعییانە لە گۆڕەپانی جیهادەکەدا.. بۆیە ووتراوە هیجرەت پۆستی سەرکەوتنە.. لەم روانگەوەیە کە پێغەمبەری سەرکردەو پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ : (لاَ تَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ مَادَامَ الْعَدُوُّ يُقَاتَلُ)[١٦] واتە: تا دوژمن شەڕکات هیجرەتیش کۆتایی نایات..

ئەم هیجرەتەی موسوڵمان یان بەو ئومێدەیە کە لەگەڵ براکانی تریدا مەئوایەك سازکات و بیکاتە پێگەی جیهادو خەڵکی تری بۆ هاندات تایێن و بە هەموویان دارالاسلامێك لەو مەئوایە پێکەوە بنێن، یان خۆ کۆکەنەوەو ببنە خاوەن هێز بۆ گەڕانەوەیان، یان بۆ ئەوەیە کە بچێتە ریزی موسوڵمانانی ترو موجاهیدانی شوێنێکی تربەهێزکات..

هەموو موسوڵمانان لە کردن و نەکردنی هیجرەتدا وەك یەك نین:

- هەیانە ناتوانێت ئیسلامەتیەکەی راگەیێنێت و بانگەوازی خوایی بڵاو بکاتەوە، ئەمە هیجرەتی لەسەر فەرزەو دەبێ بیکات ..

---

[١٦] ئیمامی ئەحمەد لە عبداللهی کوڕی السسەعدیەوە گێڕاوێتیەوە و شێخی ئەلبانی لە (ارواء الغليل٥/٣٣) دا بە سەحیحی ناساندووە..

- هەیانە لەبەر بێ هێزیی و نەشارەزایی و دەسکورتی و قورسی باری ژیانی ناتوانێت هیجرەتەکە بکات وەکو ژنان و زارۆك و پیاوانی پیرو پەك کەوتە.. ئەمانە هیجرەتیان لەسەرفەرز نابێت..

- هەیانە دەتوانێت هیجرەت بکات بەڵام لەبەر ئەوەی پشتیوانێکی هەیە دەتوانێت لەو شوێنە بمێنێتەوەو دینەکەشی ئاشکرا کات، لە مانەوەشیدا خزمەتی زیاتری موستەزعەفان دەکات و بانگەوازی خۆشی دەکات، هیجرەت لەسەر ئەمیش فەرز نیەو ئەمیش دەتوانێت تا بواری کارکردنی مابێت بمێنێتەوە بە تایبەتی ئەگەر ئەمیری کۆمەڵکارییەکە ڕێی مانەوەی پێدا بێت.

٥- جیهاد: بڕبڕەی شەرع و دەست و مشتی موسوڵمانان و پەرژینی خیلافەتە، ئەو کەسەی بانگەوازی خوایی پێگەیشت و کەللەڕەقانە هەر بەرهەڵستی کرد، هەقی خەڵکیە بێ دەسەڵات بخرێتە لاوە، خوای گەورە لە سەردەمانی سەیدنا موساوە سەلامی خوای لێ بێت دوای ئەوەی خۆی بە لوتف و هێزی خۆی فیرعەون و لەشکرەکەی بۆ نقوومی دەریا کردن، جیهادی بۆ هاتنە کایەوەو مانەوە لەسەرفەرز کردن ئاواش لەسەر ئوممەتی محمدی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرز کرد (القرطبی ٢٦٨/٨).

جیهاد بە نەفس و بە سامان و بەزمان دەکرێت، هەروەکو کە پێغەمبەری بەڕێز صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی سەحیحیدا دەفەرموێ: (جَاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ بِأَمْوَالِكُمْ وَ اَنْفُسِكُمْ وَ اَلْسِنَتِكُمْ) ئەبو داوود، واتە: جیهاد دژی موشریکەکان بە نەفس و ماڵ و زمانتان بکەن ..

جیهاد دوو جۆرە:

- جیهادی تەڵەب: ئەوەیە کە موسوڵمانان دەسەڵات و هێزیان هەیەو بە شوێن کافراندا دەچنەوە.

- جیهادی دەفع: ئەوەیە کە موسوڵمانان هێرشیان کراوەتە سەرو بەرگری لە خۆیان دەکەن ..

جیهاد بە پێی فەرز بوونی دوو جۆرە: فەرزی عەین: کە لەسەر یەك یەکی موسوڵمانان وەکو نوێژەکە فەرز دەبێت.. فەرزی کیفایە (کە ئەگەر کۆمەڵێك موسوڵمان جیهادیان ئەنجام داو پێیان هەڵسوڕا، فەرزێتیەکەی لەسەر باقی موسوڵمانان دەکەوێت)..

لەبەرکاریگەریی جیهادە کە خوای گەورە لە ٤١ شوێندا فەرموویەتی موسوڵمانان، لە ٤١ شوێنیشدا فەرموویەتی جیهاد!! یەعنی مانەوەی موسوڵمانان بەو جیهادەوەیە.. لەبەر گرنگی ئەو جیهادەیە دەبینی لای بوخاری ٥٥ فەرموودەو لای موسلیم ٦٩ فەرموودەو لای ئەبو داوود ٣٨ فەرموودەو لای نەسائی ٥١ فەرموودەو لای ترمزی ٤٥ فەرموودەو لای ئیبنو ماجە ٣٢ فەرموودە لە باسی جیهاددا هاتووە!!

هەرئەم جیهادەو ئەرك و مەیدانەکانێتی کە ریزی موسوڵمانان لە دەروونی دەغەڵ و دڕك و داڵی دووڕوویی و ترسنۆکی و دنیاوویستی پاك دەکاتەوە.. چونکە شوێنی تاقی کردنەوەی باوەڕو خۆهەڵکێشانی قسە زل و فشەکەرانە!! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ : (مَّا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىَ يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ) ال عمران/١٧٩ واتە : ناشێت خوای پەروەردگار هەر وا لە موسوڵمانان گەڕێت (تاقییان نەکاتەوە) هەر وا ئەو حاڵەتەی تێیدان بەردەوام بێت، نا، هەر دەبێت پاك و پیسیان هەڵاوێرێت.. ئەمەش بە جیهادەکە دەبێت.. بۆیە ئەوانەی موسوڵمانی خواوویست و جوامێرن، ئەوانەی سەر ڕاست و دینداری جیددین،

ئەوانەی باوەڕیان بە هێزو توانای خوای خاوەنیان بەهێزە، سوورن لەسەرڕێ و هیچ هێزێکی دنیا ناتوانێت وورەیان بڕوخێنێت..

* * *

## فەرموودەی چوارەم:

### ئاوێنەیی موسوڵمان

عَن أَبي هُرَيرَةَ رَضيَ اللهُ عَنهُ قَالَ:

قَالَ رَسُولَ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (المُؤمِنُ مِرْآةُ أخِيهِ) حديث حسن[١٧]

لە ئەبو هورەیەرەوە خوا لێی رازی بێت گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: موسوڵمان ئاوێنەی براکەیەتی.

- لە ریوایەتی تریشدا هاتووە کە دەفەرموێ : (المؤمِنُ مِرْآةُ المُؤمِنِ)[١٨]

واتە موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانە.

### راویەکەی

سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت لە فەرموودەی یەکەمدا پێناسەیمان خستەڕوو..

[١٧] بوخاری لە کتێبی (الأدب المفرد) دا هێناوێتیەوە کە سێ بەرگەو شێخی ئەلبانی توێژینەوەی لەسەر کردووە، ئەمە کتێبێکی تری غەیری (الجامع الصحیح)ە کەیەتی ژمارە ٢٣٩ ل٧٠، هەروەها ئەبوداوود لە (کتاب الأدب ژمارە ٤٩١٨ ب٥/ ل٢١٧)و بەیهیقی لە(شعب الایمان ژمارە ٧٦٤٥ لە ب٦/ل١١٣). هەروەها بڕوانە: صحیح الجامع الصغیر/الالبانی ژمارە ٦٥٣٢ ب٦/ ل٦ وسلسلةالاحادیث الصحیحة ژمارە ٩٢٦ لە ب٢/٥٩٦.

[١٨] الألباني: صحيح الجامع الصغير/٦٥٣١ .

## لێکۆڵینەوەی فەرموودەکە

ئەم فەرموودە پیرۆزە دەیان خاڵی پەروەردەو ئاڕاستەی پەروەردەی پارسەنگی تێدایە. چونکە هێزی ڕەوانبێژی ڕستەکە -هەر چەندە کە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە، بەسە بۆ زانینی هێزی ڕەوانبێژی داڕشتنەکەی- بەڵام جێی خۆیەتی ووردو ژیرانە سەرنجی بدەینێ تا پابەندی بۆ خۆمان و دەوروبەرمان لێوە وەرگرین، دیققەت بدەرە لێچواندنەکە، سەیری سیفەتی ئاوێنە بکەو بە سیفەتەکانی خۆتی بەراورد بکە، بزانە تۆش وایت؟ گەر وا نیت، ئازابەو گلەیی و گازاندە لە خەڵکی مەکەو مەڵێ خەتای داعی و مامۆستاکانمان بوو! خۆت ڕاست کەرەوە:

١- ئاوێنە بە بێ دەنگ، بێ هەست بریندارکردن، بێ هات و هاوار نوقسانی دەخاتە ڕوو. تۆش وا بە.. تۆش بە شێوەیەکی بە ئەدەب و دوور لە هات و هاوار ئامۆژگاری خەڵك بکە، ئەم شێوە ڕەفتارە زیاتر ئامۆژگارییەکە دەچەسپێنێت..

٢- ئاوێنە کە نوقسانی یەکێکی خستە ڕوو، ئیتر عەیب و عاری کابرا لای خۆی ناهێڵێتەوە بۆی ناکاتە مەلەفی لاوازکردنی! لای خۆی هەڵی ناگرێت تا نابینا بیداتەوە بە چاویدا! یان بیکاتە هۆکاری لاوازی کابرا چ لای خۆی چ لای دۆست و ئەحبابانی، تۆش وا بە، شوێن عەیب و عاری مسوڵمانان مەکەوە. ڕق و قینت با نەتگەێنێتە هەڵدێری بوغزو قین و غەیبەتی موسوڵمانان مەکەرە بنێشتە خۆشەی سەر زارت، عەیب و عاریان کاوێژ مەکە.

٣- کەش و هەوای بەرفراوان و خێرو خۆشی، یان ناڕەحەتی و بارودۆخی نالەبار لە وەزیفەی ئاوێنەت نەکات، لە بەجێ هێنانی ئەرکی سەرشانیدا هیچ ڕوداوێك سستی ناکات - کاکی داعی- ئەوەیە لەسەر بانگەوازەکەی خۆت بەردەوام بیت. هەر بەوەندەی

شتێکت لێ قەوما، فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لە خراپە واز لێ نەهێنیت، تۆ بۆ شاهیدی دان ڕێنمایی کراویت، سست نەبیت و دڵت لە هیچ ڕوداوێك دانەخورپێت..

٤- ئاوێنە لە بەجێ هێنانی ئەرکی خۆیدا گوێ ناداتە بەرامبەرەکەی چییەو کێیە؟ دەوڵەمەندە یان هەژارە؟ گەورەیە یان بچوکە؟ ژنە یان پیاوە؟ دەسەڵاتدارە یان بێ دەسەڵات؟ هەرهەموانی لایەکە! لەبەرخاترو خۆترکەم تەرخەمی لە وەزیفەی خۆی ناکات، لە ترسان یان لە برسان منجە منج لە ووتنی حەق و سەرخستنیدا ناکات. چ جای ئەوەی حەقێك پێشێل کات.. ئەو شاهیدە، شاهیدیش ئازاو نەبەزە، شاهید لە هەڕەشەو کەندو کۆسپی ئەم و ئەو ناترسێ و لەسەر حسێبی حەقیش دۆستایەتی ناگرێت، موسوڵمانی ئاوێنەیی لە لۆمەی لۆمەکاران بێ باکە، دەتۆش وا بە.

٥- ئاوێنە دەزانێت کە ئاسمانەکان و زەوی لەسەر دادپەروەری دروست بوون، بۆیە ئەویش کە نوقسانی کەسێك دەردەخات جوانی و سیفەتە پارسەنگە ڕەسەنەکانیشی نیشان دەدات.. عەیب و عاری کابرای بینەر هەرچەند زۆر بن ئاوێنە ناهێڵێت جوانیەکان بشارنەوە. ئاوێنە لەگەڵ نیشاندانی ریپۆقەکەدا جوانی چاوەکەش نیشان دەدات. چونکە هەر نیشاندانی نوقسانی بێ ئومێدی و حەسرەت و ڕەشبینی لە خەڵکدا دەڕوێنێت. نەکەی وا بکەیت. متمانە بڕوێنە نەفەس درێژی و گەشبینی دروشمت بێت. کە کەسێکت باس کرد، دوور لە کینەو سەر ڕاستانە ڕەفتار کە، دادپەروەر بە هەر نوقسانی باس مەکە. سیفەتی خراپی هەر کەسێکت باس کرد، یەکسەر بڵێ: (لەگەڵ ئەوەشدا کە..) سیفەتە چاکەکانی بهێنەرەوە. مەگەر نابینیت زاناو پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە ڕەسەنە بۆچی زانستی پیاوناسی (علم الرجال) یان بۆ زانستەکانی فەرمووده داناوە کە لقێکی ئەو زانستیەش بریتییە لە (علم الجرح والتعدیل) واتە زانستی لاوازی دیاری کردن و پارسەنگ کردنەوە، ئەمەش هاوکێشەیەکە، ئەگەر نوقسانی کەسێك ووترا دەبێت دەست بەجێ چاکەکانیشی

بووترێت. بڕوانە ئیمامی بوخاری خواناس بەرامبەر ئیمامی ئەبو حەنیفەی مەزن دەفەرموێ: (عَلَى جَلَالَةِ قَدرِهِ فِي الفَتوى كَانَ ضَعِيفِ الحَديثِ مِن جِهَةِ الِاعتِماد عَلَيه) واتە: لەگەڵ ئەو پلەو پایە بەرزەشیدا کە لە بواری فەتوادانددا هەیبوو، لە فەرمووده‌وانیدا لاواز بوو، لەو ڕووەوە کە زۆر ئیعتیمادی نەدەکردە سەر فەرموودە. چونکە ئیمامی ئەبو حەنیفە کە لە ساڵی ١٥٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد هێشتا گەڕان بۆ تۆمار کردنی فەرموودە (رحله طلب علم الحديث) دەستی پێ نەکرد بوو، هێشتا وەرگرتن و نووسینەوەی فەرموودە بەربڵاو نەبووبۆوە ..

٦- ئاوێنە بە ئومێدی پاك کردنەوەو تەواو کردن، نوقسانیەکان دەخاتە روو، نەك بە ئومێدی ئابڕوو بردن و ناوزڕان.. بۆیە تا نوقسانیەکە راست نەکرێتەوە ئاوێنە واز لە ئامۆژگاری خۆی ناهێنێت، نە ماندوو دەبێت، نە بێزار.. نە مەلەل دەیگرێت، نە کۆڵیش دەدات.. لە خۆت بپرسە بزانە تۆش وایت؟ تۆ بۆچی بە هیوای لاوازکردن و ناو زڕان نە لە غەیبەت وازدەهێنیت نە لە سۆراخ کردنی خاڵی لاوازی برایان و دۆستانت سڵ دەکەیەوە.. سووربە لەسەردینداری و پاکی خۆت و نەفەس درێژیش بە لە ڕاست کردنەوەی چەمك و پاکردنەوەی دینداری کەسانی دەروربەریشت.. بە ئارام بەو سەبر لەسەر هەڵەی خەڵکی بگرە. چوار چێوەی ئەم بەرنامە جوانەی ئەهلی سوننەت بپارێزە ..

٧- ئەگەر کەسێك لە ئاوێنە تووڕە ببێت و داینێتەوە، یان فڕێی دات، یان پارچە پارچەی کات و بیشکێنێت. دوایی کە مەجبوری دەبێتەوە، هەر پارچەیەکی هەڵگرێتەوە، خزمەتی دەکاتەوە! چونکە ئاوێنە رۆڵی خۆی هەر دەبینێت دەزانێت ئەمە رۆڵێکەو لەم ژیانەدا پێی سپێرراوە، ئەرکێکەو کەوتۆتە سەر شانی کە هەر دەبێت جێ بە جێی کات. جا هەرکەس کەوتە بەرحەملەی دوژمن و گروپەکەی پارچە پارچەو پەرتەوازە کرا، ئەمە بکاتە هەنجەتی خۆکشانەوەو واز هێنان و گۆشەگیری،

جا خۆ حەتمەن نەخشەو پلانی گڵاوی دوژمنان سەردەگرێت و کاری ئیسلامییان بە پارچە پارچەییش نامێنێتەوە.. دە تۆش هیممەتت بێت. خۆ ڕاگرە. خۆ دنیا هەر سەختی نییە. ڕۆڵی دینداری خۆت و گرنگی بانگەوازەکەت هەر لەبەر چاو بێت کەسانی وەکو تۆ هەن ئێستا وا لە ژێر ئەشکەنجە دان و دوژمنان دەیانەوێت وورەی بڕوخێنن بەڵام ئەو هەر خۆ گرەو ڕۆڵی خۆی لە زیندانەکانیشدا هەردەبینێت!

٨- کە بوویتە هاوڕێی کەسانی چاك، بزانە چۆن هەڵس و کەوتییان لەگەڵدا دەکەیت. وەك چۆن ئەگەر پێویستیت کەوتە ئاوێنە، ڕەفتاری بە نەرم و نیانی لەگەڵدا دەکەیت. چونکە دەزانیت چەند ناسك و هەستیارە، ئەوەندەش دژوارە ئەگەر لە دەستتدا شکا! دوور نییە پارچەی زۆر ووردی بچێتە ناو خوێنتەوە.. لەگەڵ خەڵکیشدا ئاوا بە نەرم و نیانی ڕەفتار کە. ئەگەرنا گلەیی لە خۆت بکە. خەڵکیش هەستی ناسکەو کابرای شاعیریش دەڵێت:

(گەر ئاسودەیی یەکجاریت دەوێ ..... خۆت بسوتێنەو کەس مەڕەنجێنە)

٩- ئاوێنە شتێك نییە خەڵکی پێویستییان پێی نەبێت، یا بتوانن لە ژیانی خۆیانی دوور خەنەوە. چونکە ڕۆژانە خەڵکی خۆیانی نیشان دەدەن! چ بۆ ئەوەی جوانی خۆیان ببینن، چ بۆ ئەوەی خۆ لە بەریدا جوان کەن. یان ناشیرینییەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوەو هەوڵی کەم کردنەوەو جوان کردننەوەی بدەن. داعی موسڵمان و پیاوچاکی دینداریش وان. هەموو کەس پێویستی پێیان دەبێت. ئەوانە پاکن، سەرڕاستن، بێ ماندوو بوون لە خزمەتی ئەم و ئەو دان. گەر هاوڕێیەتی یەکیانت بوو بە نسیب بە گەوهەرو گەنجی دۆزراوەی بزانەو قەدری بگرە. هێدیانە ڕەفتاری لەگەڵدا بکە.. زوو زوو خۆتی نیشان دەوە. چیت هەبوو لای بیدرکێنە، مادام رابەرو پێشەواتە شتی لێ مەشارەوە. ئەو ئامۆژگاری وات دەکات کە ئەو خەلەلانەت بۆ چارەسەر دەکات کە

لێت دەرکەوتووە. وەك لاوازی دیاردەکانی تەقوا لە بەجێ هێنانی فەرزەکان و خۆدوور خستنەوە لە گوناحەکان. یان بێ وەفایی و بێ بەڵێنی، گوێ بە حەرام نەدان. ئەمما باوەڕلاوازی، حەزی چەوت، گومانی بەد.. هتد ئەوە کونجی ماڵی خۆتەو خۆت دەبێت گسکی بدەیت. داعی وەکو کەنناسی بەلەدێ تەنەکە خۆڵی بەر دەرگاکەتان لا دەبات. خۆ نایەتە ژوورەوە. قەدری بگرە. داعی شوێن کەوتووی پێغەمبەران و پیاوچاکانە و تۆش بە دووی کاروانی ئەواندا دەبات.

١٠- قەبارەو شێوازو چۆنیەتی ئاوێنە وەکو سروشتی هەزاران شتی تری ژیان جۆراوجۆرە. چۆن هی وا هەیە تەنکەو هەیە ئەستوورە. هەیە بچووکەو هەیە گەورەیە، هەیە روونەو هەیە تەڵخە.. هەیە چوار گۆشەیەو هەیە لاکێشییە. هەیە بازنەییەو هەیە شەش پاڵووە.. بەڵام هەموویان وەزیفەی خۆ دەبینن.. داعی موسوڵمانیش تەبیعەت و توانایان جیاوازە. نەفەس درێژی و بەسەبرییان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تریان دەگۆڕێت.. بەڵام هەر هەموویان سوود بە تۆ دەگەێنن. تۆش ژیرانەو بۆ دنیاو قیامەتی خۆت هاوڕێیان بە چونکە جليس الصالحن.

١١- ئاوێنە نوقسانی و عەیب و عاری ئەو کەسە نیشان دەدات کە دێتە خزمەتی و رووی خۆی نیشان دەدات، ئەمما ئەوی هەڕاڵ و لووت بەرزو خۆ بەزلزانە، ئەوە هەر داماوە، لە ناخیدا بەزیووە، ترسنۆکە بۆیە ناوێرێت خۆی بداتە بەررەخنە.. ئەوی لە واقیعداو بە راستی خۆی نەدیووەو نەفس و شەیتان فریوویان داوە، هەروا دەزانێ هەموو شتێك دەزانێ و هەموو شتێکی لە دەست دێ و فس فس پاڵەوانە.. کەچی کە دەکەوێتە کۆڕێکی زاناو خواناس و موجاهیدانی سەرڕاستەوە دەپوکێتەوە، فش دەبێتەوە، دەزانێ ئەمەی ئەو هەر فش بوونەوەی قەلەموونە.. ئەوی خۆی لە ئامۆژگاری من و تۆ بە دوور دەگرێت و نایەوێت لەبەررەوشتی رەسەنی ئیسلامی من و تۆدا قەبارەی خۆی و پێناسەی خۆی بدۆزێتەوە، دەسەڵاتی بەسەر نەفسی خۆیدا

ناشکێت.. دەیبینیت ڕۆژێ ملکەچەو مەجبوری ئاوێنە بۆتەوە، ئاواش ڕۆژێ دەبینی مەجبوری کۆڕی خواوویستان دەبێتەوە.. بەڵام با من و تۆش بۆ خوا بسوڵحێین و ئاوێنە بین..

١٢- کە دەتەوێت ببیتە ئاوێنە، دەبێت ووریا بیت، خۆت لە خۆتدا چاك بیت پاك بیت، ڕاست بیت. وەکو ئاوێنەی قۆقزو ناوچاڵ نەبیت. نابینیت ئاوێنەی قۆقز دەم و چاوی خەڵکی چی لێ دەکات؟ خۆ ناشکرێت باوەڕ بەو ئاوێنە خراپە بکەین و بیکەینە شایەت لەسەر ڕەفتارو ڕەوشتی ئەم و ئەو. نا نەکەی.. جارێ بزانە ئاستی ڕووی ئاوێنەکە ڕاستە؟! بزانە پاکە؟! کێ دەڵێ ئەو پەڵەیەی لە ڕاستی کەپووت یان ڕوومەتت دەیبینیت هەر هی ئاوێنەکە خۆی نییە؟! ئەگەر هی ئاوێنەکە خۆی بێت -کە تۆیت- دوایی خەڵکی متمانە بە بانگەشەکەت ناکات، ڕووت لێ وەردەگێڕێت .. ئەگەر خەتای ئاوێنەکەیە، سوپاسی خوا بکە کە سەری ئاوا نەکردوویەتە شووتی.. یان ئاوا وەك گونکە هەویر پانی نەکردۆتەوە.. ئەوی خۆی پارسەنگ نییە و هۆرمۆنەکانی یەکسان نارژێن دیدو حەزو هەڵوێستی پارسەنگ نابێت.. یەکێکی ئەمڕۆ خۆش دەوێت سبەی دەیبوغزێنێت! ئەو شتەی بۆ خۆی پێ ناخۆشە، کەچی بۆ تۆی موسوڵمان وا نییە! ئەم جۆرە کەسانە فەرمان بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە لەبەرخاتری خوا ناکەن. بەڵکو کەی و لە کوێ و لای کێ بەرژەوەندییان هەڵسوڕا دینداریتیەکەیان لەوێیە!!

١٣- گەر ئاوێنە بوویت و دیتت هەر تۆ هەڵەو پەڵەی کەسێك دەخەیتە ڕوو، بەڵام گوێی پێ نادات، ژیرو دڵسۆز بە، بڕۆ هاوکاری داعیەکی تر وەرگرە. چونکە لەوانەیە کابرا ڕەخنەکەی پێ ڕاستە بەڵام لە تۆی وەرناگرێت. تۆش بگەڕێ بزانە کێ کارتێکردنی لەسەر ئەو کەسە هەیە نوقسانی کابرا - لەبەرخاتری خوا و بێ زیادو کەم- بە کابرا بڵێ، تا ئەو بتوانێت چارەسەرەکە بکات.. مەگەر نابینیت کە زیپکەیەك یان قونێرێکت

لە پشت مل دێت دوو ئاوێنە بەکار دێنیت؟ بە هەردوو ئاوێنەکە دەتوانن لە هەموو لایەکەوە برینەکە نیشان دەن ..

١٤- گەر سەیری ئاوێنەت کرد خۆت لێ نەگۆڕێت، وا بزانیت بوویت بە شتێکی تر! یان خەیاڵ بتباتەوە بۆ لای جەمشیدو وا بزانیت (جامی جەم ئاوێنەکەی جەمشید)ت هەیە.[١٩] بینای داهاتووت وا نەکەیت.. ئەگەر شێر نەبوویت، خۆت و خەڵکی هەڵ نەخەڵەتێنیت! بە رواڵەت و قسە وایان حاڵی نەکەیت کە مەردی مەیدانیت و ئەمیرەکەت ئیمام حوسوینانە پلان لەسەر هیممەتی تۆ داڕێژێت و کە رۆژی هیممەتیش هات ببیتە ئەهلی کوفەو بڵێی: بە خوا دەرەقەتی دوژمن نایەین! یان وەکو قەومی تالووت هاوارکەیت: (لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ) البقرة/٢٤٩ !!

لەکۆتاییدا پێویستە داعییەکان شوێنکەوتوانی خۆیان لەسەر جورئەتی رەخنە گرتن پەروەردە کەن، دەبێ (داعی و قوتابیەکان) ببنەوە ئاوێنەی یەکتر. ئاوێنەیی یەعنی بانگەوازی خواوویستی و سەڕاستی دینداریی. ئافەرین بۆ ئەوانەی دڵیان وەك ئاوێنە سافەو پاکەو راستە.

* * *

---

[١٩] ئەمە ئەفسانەیەکی فارسییە کە دەڵێت شا جەمشید ئاوێنەیەکی هەبووە هەر کە تەماشای کردووە ئەمسەرو ئەوسەری دنیای لێوە دیاربووە..

## فەرموودەی پێنجەم:

### زەبت و رەبت کردنی زمان سەرچاوەی خێرو شەڕە

عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ قَالَ كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ فَأَصْبَحْتُ يَوْمًا قَرِيبًا مِنْهُ وَنَحْنُ نَسِيرُ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي مِنْ النَّارِ قَالَ:( لَقَدْ سَأَلْتَ عَظِيمًا وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ تَعْبُدُ اللَّهَ لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ الصَّوْمُ جُنَّةٌ وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ النَّارَ الْمَاءُ وَصَلَاةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ ثُمَّ قَرَأَ تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنْ الْمَضَاجِعِ حَتَّى بَلَغَ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ الْجِهَادُ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِمِلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ قُلْتُ بَلَى فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ فَقَالَ تَكُفُّ عَلَيْكَ هَذَا قُلْتُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ قَالَ ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ وَهَلْ يُكِبُّ النَّاسَ عَلَى وُجُوهِهِمْ فِي النَّارِ إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ)[٢٠]

واتە: (مەعازی کوڕی جەبەل) خوا لێی لێ ی ڕازی بێت دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا کردەوەیەکم پێ بڵێ کە بمباتە بەهەشتەوەو لە ئاگری دۆزەخ دوورم بخاتەوە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەڕاستی دەربارەی شتێکی زۆر گەورەو گرنگ پرسیارت لێ کردم، ئەو کردەوەیە زۆر ئاسانە بۆ کەسێك کە خوا بۆی ئاسان بکات و یارمەتی بدات، پاشان فەرمووی: تەنها هەر خوا بپەرستەو هیچ شتێك مەکە بە هاوبەشی، کردەوەی باشت هەر بۆ خوا بێت، نوێژ بکەو زەکات بدەو مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوبەو حەجی ماڵی خوا بکە، ئینجا فەرمووی ئەی مەعاز پێت خۆشە چەند ڕێگەیەکی چاکەت پێ بڵێم؟ ڕۆژووی سوونەت قەڵغانە لە بەرامبەر ئاگری

[٢٠] رواه الترمذي و قال: حديث حسن صحيح.

دۆزەخدا، خێر کردن گوناهی بچوك دەپووکێنێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە، نوێژکردنی مرۆڤ لە نیوەشەودا دروشمی پیاو چاکانە، ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر پیاوچاکی ئەو کەسەی شەو نوێژ ئەکات ئەو دوو ئایەتەی خوێندەوە (لەخوا دەپاڕێنەوەو خوای خۆیان ئەپەرستن و شەو نوێژ ئەکەن و بەتەمای بەهەشتن و لەو ماڵەی داومانە پێیان هەندێکی لێ ئەبەخشن و دەیدەنە هەژارو لێ قەوماوان. کەس نازانێ ئەوەی لە بەهەشت بۆیان دانراوە لەوەی چاو پێی خۆش ئەبێ، ئەوەش پاداشتی ئەو کردەوە باشانەیە کەلە دونیادا ئەیان کرد.

دیسان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئایا پێت بڵێم سەری هەموو خواپەرستیەك چییەوکۆڵەکەی ئاین چییەوبەرزترین ئاین چییە؟ مەعازدەفەرموێ : گوتم بەڵێ، ئەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێم بڵێ، فەرمووی: لوتکەو ترۆپکی هەموو کارێك ئیسلام بوونە، بیر و باوەڕی تەواوە بەخواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، کۆڵەکەی ئاین نوێژ کردنە، لوتکەی هەرە بەرزی ئاین (جیهادە) بە ماڵ و گیان بۆ بەرز کردنەوەی ئیسلام ، پاشان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەدی ئەوەت پێ بڵێم کە کۆکاری هەموویەتی؟ ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ، ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زمانی پیرۆزی خۆی گرت و فەرمووی: خۆت لەمە بپارێزە، مەعاز دەفەرموێ: منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا چما ئێمە بە هۆی قسەوە سزا ئەدرێن؟ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دایکت سنگت بۆ بکوتێ (یان دایکت رۆڵە رۆڵت بۆ بکات) چۆن نازانیت؟ مەگەر هیچ هۆیەك هەیە کە زۆرینەی ئەو خەڵکەی وا لێ کردبێت لەسەر ڕوو ڕابکێشرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە لە زمانیان کاریگەرتر؟!

## راویەکەی

سەیدنا مەعازی کوڕی جەبەلی کوڕی عەمرەو بە ئەبوعبدالرحمان ناسراو بووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا موسوڵمان بوو، یەکێك بوو لەو حەفتا کەسەی کە بەیعەتی عەقەبەی دووەمیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا، لە هەموو غەزاکاندا بەشداربووە، پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری خۆش دەوویست، جارێك لە پشت خۆیەوە سواری کرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای غەزای تەبووك ناردی بۆ یەمەن، کە خۆی بۆ سەفەرەکە ئامادە کرد تا لە مەدینە دەرچێت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چووە لای و بە پیادەیی هاوڕێیی کرد (نەشیهێشت مەعازدابەزێت!) تا لە مەدینە دەرچوو! هەرکە مەعاز دەیفەرموو: ئاخر با دابەزم، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: نا، لەوانەیە کە ساڵی داهاتوو دێیتەوە نەمبینیتەوە، مەعاز زۆر گریا.. دواتریش سەیدنا موعاز بووە موفتی گەورەی شام.. ئیمامی ئەحمەد لە فەرموودەی سەحیحدا گێڕاوێتیەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەتحیدا فەرمووی: (وَأَعْلَمُهُمْ بِالحَلَالِ وَالحَرَامِ مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ) واتە شارەزاترین کەسی ئوممەتەکەم لە زانینی حەڵاڵ و حەرامدا مەعازە.

ئیبنومەسعوود لەمەتحیدا دەیفەرموو: مەعازبە تەنها ئوممەتێك بوو.

سەیدنا مەعازدوو ژنی هەبوو ئەوەندە لە نێوانیاندا دادپەروەرانە دەجوڵایەوە کە لە ماڵی یەکێکیان بوایەو نۆرەی ئەوی تریان بهاتایە تینووشی بوایە ئاوی لە ماڵی یەکەمیان نەدەخواردەوەو دەیفەرموو: هەقی ئەوی تریانە لای بخۆمەوە، دەسنوێژگرتنیشی وا بوو.. قەدەری خوا وا بوو کە هەردووکیان پێکەوە لە شام بە تاعوون نەخۆش کەوتن و هەردووکیشیان پێکەوە مردن! یەك گۆڕی بۆ هەڵکەندن،

بەڵام کە ڕاڕابوو کامیان پێشتر بخاتە گۆڕەکەوە (کە ڕێزلێنانێکی زیاترە) قورعەی بۆ کردن!

سەیدنا مەعاز خۆشی دوای ئەوان هەر لە شاری عامواس تووشی تاعوونەکە هات.. لە یەك ڕۆژدا لەگەڵ سەیدنا شورەحبیلی کوڕی حەسەنەو ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح و ئەلحاریسی کوڕی ئەلحاریسی ئەشعەری کۆچی دواییان کردو نێژران..

## ووشە گرانەکان

جُنَّة: قەڵغان، سوپەر.

جَوْفِ اللَّيْلِ: ناوەڕاستی شەو.

تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنْ الْمَضَاجِعِ: لە شەودا بە مەبەستی خۆ پاراستن لە ئاگری دۆزەخ جێگەی خۆشی خۆیان بەجێ دێڵن و خەریکی شەو نوێژکردن دەبن.

ذُرْوَةِ سَنَامِهِ: لوتکەی هەرە بەرزی ئیسلام.

بِمِلَاكِ ذَلِكَ: ئەوەی کە دەست بەسەرهەموو کردەوەکانی تردا دەگرێت کامڵی دەکات و دەی پارێزێت

ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ: دایکت ڕۆڵە ڕۆڵت بۆ بکات ( وەکو عادەتی عەرەب لە کاتی سەرسوڕماندا بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ووریا کردنەوەی ئەوکەسەیە لەو شتەی کەبێ ئاگایە لێی).

وَهَلْ يُكِبُّ النَّاسَ: هەڵدەڕێژرێنە ناوئاگری دۆزەخەوە، فڕێ دەدرێنە ناوی.

حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ: بەروبومی زمان کە خۆی لە (درۆ و غەیبەت و نەمیمە و فڕو فێڵ و ... هتد) دەبینێتەوە.

لێکدانەوەی فەرموودەکە

١- ئەو یاوەرە بەڕێزانەی پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چەند سوور بوون لەسەر فێربوونی دینەکەو پێوە پابەند بوونی، ئەمەش وای کردووە بەڕێزێکی وەکو سەیدنا مەعاز بگاتە ئەو پلەو پایەی پێی گەیشتووە، ئەم پرسیارکردنەشی بەڵگەی ئەوەیە، کەوابوو جێی خۆیەتی موسوڵمان ئیقتیدا بەوان بکات و لە کەسانی لە خۆی زاناتر بپرسێت تا فێر ببێت چۆن ڕێنمایی دینی وەردەگرێت.

٢- پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بایەخەوە مەعاز ئاگادار دەکاتەوە کە پرسیارەکەت دەربارەی باسێکی زۆر گرنگ و کاریگەرو چارەنووس سازکردووە، چونکە قوتاربوون لە ئاگری دۆزەخ یەعنی وەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، ئەوە یەعنی پاداشت وەرگرتنەوەو چوونە بەهەشت، ئەمەش چارەنوسێکە کە دەبێت هەمیشە مرۆڤی موسوڵمان لە بیرو هۆشیدا بێت و خۆی بۆ ئامادە بکات! ٣- بە دەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەو چوونە بەهەشت، یان بەرغەزەبی خوا نەکەوتن و لە دۆزەخ لادان هەردەبێت بە ڕێزو کەرەمی خوای گەورە بێت، چونکە پێغەمبەری خواناس صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: ئەمە ئاسانە بۆ کەسێك کە خوای گەورە بۆی ئاسان بکات. کەوابوو کەس نابێت ئیعتیماد بکاتە

سەر ڕەفتارو گوفتاری خۆی و وا بزانێت ئەوە مایەی ئەوەیە کە ڕەزامەندی خوای بە شایان بوونی خۆی دەست دەکەوێت ..

٤- پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای ئەوەی باسی روکنەکانی ئیسلام باس دەفەرموێ، هەر خۆی دەفەرموێ با ئەوەشت بۆ روون کەمەوە کە رۆژوو گرتن قەڵغانی موسوڵمانەو خێرو خێرات کردن وا گوناح و تاوان مەفح دەکاتەوە هەروەکو کە ئاو ئاگر خامۆش دەکات و سیفەت و ئاسەواری ئاگرێتیەکەی ناهێڵێت.. ئەمە هاندانی موسوڵمانە لەسەرئەودوو خواپەرستیە کاریگەرە ..

٥- دوای روون کردنەوەی روکنەکانی ئیسلام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمان لەسەر شەونوێژ هان دەدات، چونکە شەونوێژ دروشمی خواناسان و پیاوچاکانە.. شەونوێژ گەشەی رۆحی پاك و میعراجی دڵی پڕ ئیمانە.. ئەوی کە لە نیوەشەودا رادێت بەو پەڕی خۆشەویستی و هەستی پەشیمانیەوە لە خوای پەروەردگاری بپاڕێتەوەو ئاهونزولەی خۆی بباتە لا، عەزمیشی بەهێز دەکات و پەیمانی پابەندی نوێی بە خوای خۆی دەبەستێتەوە! شەوەو دنیا هەمووی کش و ماتەو خەڵکی نوستوون و ئەمی موسوڵمانیش بە خەبەرەو بەینی خۆی و خوا تۆبە لە رابوردووی دەکات و بەڵێنی پابەندی چاکتر بە خوای خاوەنی دەداتەوە.. ئەم بەڵێنەش غەیری خۆی و خوا کەس ئاگای لێ نیە ..

٦- پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای ئەوەی لە سەرەتاوە مەنهەجی خواناسی روون دەکاتەوە، بەرنامەی پابەندی دیاری دەکات، هۆکاری بەهێزبوونی وویستی کەسایەتی موسوڵمان باس دەفەرموێ، ئینجا ئەوەی بۆ روون دەکاتەوە کە ئەگەر هەر هەموو موسوڵمانێك ئەوەی کە باسی فەرموو وەرگرێت و بە موو لێی لا نەدات، بە هەموان ناتوانن بە بێ جیهاد کاریگەریی جاهیلییەت و دوژمنانی خوا

لەسەر خۆیان و موقەددەساتی موسوڵمانان لابدەن، ئەمەش هاوکێشەیەکی سروشتیە، چونکە مشت لە درەوشە دەگەڕێتەوە! دەفەرموێ کە جیهاد کۆڵەکەی خێمەکەیە کە لە ناوەڕاستدا لەنگەر بە پەتەکانی پارسەنگی دەگرێت و هێزی سنگە داکوتراوەکانیش هەر بەو عەموودەوەیە! ئەوەش وەکو بڕبڕەی پشتە کە قامەت و ئیقامەی ئیسلامەکەی پێوە بەندە ..

٧- پاشان بۆ ئەوەی موسوڵمان ئەم ئەرکانە بە زۆر نەزانێت و وا بزانێت بۆی ئەنجام نادرێت، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەوەرە باسەکان ئاسان دەکاتەوەو بەرپرسێتیەکە دەداتەوە دەست موسوڵمان بەوەی کە ئاسان دەتوانێت دەستی لە هەمووی گیر بێت و ڕەزامەندی خوای گەورەش مسۆگەر کات بەوەی کە ئاگای لە زمانی خۆی بێت.. بۆ خێر هەڵیسوڕێنێت و لە گوفتاری بەد زمانی خۆی بگرێت!!

٨- پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە مەعاز دەفەرموێ: دایکت رۆڵە رۆڵت بۆ بکات، ئەمە بەکارهێنانی ئاسایی ووتەیەکی نەریتی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی، نەك دوعا کردن لە مەعازی خۆشەویست. کەوا بوو شتێکی ئاساییە کە کابرای موسوڵمان ڕەفتاری نەریتی کۆمەڵگەی خۆی وەربگرێت، ئەگەر پێچەوانەی ئیسلام نەبێت..

## پوختەی

## پەندو ئامۆژگاری ئەم فەرموودەیە

١- عەقیدەی یەکخواپەرستی بناغەی خواناسیی و خواپەرستیە، کە ئیسلامەکەی لەسەر بەند دەبێت. ئەگەر بناغەی کۆشکێکت بەرفراوان و ئەستوورو مەحکەم دارشت دەتوانیت نۆهم نهۆمی باڵەخانەی بێ ترسی رمان لەسەر دروست کەیت، ئەگەر وا نەبوو، ناتوانرێت نهۆمێك زیاتری لەسەر دروست کرێت، حەزەری روخانەوەی پایەو دیواری یەك نهۆمیەکەش هەمیشە لە هۆشدا دەبێت!

٢- باوەڕوەکو بناغەیەو روکنەکانی ئیسلام پایەو دیوارەکانی نێوانیانن، کۆشکی جوان بەم دوانە پێك نایەن، حەتمەن دەبێت سەربانێکیان بەسەرەوە بێت تا دانەڕوخێن و سەرما هەڵیان نەتەکێنێت وگەرما دایان نەرزێنێت، ئەوەش جیهادەکەیە کە حوکمی ئیسلامی پێوە بەند دەبێت.. جیهادەکە لەسەربانەوە پاسەوانێتی روکنەکانی دیکە دەکات و ناهێڵێت کەس دەروازەکەی ئیسلام بشکێنێت یان بەسەر دیوارەکانیدا هەڵگەڕێت!

٣- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەرچەندە باسی نوێژو رۆژوو زەکاتی پێشتر فەرموو کەچی دواتر هاتۆتەوە سەرنوێژی ترو رۆژووی ترو خێروخێراتی تر، بۆ ئەوەی لە ناخی موسوڵماناندا بڕوێت کە رەسەنی و پارسەنگی موسوڵمان پێویستی بە دینداریی زیاتر هەیە..

٤- ئەوی دەبێتە گێچی نیشاندانی پابەندی یان سستی ولێچوونەوەی موسوڵمان لە دینداریی، زمانێتی.. ئەگەر زمانی بە پێی ئاڕاستەی خوایی هەڵسوڕاند زمانێکی بە زیکری خوا پاراوی ببێت، حەتمەن سەری سووکەو زەخیرەی لای خوای مسۆگەرە،

ئەگەر نا زمانی ئەویش وەکو کەم تەقوایان و بەرەڵاکان هەڵدەسوڕێت و ئیدی بۆ خاوەنەکەی دەبێتە بەلێسازی دنیاو هۆکاری چوونە دۆزەخی خوا لامان دا.

* * *

## فەرموودەی شەشەم:

### سێ نەخۆشی کوشندە

سەیدنا ئیبنوعومەردەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو :

(ثَلاَثٌ مُهْلِكَاتٌ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ) حسن[٢١]

واتە : سێ شت کوشندەن: ڕەزیلییەکی پێشڕەویی، و هەواو هەوەسێکی شوێن کەوتوو، و سەرسام بوونی هەرکەس بە خۆی (خۆپەسەندیی)..

### راویەکەی

سەیدنا ئیبنوعومەر ناوی عبداللەیە و کوڕی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابە سێ ساڵ دوای پێغەمبەرایەتی لە مەککە لە دایکبوو، کە هیجرەتی کرد بۆ مەدینە تەمەنی یازدە ساڵان بوو، لە غەزای ئوحودیشیدا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[٢١] تەبەرانی ریوایەتی کردووەو شێخی ئەلبانی دەربارەی دەفەرموێ (حدیث حسن) بڕوانە: (صحیح الجامع ژمارە ٣٠٤٥) ئەسڵی هەموو ئەم فەرمودەیە ئاوایە: (عن عبدِ الله بن عمر رضی الله عنهما عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال: (ثَلاَثٌ مُهْلِكَاتٌ، وَثَلاَثٌ مُنْجِيَاتٌ، وَثَلاَثٌ كَفَّارَاتٌ، وَثَلاَثٌ دَرَجَاتٌ. فَأَمَّا الْمُهْلِكَاتُ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ. وَأَمَّا الْمُنْجِيَاتُ: فَالْعَدْلُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَى، وَالْقَصْدُ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى، وَخَشْيَةُ اللَّهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلَانِيَةِ. وَأَمَّا الْكَفَّارَاتُ: فَانْتِظَارُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ، وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي السَّبَرَاتِ [أَيْ:شِدَّةِ الْبَرْدِ]، وَنَقْلُ الأَقْدَامِ إِلَى الْجَمَاعَاتِ. وَأَمَّا الدَّرَجَاتُ: فَإِطْعَامُ الطَّعَامِ، وَإِفْشَاءُ السَّلَامِ، وَصَلاَةٌ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ» (رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الأَوْسَطِ وَحَسَّنَهُ الأَلْبَانِيُّ).

ناردیەوە لەبەرکەم تەمەنی، لە غەزای خەندەقیشدا کە تازە تەمەنی بووبووە پازدە ساڵ زۆرتکای لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردو لێی پاڕایەوە تا مۆڵەتی بەشداری کردنی پێدا.. ئیتر بەشداری هەموو غەزاکانی تری کرد.. ئەوەندە هۆگری پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە رادەیەك کە پێی وابوو شوێنێك نەماوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی لێ کردبێت و ئەم دوو رکات نوێژی لەو شوێنەدا نەکردبێتەوە.. کە دەیبیست پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شوێنێکدا تەشریفی بردووەو دەیان جار بەو شوێنەدا دەهات و دەچوو بەو ئومێدەی جارێك پێی بکەوێتە شوێن پێیەکی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! درەختێکی دیاری کردبوو کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ژێریدا دانیشتبوو، هەموو رۆژێك بە کۆڵ ئاوی بۆ دەبردو ئاودێری دەکرد، ئینجا لە ژێریدا دادەنیشت..

سەیدنا عبداللە دەفەرموێ: هەر دەمبیست خەڵك دەهاتنە خزمەت پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەو خەونانەیان بۆ دەگێڕایەوە کە بینبویانن، منیش خۆزگەم دەخواست خەونێك ببینم و بێمە خزمەتی بۆم لێکداتەوە، تا جارێك لە خەونمدا دوو فریشتە هاتن و بەرەو ئاگری دۆزەخ بردیانم، بیرەکە لێوارو دوو شاخی هەبوو، خەڵکانێکم تێدا بینی کە دەمناسین، هەر دەمووت: پەنا دەگرم بە خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ.. یەکێك لە فریشتەکانیش پێی دەووتم: مەترسە، خەمت نەبێت.. کە خەبەرم بۆوە چوومە لای حەفسەی خێزانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (کە خوشکی بوو) خەوەکەم بۆگێڕایەوە تا بۆ پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگێڕێتەوە، کە بۆی گێڕایەوە فەرمووی : (نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُ اللَّهِ، لَوْ كَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ) متفق علیه واتە: بە ڕاستی عبداللە پیاوی چاکە ئەگەرشەونوێژی هەبوایە.. سەیدنا سالمی برای سەیدنا عبداللە دەفەرموێ: عبداللە لەوەو دوا بە شەو کەمێك نەبوایە نەدەخەوت..

دەم پاك بوو جنێوێكیان لێ نەبیستووە بە كەسێكی دابێت..

دووربوو لە وەرگرتنی پلەو پایەی دنیا، سەیدنا عوسمانی كوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێت داوای لێكرد ببێتە قازی، نەیكرد ..

زۆر بەخشندە بوو، زۆر سەخی بوو، هەرچی شتێكی هەبوایەو لای خەڵكی بەقەدر بوایە ئەوی پێش سامانەكانی تری دەبەخشی.. جارێك نەخۆش بوو فەرمووی: زۆرم حەز لە ماسییە، هەموو بازاڕ گەڕان لە ماسیەك زیاتریان دەست نەكەوت، سەفییەی خێزانی بۆی سووركردەوەو خستیە بەردەستی، لەوكاتەدا سواڵكەرێك لە دەرگای دا، فەرمووی ئەم ماسیەی بۆ ببەن! ووتیان خوا عافووت كات بەو ماسیەوە زۆرماندوو بووین تا بۆتۆمان سازكردووە، خەمت نەبێت درهەمێك دەدەینە كابرا بۆ ئەو باشترەو زۆریشە، فەرمووی: نا ئەم ماسیەی بدەنێ چونكە پێم خۆشە ئەوە ببەخشم كە زۆرم حەزلێیەتی..

سەیدنا عبدالله كە یەكێكە لە شەرعناسانی یاوەران، (٢٦٣٠دوو هەزارو شەش سەدوسی) فەرموودەی گێڕاوەتەوە..

ساڵی ٧٣ی كۆچی لە كاتی حەج كردندا لە مینا بوو كە ڕمی كابرایەكی بە سەختی بەركەوت كە زامداری كردو بووە هۆی گیان لە دەستدانی!

لێكدانەوەی فەرموودەكە

ئەم فەرمایشتە یەكێكە لە فەرموودە گشتگیرەكانی پێغەمبەرصَلَّی اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ كە هەموو فەرموودەكە باسی چوار تەوەرە باسی پەروەردەیی و پارسەنگییە: سێ نەخۆشی كوشندە، سێ هۆكاری ڕزگاریی، سێ گوناح سڕەوە، سێ پلەبەرزی.. ئێمە لێرەدا تەنها یەكەم تەوەرە باس دەكەین كە سێ نەخۆشی كوشندەن و تەقواو

دینداری موسوڵمان وەك خۆرەی درەخت لە ناوەوە هەڵدەکۆڵن و لەگەڵ هێواشترین هۆکاری دەرەکی بەلادا دێت و دەکەوێت. سێ باسەکەی تر (سێ هۆکارو سێ گوناح و سێ پلەبەرزییەکە) دەبێ لە شوێنی تایبەتی تردا باس کرێن..

تەوەرەی یەکەم:ڕەزیلییەکی پێشڕەویی : (شُحٌّ مُطَاعٌ)

- شُحٌّ: هەموو ماناکانی ڕەزیلیی و چاوچنۆکی و پیسکەیی و بەخیلیی و چرووکی و پارە خۆشوویستنە، چونکە لە پێناسە عەرەبیەکەیدا هاتووە کە بریتیە لە: (البخل مع الحرص) واتە ڕەزیلیی و سامان وویستی لەگەڵ سووربوون لەسەر هیچ سەرف نەکردن و مانەوەی.

- مُطَاعٌ : واتە ئەوی داواکراوەو شوێنی دەکەون و بە قسەی دەکرێت..

کەوابوو ئەو کەسەی تووشی ئەم دەردە کوشندە دەبێت دەبێتە دیل و گیرۆدەی ماڵ و سامان و پارەی، لە جێی ئەوەی پارەکەی بیحەوێنێتەوە، ماندووتری دەکات، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت بۆتە بەندەی سامانەکەی، هەر سوورتر دەبێت لەسەری و بە پێچەوانەی بەندەی حەقیقیەوە کە هەمیشە بیر لەو ڕۆژەی دەکاتەوە کە ئازاد دەبێت، بەڵام ئەم ئازادیەکە لە دەست خۆیدایە کەچی نایەوێت!! نە بە حەزی خۆی دەخوات، نە بە حەزی خۆی دەپۆشێت و نە بە حەزی خۆی دەژی!

بەخیلی خۆی لە خۆیدا خراپە، داخۆ کە بوو بێت بە (شُحٌّ مُطَاعٌ) چەندی تری باری خراپی لێ نیشتبێت! چەند نەخۆشی تری بە خۆیەوە ڕاکێشا بێت، مەگەر لە خۆدا سەرف کردن نەخۆشیەکی تری سەیر نییە؟! مەگەر خۆشەویستی دنیاو زیاتر مانەوە نەخۆشیەکی تری نییە؟! نابینیت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆن لە

فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: (الشيخُ يَكبُرُ ويَضْعَفُ جِسْمُهُ وقَلْبُهُ شَابٌّ عَلَى حُبِّ اثْنَتينِ طُولُ الْحَياةِ وحُبُّ الْمَالِ)[22] پیرگەورە دەبێ وبەدەنی لاوازدەبێ، کەچی دڵی هەر گەنجەو حەزی لە دوو شت ماوە: تەمەن درێژیی و خۆشوویستنی سامان..

خۆشویستنی دنیایە وای کردووە ئەمڕۆ ئە ئاوا میللەتان و زلهێزانی دنیا وەك قەل و داڵی بخۆر بکەونە سەر کەلاشی مردوومان! وەك ئەو لێچواندنەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (يُوشَكُ الأمَمُ أنْ تَدَاعَى عَلَيكُمْ كَمَا تَدَاعَى الأكَلَةُ إلى قَصْعَتِهَا. فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَومَئِذٍ؟ قَالَ: بَلْ أنْتُمْ يَومَئِذٍ كَثيرٌ وَلَكِنْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ المَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهَنَ. قَالَ قائِلٌ يا رَسولَ اللهِ وَمَا الوَهَنُ؟ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَّةُ الْمَوْتِ)[23] واتە: واتان لێ دێت ئوممەتان وا دابارنە سەرتان هەروەکو کە کۆمەڵە بخۆر دادەبارنە سەر لەگەنە خواردن! یەکێك ووتی: ئەوە لەوێ ڕۆژێدا کەمین بۆیە وامان لێ دێت! فەرمووی: ئێوە لەوێ ڕۆژێدا زۆرن، بەڵام وەکو کەف و کۆتەرەو پلو پووشی سەر لافاو دەبن! خوای مەزن حەتمەن سام و هەیبەتی ئێوە لە دڵ و دەروونی دوژمنانتاندا دەردەهێنێت و لاوازیی و بیم دەخاتە دڵتانەوە، یەکێك ووتی ئەی پێغەمبەری خوا: ئەرێ لاوازیی و بیمەکە چییە؟! فەرمووی: خۆشەوویستنی دنیاو بوغزاندنی مردنە .

[22] حەدیسێکی حەسەنە ، ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردووە بەڵام بەم لەفزە: (لا يزالُ قَلْبُ الكَبيرِ شَابَّاً في اثنتينِ في حُبِّ الدنيا وطولِ الأَمَلِ) واتە: دڵی پیاوی پیر دەرهەق دوو شت هەر بە گەنجی دەمێنێتەوە : خۆشەویستی دنیاو هیوا درێژیی! حەدیسی تریش لەو باسەوە هەیە وەکو ڕیوایەتەکەی ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت کە دەفەرموێ: (يَهْرِمُ ابنَ آدمَ وتَشِبُّ مَعَهُ اثنتانِ: الحِرْصُ على المالِ والحِرصُ على العُمُرِ) واتە: مرۆڤ پیر دەبێ بەڵام دوو سیفەتی بە گەنجی لەگەڵ دەڕوات: سووربوونی لەسەرپارەو سامان و سووربوونی لەسەرتەمەن درێژیی! موسلیم و ترمذي گێڕاوەتەوەو ترمذي فەرمویەتی حەدیسێکی سەحیحیەو بوخاریش هەروای گێڕاوەتەوە .أبو داود و بیهقی لە (شُعَب الإيمان) گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

[23] أبو داود و بیهقي لة (شُعَب الإيمان) گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانیش بە سەحیحی داناوە.

لەوانەیە چرووکی و پیسکەیی وا لە خاوەنەکەی بکات خۆ لە خێرو خێرات کردن بگرێتەوەو لە زەکاتدان سستی بکات تا وای لێ دێت زەکاتەکەش نادات کە فەرزێکەو لەسەرێتی! ئینجا بۆی دەبێتە مایەی ژان و ناسۆرو ئازاری قیامەتی، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لانْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ)التوبة/٣٤-٣٥واتە: ئەو کەسانەش کە زێڕو زیوو کۆدەکەنەوەو لە پێناوی خوادا نایبەخشن مژدەی سزایەکی بە ژانیان بدەرێ. ڕۆژێ دێ ئەو سامانەیان لە ئاگردا سوور دەکرێتەوەو ئینجا ناوچەوان و لا تەنیشت و پشتی خۆیانی پێداخ دەکرێت، ئا ئەمەیە ئەوەیە کە گەنجینەتان دەکردو بۆ خۆتانتان کۆ دەکردەوە، دە هەڤی ئەوەی کۆتان دەکردەوە ژان و ناسۆر بچێژن..

یان کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ آتاهُ اللهُ مَالاً فَلَمْ يُؤَدِّ زَكاتَهُ مُثِّلَ لَهُ مَالُهُ شُجاَعاً أَقْرَعَ لَهُ زَبِيبَتَانِ يَطُوقُه يَومَ القِيامَةِ يَأْخُذُ بِلَهْزِمَتَيهِ، يَقولُ أَنَا مَالُكَ أنا كَنْزُكُ) ثُمَّ تَلا هذهِ الآيةَ (وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ) إلى آخر الآية)[٢٤] واتە: هەر کەس خوای گەورە سامانێکی پێ ببەخشێت و زەکاتەکەی لێ نەدا، خوای پەروەردگار بۆی دەخاتە سەر شێوەی ئەژدیهایەك کە سەری لەبەر ژەهری خۆی سپی بووبێت! و لە ناوچەوانیدا وەك دوو دەنکە مێوژی ڕەش هەڵتۆقیبن ولا لغاوەکانی لە ڕقاندا کەفیان تێ پەڕی بێت! ئا ئەمە دێت وکابرای زەکات نەدەر لە شەویلەکانیەوە دەگرێت و پێی دەڵێ: من سامانەکەی خۆتم، من ئەوەم کە کۆت دەکردەوە، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە (وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ

[٢٤] حەدیسەکە لای بوخارییە لە کتاب الزكاة / ١٤٠٨.

الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) ئالى عيمران/١٨٠ واته: ئەو کەسانەی کە بەخیلن و لەو سامان و ماڵەی خوای گەورە لە فەزڵ و چاکەی خۆی پێی بەخشیوون، نابەخشن با وانەزانن خێرو خۆشییانی پێوەیە، نەخێر کوێررەوەریی و نارەحەتیانی پێوە دەبێت، لە رۆژی قیامەتتدا لەسەر ئەو چاوچنۆکی و پیسکەییەیان وەك تۆق دەکرێتە ملیان و پێی رادەکێشرێن، خۆ هەموو سەروەت و سامان و موڵکی ئاسمانەکان و زەمین هەرهی خوای گەورەن، خوای گەورە شارەزای هەموو کارو کردەوەیەکتانە .

لەوانەیە چرووکی و پیسکەیی چاوی خاوەنەکەی ئەوەندە سوور بکات بکەوێتە خوێنڕێژیی، یان ئەوەندە بە خۆیەوە خەریکی بکات بکەوێتە شیرازە پسانی خزمایەتی و حەزنەکات نە سەریان لێ بدات و نە سەری لێ بدەن، نەبادا خزمێکی داوای پارەیەکی لێ بکات! ئەمەش هەردەیگەیێنیتە دۆزەخ و هەمان ئەشکەنجەی ترسناکی ئەژدیهاکە، خوا لاماندا، نابینیت پێغەمبەری بەزەیی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆن دەفەرموێ: (مَا مِنْ ذِي رَحِمٍ يَأتِي ذَا رَحِمَهُ فَيَسْأَلُهُ فَضْلاً أعْطَاهُ اللهُ إِيّاهُ فَيَبْخَلْ عَلَيهِ إلّا أَخْرَجَ اللهُ لَهُ مِنْ جَهَنَّمَ حَيَّةً يُقَالُ لَهَا شُجَاعٌ يَتَلمَّظُ فَيَطُوقُ بِهِ)[٢٥] واته: هەرکەسێك خزمێکی بێت بۆ لای و لەو سامانەی خوای گەورە پێی بەخشیووە داوای شتێکی لێ بکات تا بیداتێ، بەڵام ئەو پیسکەیی بکات و نەیداتێ، حەتمەن خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا ئەو سەروەت و سامانەی لێ دەکات بە ئەژدیهایەکی گەورە کە پێی دەووترێت (شوجاع) کە زمانی خێرا خێرا بە رقەوە دێنێتە دەرەوە، ئینجا لە ملی دەپێچرێت.

سامان کۆکردنەوەو دەرنەکردنی زەکات و خێرو خێرات لێی بۆ کزبوونی دینداریی و پوکانەوەی تەقوا زۆر زیان بەخشە، تەنانەت پێغەمبەری زرنگ و رەوان بێژمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پیسکەیی و ئیستیغلال کردنی پلەو پایەی دینی، بە دوو گورگی برسی

---

[٢٥] الطبراني لە (الأوسط والكبير) دا هێناوێتییەوەو بە (إسناد جيد) ناساندوێتی.

چوواندوون، كه كه‌وتبنه په‌چه‌ی مه‌ڕه‌وه، وه‌ك له فه‌رمووده‌ی كه‌عبی كوڕی مالیكدا ده‌فه‌رموێ: (مَا ذِئْبَانِ جائِعَانِ أُرْسِلا فِي غَنَمٍ بِأفْسَدَ لَهَا مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى الْمَالِ وَالشَّرَفَ لِدِينِهِ)[٢٦] واته: دوو گورگی برسی بكه‌ونه ناو په‌چه‌یه‌كی مه‌ڕه‌وه خراپتر نابن له كه‌سێك كه سووره له‌سه‌ر سه‌روه‌ت و سامان و ماڵ پێكه‌وه نان و پله‌و پایه ده‌ست خستن به هۆی دینه‌كه‌وه.

ئه‌م فه‌رمووده‌یه ئه‌وه روون ده‌كاته‌وه كه سوور بوون له‌سه‌ر ماڵی دنیاو هه‌وڵدان بۆ پله‌و پایه په‌یدا كردن له‌سه‌ر حسابی دینه‌كه، باوه‌ڕی مرۆڤ تێك ده‌دات و له‌و دوو گورگه برسییه‌خراپتر ده‌كه‌ن كه بێ خه‌م ده‌كه‌ونه ناو رانه مه‌ڕێكه‌وه. جا چۆن ئه‌و دوو گورگه هیچ ناهێڵنه‌وه، ئه‌و هه‌واو هه‌وه‌سه‌ی موسوڵمانیش هیچی له جوهدو جیهاده‌كه‌ی بۆ ناهێڵنه‌وه.[٢٧]

دیسان له‌وانه‌یه پیسكه‌یی و چاوچنۆكی وا له خاوه‌نه‌كه‌ی بكات سته‌م له خه‌ڵكی تر بكات، له‌وانه‌یه له سه‌وداو مامه‌ڵه‌دا وای بۆ نه‌كرێت به‌ڵام بۆ نموونه له دابه‌ش كردنی میراتی باوكیدا سته‌م له خوشكه‌كه‌ی بكات! ئه‌مه‌ش هه‌ر سته‌مه‌و هه‌ر مافێكی خوراوه‌و له گه‌ردنیایه‌تی و له رۆژی قیامه‌تدا بۆی ده‌بێته‌وه به سه‌رچاوه‌ی ناسۆرو ده‌رده‌سه‌ریی ئاخر بۆیه خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: (وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) التغابن/١٦ واته: ئه‌و كه‌سه‌ی خۆی له پیسكه‌یی نه‌فسی خۆی قوتار بووه به‌ڕاستی ئا ئه‌وانه‌ن سه‌رفرازو سه‌ركه‌وتوو.. پێغه‌مبه‌ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ده‌فه‌رموێ: (اتَّقُوا الظُّلْمَ فَإِنَّ الظُّلْمَ ظُلُماتٌ يَومَ الْقِيامَةِ واتَّقُوا الشُّحَّ

---

[٢٦] الترمذي والدارمي گێڕاویانه‌ته‌وه‌و ئه‌لبانی به سه‌حیحی داناوه.

[٢٧] گورگ عاده‌تی وایه كه كه‌وته ناو رانه مه‌ڕه‌وه، یه‌ك یه‌ك ده‌یانگرێت و ملیان ده‌پچڕێنێت و ده‌یانخاته لاوه، به‌و هیوایه‌ی زۆرترین ژماره بكوژێت، پاشان دێته‌وه سه‌ریان بۆ خواردن. وه‌ك شێر نییه یه‌كێك بكوژێت و بیخوات.

فَإِنَّ الشُّحَّ أهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ وَحَمَلَهُمْ عَلَى أنْ سَفَكُوا دِمَاءَهُمْ وَاسْتَحَلُّوا مَحَارِمَهُمْ) صححه الالبانی واته خۆ له ستەم کردن بپارێزن ستەمکردن تاریکی قیامەته خۆ له پیسکەیی دوور خەنەوە پیسکەیی بوو ئەوانەی پێش ئێوەی فەوتان وای لێ کردن خوێنی یەکتری بۆ بڕێژن و حەرامیان له یەکتری بۆ خۆیان حەڵاڵ کەن ..

تەوەرەی دووەم : هەواو هەوەسێکی شوێن کەوتوو (هَوى مُتَّبَعٌ)

خوای گەورە دەفەرموێ:

(أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ وَجَعَلَ عَلَى بَصَرِهِ غِشَاوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِن بَعْدِ اللَّهِ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ) الجاثية/ ٢٣ واته: ئەو کەسەت بینی کە هەواو هەوەسی خۆی کردووە بە خوای خۆی و گوێڕایەڵێتی؟ ئەوە خوای گەورە دوای زانین و شارەزا بوون گومڕای کردووەو مۆری هیدایەت نەدانی لە هۆش و گۆش و دڵ و دەروونی داوەو پەردەی ڕێ نەبینی بەسەر چاویدا کێشاوە، ئیدی کێ دەتوانێت دوای خوای گەورە هیدایەتی بدات و جارێکی دی بیخاتەوە سەر ڕێی ڕاست؟! دەی بۆچی پەی بەمە نابەن و ئاقڵتان پێی ناشکێت؟!

ئیبنو عەباس دەفەرموێ: خوای گەورە هەمیشە کە باسی هەواو هەوەسی فەرموو بێت، هەر بە زەم کردن باسی فەرمووە، وەکو: (وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ) الاعراف/١٧٦ واته: ئەو کە شوێن هەواو هەوەسی خۆی کەوتووە هەر وەکو سەگە! یان: (وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا) الکهف/٢٨ واته : گوێڕایەڵی ئەو کەسە مەکە کە دڵیمان لە یادو زیکری خۆمان غافڵ کردووەو شوێن هەواو هەوەسی خۆی کەوتووەو هەموو کاروکردەوەکانی مایەپووچ بووە، یان (بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ) الروم/٢٩ واته: بەڵام ئەو کەسانەی کە ستەمیان کرد، بێ زانین و شارەزایی شوێنی هەواو هەوەسی خۆیان کەوتبوون.. یان:

(فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ) القصص/٥٠ واته: ئەگەر وەدەنگتەوە نەهاتن، ئەوە بزانە کە ئەوانە شوێن هەواو هەوەسیان کەوتوون، جا کێش هەیە لەو کەسە گومڕاتر کە ڕێنمایی خوایی واز لێهێناوەو شوێن هەواو هەوەسی خۆی کەوتووە، یان: (وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ) ص/٢٦ واتە: شوێن هەواوهەوەس مەکەوە چونکە لە ڕێی خوات لادەدات.

ئیمامی شەعبی دەفەرموێ: بەو ئارەزوو پەرستێتیە ووتراوە (الهوى) چونکە خاوەنەکەی بە دۆزەخدا ڕۆدەباتە خوارێ، چونکە (هوى) لە ئەسڵیدا ترازانی شتێکە لە بەرزاییەوە بەرەو خوار..

ئەوی شوێن هەواو هەوەسی خۆی دەکەوێت، کەس لێی ئەمین نامێنێت، کەسیش ناتوانێت شایەتی ئەوەی بۆ بدات کە تووشی لادەریی نابێت، چونکە ئەو کەسەی شوێن هەواو هەوەس دەکەوێت، بۆ سەرخستنی دیدو بۆچوونی خۆی و پێڕەکەی دەبێتە داهێنەری جۆرەها بیدعە، دەبێتە سەری فیتنەسازیی، دەبێتە گومڕاو مایەی گومڕایی کەسانی دی.. تا وای لێ دێت لە ناخی هەست و هۆشیدا دەبێتە خولیای ڕۆژانەی و لە ڕواڵەتیشیدا دەبێتە سیماو پیشەی!! نابینیت پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو حوزەیفەی کوڕی یەمان ڕەزای خوای لێ بێت لێوەی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا ، فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ ، وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ، حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا، فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ، وَالآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا، لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا، وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا، إِلَّا مَا أُشْرِبَ

مِنْ هَوَاهُ)[٢٨] واته: بەڵاو موسیبەتی تاقی کردنەوە، وەك دانە قامیشی ڕیز کراوی حەسیر بەسەر دڵەکاندا دێت (یەعنی جۆرەها کێشە کە دەبنە مایەی لادەری و دین لاوازی، روو لە دڵ و دەروونەکان دەکەن و یەك بەدووی یەکتریدا دێن! جا چۆن ئەو کەسەی حەسیر دروست دەکات قامیشێك قایم دەکات ئینجا قامیشێکی تری دەخاتە پاڵ و ئەویش قایم دەکات ئینجا سێیەم وە هەروەها) هەر دڵێك هەر یەکێك لەوانە بگرێتە خۆ خاڵێکی رەشی پێوە دەچەسپێت، هەر دڵێکیش وەری نەگرت و رەتی کردەوە خاڵێکی سپی پێوە دەچەسپێت، تا ئەم دڵە سپیە یان وەکو چیایەکی تاوێر (یان وەك کێوی سەفا کە لە مەککەیە) ساف و لووس دەبێت و هیچی پێوە ناوەستێتەوە و بریسکەی دێت، ئەو دڵەش ئاوای لێ دێت کە هەتا دنیا دنیابێ و ئاسمان و زەوی بمێنن هیچ تەگەرەیەك کارتێکردنی خراپی لەسەر نابێت، ئەوی تریان رەش دادەگەڕێت و وەکو کیتەڵە (گۆزەی بچووك)ی دەمەونخوون کراوەی لێ دێت (کە هیچی پێوە ناگیرسێتەوە) ئیتر نە چاکە دەزانێت چیەو نە خراپەش هەڵداوێرێت، مەگەر هەر ئەوەی کە لەگەڵ هەواو هەوەسەکەی خۆیدا دەگونجێت ..

ئەبو درداء خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: هەواو هەوەس و کارو کردەوەو زانستی لە هەموو کەس کۆ دەبنەوە، ئەگەر کارو کردەوەکانی کابرا شوێن هەواو هەوەسی کەوتن، ئەوە ئەو رۆژەی رۆژێکی خراپ و بەدە، ئەگەر کارو کردەوەکانیشی شوێن زانستیەکەی کەوتن، ئەوە ئەو رۆژەی چاك و خێرو خۆشیە..

---

[٢٨] أحمد (٥/ ٣٨٦- ٤٠٥)، بخاري/المناقب/ باب علامات النبوة في الإسلام (٣٥٨٦)، مسلم/الإيمان/باب بيان أن الإسلام بدأ غريبًا وسيعود غريبًا،(١٤٤)،البغوي/شرح السنة (٤٢١٨).

وەهەبی کوڕی مونەببەھ کە گەورەیەکی تابعین و قوتابیەکی ئەبو هورەیرەیە خوا لێیان رازی بێت، دەفەرموێ: ئەگەر کەوتیتە سەر هەڵبژاردنی ئەنجامدانی دوو کارو نەتدەزانی کامیان بکەیت، سەیری هەواو هەوەسی خۆت کە کامیان لەوەوە دووربوو ئەوەیان ئەنجام بدە.

زانایانی ئیسلام و پەروەردەکاران کتێبی زۆریان لەسەر زەم کردنی هەواو هەوەس و شێوازی خۆ دوورکەوتنەوە لێیان نوسیوە، چونکە رێ گرتن لە نەفس مایەی سەرفرازی لای خوای گەورەیەو رێی رزگاریە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى) النازعات/٤٠-٤١ واتە: ئەمما ئەو کەسەی کە لە پلەو مەقامی خوای خۆی دەترسێت و بەرهەڵستی هەواو هەوەسی خۆی دەکات، حەتمەن بەهەشت دەبێتە جێی دابینی حەوانەوەی..

ئەم فەرمودە پیرۆزە هەڕەشەیەکی سەختی چارەنووسێکی رەشی ناو ئاگری دۆزەخەو لەو کەسانە دەکرێت کە دین و دیندارێتیەکەی خۆیان کردۆتە شوێن کەوتووی هەواو هەوەسیان، خوا لاماندات، ئەمە بە ڕاستی ئینحیرافێکی گەورەیە. ئەبو عامری هەوزەنی (أَبِي عَامِرٍالْهَوْزَنِيِّ)خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: لە حەج لە خزمەتی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا بووم خوا لێی رازی بێ فەرموی: جارێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەستایە سەر پێ و فەرمووی: (أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ قَبْلَكُمْ تَفَرَّقُوا عَلَى اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً فِي الأَهْوَاءِ أَلا وَإِنَّ هَذِهِ الأُمَّةَ سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً فِي الأَهْوَاءِ كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلا وَاحِدَةً وَهِيَ الْجَمَاعَةُ أَلا وَإِنَّهُ يَخْرُجُ فِي أُمَّتِي قَوْمٌ يَهْوُونَ هَوًى يَتَجَارَى بِهِمْ ذَلِكَ الْهَوَى كَمَا يَتَجَارَى الْكَلْبُ بِصَاحِبِهِ لا يَدَعُ مِنْهُ عِرْقًا وَلا مفصلا إِلَّا دخلَهُ)[٢٩] واتە: خاوەن پەیامە ئاسمانیەکانی پێش ئێوە بە

---

[٢٩] حديث صحيح أخرجه أبو داود وأحمد بإسناد صحيح.

هۆی هەواو هەوەسی خۆیانەوە بوون بە حەفتاو دوو کۆمەڵەوە، ئەم ئوممەتەش لە داهاتوودا دەبێت بە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە! هەموویان دەچنە ئاگری دۆزەخەوە جگە لە یەکێکیان، ئەویش الجماعەیە، قەومێك لەم ئوممەتەی من وا دەکەونە شوێن هەواو هەوەسی خۆیان، کە بە شێوەیەك بە هەموو لایەکیاندا دەدات، هەروەکو کە گلاراوی (هاربوونی سەگ) ماخۆلان بە خاوەنەکەی دەگرێت و هەراسانی دەکات، ئەو گلاراویەش وا دەچێتە دەمارو جومگەی ئەو خاوەن هەواوهەوەسانەوە کە دەمارو جومگەیەکیان ناپەڕێنیت..

سەیید قوتبی ڕەحمەتی دەفەرموێ: ئەوی ئیختیلافاتمان لە ناودا دروست دەکات دیدو بۆچوونە جیاوەزەکان نین، بەڵکو ئەو هەواو هەوەسەیە کە لە دڵ و دەروونندا جێگیر بووە، کە خاوەنەکەی هەر لە سەرەتاوە هەواو هەوەس لە تایەکی تەرازووەکەدا دادەنێت و حەقیش لە تایەکەی تری، هەر لە سەرەتاشەوە بڕیار دەدات کە تای هەواو هەوەسەکەی قورستر بکات..

### تەوەرەی سێیەم: خۆپەسەندیی (إِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ)

لەو سێ دەردە دەرونیە کوشندەی تاك و کۆمەڵان دەفەوتێنن خۆپەسەندییە، سەرسام بوونی تاك و کۆیە بەو بارودۆخەی کە تێیدان بەو پلەو پایەیە کە هەیانە، بەو ڕاوبۆچوونەی لەسەرین! کە پێیان وایە هەر ئەوەی ئەوان تەواوەو هی خەڵکی تر کەم و کورتە یان هەڵەو چەوتە! ئەمەشە کە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەم فەرموودەدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەکو لە فەرموودەیەکی تریشدا دەربارەی دەفەرموێ: (لَوْ لَمْ تَكُونُوا تُذْنِبُونَ، خَشِيتُ عَلَيْكُمْ مَا هُوَ أَكْبَرُ مِنْ ذَلِكَ، الْعُجْبَ

الْعُجْبَ)[٣٠] واته : ئەگەر گوناحتان نەکردایە، مەترسی گەورەترم لێتان دەبوو: خۆپەسەندی خۆپەسەندی! ئەمە ڕاستە چونکە کابرای گوناحکار دەزانێت کە گوناحی کردووەو لای خوای گەورە چاوشۆڕە! دڵی لە ترپەی ترس و بیم ناکەوێت، هەمیشە هۆشی لای ئەوەیە تۆبە بکات، لەوانەیە کە گوێی لە ئامۆژگاریەکی خێر دەبێت، خێرا پەشیمان دەبێتەوەو ڕوو دەکاتەوە خوای گەورە و تۆبە دەکات ئینجا کردەوەی چاکە ئەنجام دەدات تا هیچ نەبێت لەگەڵ خراپەکەیدا بەرابەریان کاتەوە، بەڵام کەسانی وا هەن هەروا خۆیان ناسیووە کە هەر کردەوەی چاکەیان ئەنجام داوە، ئیتر وا دەزانێت ئەوەی لەسەر بووە بە تەواوی ئەنجامی داوەو هیچی لەسەر نەماوە، ئیتر بە شیاویی و لێوەشاوەیی خۆی شایانی بەهەشت بووە! حەتمەن دەشچێتە ناوی! لەوانەشە ئەوەندە هەڕاڵ (مەغروور) ببێت بڵێت هەر لە ژێر ئاڵای پێغەمبەرو پیاوچاکاندا ریز دەبم! ئەمەش لە سنوور دەرچوونێکی خەتەرە. بەمە خۆی دەفەوتێنێت.. هەرچی کردوێتی بە بای دەدات!! ئەمە هەڵوێستێکە کە پێغەمبەری نازداریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شتی وای نەفەرمووەو نەکردووە! ئەوەتا عوبەیدی کوڕی عومەیر لە دایکە عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت ڕادەی لەخواترسان و چۆنیەتی خواپەرستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە کە لێیان پرسی بوو: (أَخْبِرِينَا بِأَعْجَبِ شَيْءٍ رَأَيْتِيهِ مِنْ رَسُولِ الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! قَالَ: فَسَكَتَتْ، ثُمَّ قَالَتْ: لَمَّا كَانَ لَيْلَةً مِنْ اللَّيَالِي؛ قَالَ: يَا عَائِشَةُ! ذَرِينِي أَتَعَبَّدُ اللَّيْلَةَ لِرَبِّي. قُلْت: وَالله إِنِّي لَأُحِبُّ قُرْبَك، وَأُحِبُّ مَا يَسُرُّك! قَالَتْ: فَقَامَ فَتَطَهَّرَ ثُمَّ قَامَ يُصَلِّي، قَالَتْ: فَلَمْ يَزَلْ يَبْكِي حَتَّى بَلَّ حِجْرَهُ، قَالَتْ: وَكَانَ جَالِسًا فَلَمْ يَزَلْ يَبْكِي حَتَّى بَلَّ لِحْيَتَهُ، قَالَتْ: ثُمَّ بَكَى فَلَمْ يَزَلْ يَبْكِي حَتَّى بَلَّ الأَرْضَ! فَجَاءَ بِلاَلٌ يُؤْذِنُهُ بِالصَّلَاةِ؛ فَلَمَّا رَآهُ يَبْكِي؛ قَالَ :يَا رَسُولَ الله!

[٣٠] ئیمامی بەیهیقی لە (شعب الإيمان ب٥ ل ٤٥٣ ژمارە ٧٢٥٥) ڕیوایەتی کردووە، هەروەها مونزیری لە (الترغيب والترهيب ب٣ ل ٣٥٨ ژمارە٤٤٣١) داو شێخی ئەلبانی دەربارەی فەرمویەتی حەدیسێکی حەسەنە.. بڕوانە (صحيح الجامع ژمارە ٥٣٠٣).

تَبْكِي وَقَدْ غَفَرَ الله لَك مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِك وَمَا تَأَخَّرَ؟! قَالَ: أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا؟ لَقَدْ أُنْزِلَتْ عَلَيَّ اللَّيْلَةَ آيَةٌ وَيْلٌ لِمَنْ قَرَأَهَا وَلَمْ يَتَفَكَّرْ فِيهَا!(إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ.. الآية)[٣١] واته: ئایا زۆرترین شت که له پێغه‌مبه‌رته‌وه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیبوو که زۆر لات سه‌یر بوو، چی بوو؟! عوبه‌ید فه‌رمووی: عائیشه بێ ده‌نگ بوو، ئینجا فه‌رمووی: شه‌وێکیان پێغه‌مبه‌ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فه‌رمووی: ئه‌ی عائیشه، ئه‌مشه‌و لێم گه‌ڕێ با خواپه‌رستی بۆ خوای خۆم تێدا بکه‌م، ووتم: به‌خوا قه‌سه‌م من حه‌ز ده‌که‌م لێت نزیك بم، ئه‌و شته‌شم پێخۆشه که جه‌نابت پێت خۆشه، ده‌فه‌رموێ: ئینجا هه‌ستاو ده‌سنوێژی شت و که‌وته نوێژکردن. هه‌رگریا هه‌رگریا، هه‌رگریا تا کۆشی ته‌ڕ بوو! ئینجا دانیشت، هه‌ر به‌رده‌وام گریا تا هه‌موو ریشی به فرمێسکی ته‌ڕ بوو! دوای ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌نده گریا تا سه‌ر ئه‌رزه‌که‌شی ته‌ڕکرد! پاشان بیلالی حه‌به‌شی هات داوای لێ بکات که ئایا بانگی به‌یانی بدات؟! که ئه‌ویش بینی ئاوا ده‌گری، ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا له چی و بۆچی ده‌گری که خوای گه‌وره له گوناحی به‌رو دوات خۆش بووه؟! فه‌رمووی: ئه‌دی نه‌بمه به‌نده‌یه‌کی زۆر سوپاسیار؟![٣٢] ئه‌مشه‌و ئایه‌تێکم بۆ هاتۆته خواره‌وه، وه‌یل بۆ ئه‌و که‌سه‌ی ده‌یخوێنێته‌وه‌و بیری لێ ناکاته‌وه، ئایه‌تی (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ)به راستی له خه‌ڵق کردنی ئاسمانه‌کان وزه‌ویدا.. هه‌رهه‌موو ئایه‌ته‌که .[٣٣]

---

[٣١] ئیبنوحیببان له (صحیح٣٨٦/٢ ژماره٦٢٠) و هه‌یسه‌می له (موارد الظمآن ژماره ٥٢٣) گێڕاویانه‌ته‌وه‌و شێخی ئه‌لبانیش له (صحیح الترغیب والترهیب ژماره١٤٦٨) فه‌رموویه‌تی حه‌دیسێکی حه‌سه‌نه..

[٣٢] چونکه خوای گه‌وره باسی سه‌ییدنا نوحی کردووه که (إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا) الاسراء/٣ واته: ئه‌وعه‌بدێکی سوپاسیاری خوا بوو ئه‌میش ده‌یوویست بگاته پله‌ی ئه‌و، سه‌لامی خوایان لێ بێت!!

[٣٣] هه‌موو ئایه‌ته‌که که: (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ)آل عمران/ ١٩٠ چوارئایه‌تی دوای ئه‌ویش هه‌رله‌و ته‌وه‌ره‌ن..

ئەگەر ئەمە دۆخی پێغەمبەری نازدارو خۆشەویستی خوای مەزن بێت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بێ گوناحەو هەرچیەکیشی هەبووبێت خوای گەورە لێی خۆش بووە!! ئەدی حاڵی ئێمەمانان چی دەبێت کە هەر خوا دەزانێ چیمان کردووەو چی دەکەین؟! ئەو پێغەمبەرە خواوویست و خواناسە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە وەکو موزەنی خوا لێی رازی بێت لێوەی دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: (إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِيْ وَإِنِّيْ لأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ)[٣٤] واتە: جاری وا هەیە غەفڵەتێك بەسەر دڵمدا دێت هەر کە هەستی پێ دەکەم دەسبەجێ سەد جار داوای لێبوردن لە خوای گەورە دەکەم!! یەعنی ساتێکی کەمیش لە زیکری خوا غافڵ نەبووە!! ئەمە حاڵی ئەو پێغەمبەرە خواپەرستەیە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە جاری وا هەبووە لە یەك ڕکاتی شەونوێژیدا سورەتەکانی بەقەرەو ئالی عیمران و نیساء و مائیدەی خوێندووە!! کە دەکەنە شەش جوزء واتە ٦٦٢ ئایەت لەو ئایەتە درێژانەو بە خوێندنەوەی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لەسەرخۆ خوێندوێتی و لە کۆتایی هەموو ئایەتەکاندا وەستاوەو ئەوی سوپاسی وویستبێت کردوێتی و ئەوی داوای لێبوردنی پێ کرا بێت کردوێتی و وە هەروەها!

لەگەڵ ئەم هەموو خواناسی و خواپەرستیەشیدا سەیر کە لە ریوایەتی ئەبو سەعیدی خودریدا خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: (قَارِبُوا وَسَدِّدُوا وَاعْلَمُوا أَنَّهُ لَنْ يَنْجُوَ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ! قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ)[٣٥] بێ توندڕەویی و کەمتەرخەمی، راست و دروست کار بکەن، ئەوەش بزانن کە کەس بە کردەوەی خۆی قوتاری نابێت! ووتیان: جەنابیشت ئەی

---

[٣٤] موسلیم ( ژمارە ٤٨٧٠)..

[٣٥] موسلیم ( ژمارە ٣٣٨)..

پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: بەڵێ، منیش مەگەر خوای گەورە بمخاتە ژێر لێزمەی ڕەحمەتی خۆی..

پەنا بە خوای بەدەسەڵات و ئاگادارو داناو زانا.. جا با ئەو کەسەی بەو تۆزە کارە چاکانەی خۆی دەسخەڕۆ بووەو پێی هەڕاڵ بووەو خۆی لا پەسەند بووە سەیری ئەم فەرموودانە کات !!

با ئەو کەسەی وا دەزانێت کە ئیسلامەتی بۆ ئێمە مانان گرتووە، سەیری حاڵی خۆی و خواناسان بکات، با زۆر سەرنج داتە خۆی و یەك ئاوڕێکیش لە خواناسی و خواپەرستی پێغەمبەری خواوویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بداتەوە، بزانێت چی بۆ دەردەکەوێت؟!! با بە نەزانی و نەفامی نەکەوێتە ریزی دووڕووەکانەوە کە بە منەتەوە دەیانووت: خۆ ئەی ﷴ ئێمە باوەڕمان بە تۆ هێناوەو هاتووینەتە ریزی باوەڕدارانت!! خوای گەورەش ڕەددی لێ دانەوەو فەرمووی: (يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) الحجرات/١٧ واتە: منەت بەسەرتۆدا دەکەن کە گوایە باوەڕیان هێناوەو موسوڵمان بوون! پێیان بڵێ: موسوڵمان بوونەکەتان بە منەت بەسەر مندا مەدەنەوە! هەقی خوای گەورەیە کە منەتتان بەسەر دا بکات، چونکە ئەو ڕێی باوەڕهێنانی نیشان داون، ئەگەرراست دەکەن و پەی بە شت دەبەن ..

ئەمە ڕەفتارو ڕەوشت و حاڵی موسوڵمانانی تریشە کە لە خوای خۆیان خۆش دەوێت و لە خۆشی و ترسیدا دەیپەرستن و هەمیشە لە خەمی ئەوەشدان کە نوێژو تاعەت و عیبادەتەکانیان گیرا نەبووبێت!! نەك منەت بکەن و بڵێن ئێمە هەزاران فەرزمان کردووە جا با فەرزێکیان نەکەین!! گوێ بگرە لەم فەرموودەی پێغەمبەری خواناس صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دایکە عائیشە خوا لێی رازی بێت

لێیەوە دەگێڕێتەوە کە خۆی دەفەرموێ: (سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: "وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ" قَالَتْ عَائِشَةُ: أَهُمْ الَّذِينَ يَشْرَبُونَ الْخَمْرَ وَيَسْرِقُونَ؟ قَالَ: لَا يَا بِنْتَ الصِّدِّيقِ وَلَكِنَّهُمْ الَّذِينَ يَصُومُونَ وَيُصَلُّونَ وَيَتَصَدَّقُونَ وَهُمْ يَخَافُونَ أَنْ لَا يُقْبَلَ مِنْهُمْ، أُولَئِكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ)[٣٦] واتە: پرسیارم لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد دەربارەی ئەم ئایەتەی (المؤمنون/٦٠) کە خوای گەورە دەفەرموێ: ئەوانەی کە خێرو خێراتیش دەکەن و هێشتا هەر لە دڵە خورپێدان و دەترسن! ئەوانە بەرەو لای خوای خۆیان دەگەڕێنەوە.. عائیشە دەفەرموێ: ووتم: ئەمانە ئەوانەن کە شەراب دەخۆنەوەو دەدزن؟! فەرمووی: نا کچی سددیق، ئەمانە ئەوانەن کە بەرۆژوو دەبن و نوێژ دەکەن و خێرو خێرات دەکەن بەڵام هەر لە ترسی ئەوەدان کە لێیان قبووڵ نەکرابێت! ئەمانە ئەوانەن کە بۆ هەموو کارێکی خێر لە پێشەوەن و بۆ چاکەکاریی بە هەڵەداوان رادەکەن..

جا ئەمە حاڵی ئەو کەسانە بێت کە ئەوەندە خواناس و پیاوچاکن و هێشتا هەر لە دڵە لەرزەی ئەوەدان کە داخۆ لێیان قبووڵ بووە یان نا! دەبێ حاڵی من و تۆ چۆن بێت؟! ئیتر بەچی مەغروور بین؟!

* * *

[٣٦] ترمذي گێڕاوێتیەوە ( ژمارە ٣١٧٥) و شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي ٢٨٧/٣) دا دەفەرموێ سەحیحە.

## فەرموودەی حەوتەم:

### خیانەتی بەرپرسان و سزایان

عَنْ هِشَامٍ عَنْ الْحَسَنِ قَالَ: أَتَيْنَا مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ نَعُودُهُ فَدَخَلَ عَلَيْنَا عُبَيْدُ اللَّهِ فَقَالَ لَهُ مَعْقِلٌ أُحَدِّثُكَ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ:

(مَا مِنْ وَالٍ يَلِي رَعِيَّةً مِنْ الْمُسْلِمِينَ فَيَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لَهُمْ إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)[٣٧]

### مانای گشتی فەرموودەکە

واتە: لە هیشامەوە لە ئەلحەسەنەوە فەرمووی: چووین سەردانی مەعقیلی کوڕی یەسار بکەین کە نەخۆش بوو، عوبەیدوالله هاتە ژوورەوە، مەعقیل پێی فەرموو: فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە خۆم لە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە، ئینجا فەرمووی: (هەر کاربەدەستێك ببێت بە بەرپرسی کۆمەڵە کەسێك لە موسوڵمانان و غەشیان لێ بکات، بە تەئکید خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکات. لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ : وَعَنْ مَعْقِلٌ بْنَ يَسَارٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

(مَا مِن عَبدٍ يَستَرعِيهِ اللهُ رَعِيَّةً فَلَم يُحِطْهَا بِنُصحِهِ إلاَّ لم يَجِدْ رَائِحَةَ الجَنَّةِ) متفق عليه[٣٨]

---

[٣٧] متفق عليه: بوخاري (ب٨ ل١٠٨) (ژمارە ٦٧٣٢)، موسلیم: (١٤٢)، داریمی (٢٧٩٦).

واتە : خوای گەورە هەربەندەیەکی خۆی بکاتە بەرپرسی ڕەعیەتێك و بە ئاڕاستەی هەق ئامۆژگارییان نەکات بۆنی بەهەشت ناکات..

راویەکەی

سەیدنا مەعقیلی کوڕی یەساری موزەنی بەسرایی خوا لێی رازی بێت یەکێکە لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوانەی بەیعەتی رزوانی بە پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوە، ئەم بوو لە کاتی بەیعەت دانەکەدا لق و گەڵای دارەکەی لەسەر دەم و چاوی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرز کردبۆوە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاوەتەوەو هەندێك لە یاوەرانیش لەمەوە ریوایەتیان کردووە لەوانە عیمرانی کوڕی حەسین هەرچەندە لەمیش گەورەتر بووە لە تابعینیش: حەسەنی بەسری و ئەبومولەیحی کوڕی ئوسامەو معاویەی کوڕی قوڕڕەی موزەنی و عەلقەمەی کوڕی عبداللە.. ئیمامی زەهەبی لە محمدی کوڕی سەعدەوە نەقڵی کردووە کە کەس لە یاوەران جگە لەم بە کونیەی ئەبوعەلی بانگ نەکراوە.. لە جەنگی پاشگەزبووەکاندا سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت کردی بە فەرماندەی لەشکرێك و سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابیش خوا لێی رازی بێت کردی بە فەرماندەی لەشکرێك بۆ ئازادکردنی وولاتی فارس، پاشانیش کردی بە والی بەسرە. ئەو Rوبارەی لە ناو بەسرەدا تا ئێستاش بە ناوی روباری مەعقیلەوەیە، ئەم یاوەرە بەڕێزە رایکێشاوە. لە کۆتایی سەردەمی خیلافەتی معاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا خوا لێیان رازی بێت لە بەسرە کۆچی دوایی کرد.. خوای گەورە لێی خۆش بێت.

[38] مسلم (ژمارە ١٤٢).

## عوبەیدوالله كێیە كە سەیدنا مەعقیل ئامۆژگاری كردووە؟!

عوبەیدوالله كە سەیدنا مەعقیل ئەم فەرموودەی بۆ گێڕاوەتەوە كوڕی زیادە كە لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا یەزیدی كوڕی معاویەی كوڕی ئەبو سوفیان كردبووی بە والی كوفە، عوبەیدوالله بوو كە ئیمامی حوسەینی شەهید كردو سەری بڕاوی نارد بۆ شام! ئەم عوبەیدوالله تاوانبارە بوو كە شەڕی هەموو موسوڵمانانی عێراق و میسرو خۆراسانی كردو دواییش لە ساڵی ٦٧ ك و هەر لە عاشورادا كوژرایەوە.. دایكی كە ناوی مەرجانە بوو هەموو جارێك پێی دەووت: ڕۆڵە مادام كچەزای پێغەمبەری خوات صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەهید كردووە بە خوا لێخۆشبوونت نابێت.. لەبەر ئەوەی عوبەیدوالله یەكێكە لەو والیانەی غەش و خیانەتی لە ڕەعیەتە موسوڵمانەكە كردووە بۆیە سەیدنا مەعقیل ئەم فەرموودەی بۆ هێناوەتەوەو ئامۆژگاری كردووە .

## لێكدانەوەی فەرموودەكە

ئیسلام زۆر بایەخی بە پەروەردە كردنی پارسەنگی موسوڵمان داوە، چونكە بە ئیسلامەكەی خەڵكی لێ كۆ دەبێتەوە، یان ئیسلامەكەی بۆی دەبێتە تەزكیەو دەبێتە جێمتمانە، ئەوكاتەش بۆ پلەی بەرپرسیارێتی بەرز دەبێتەوە، جا ئەگەر پەروەردەیەكی ڕەسەن نەكرابوو، ئەوە ئیحتیمالی هەر زۆر ئەوەیە كە پلەو پایەكەی یان سەروەت و سامانێك كە دەكەوێتە بەردەستی بۆ خۆی و حاشیەو كەسوكاری خۆی بەكار دەهێنێتەوەو موسوڵمانانی لێ مەحرووم دەكات، تا وەكو فەرموودەكە ئاماژەی پێ

دەکات دەبێتە خیانەتکار (غاش) واتە ئەو کەسەی کە غەش دەکات.. لەبەر ئەم کاریگەرێتیەو سووك نەکردنی ئیسلامە کە ئیسلام کۆڵی قورسی تەعین کردنی بەرپرسان و کاربەدەستانی موسوڵمانانی خستۆتەوە بەر دەستی خەلیفەو جێگرەکانی، تا ئەوان ووردەکارانە کەسانی خواناس و شیاو بکەنە بەرپرس و سەرپەرشتیاری کاروباری موسوڵمانان، چونکە ئەگەر بەرپرسەکان چاك و پاك و شیاو بوون خەڵکی لەوانەوە زیاتر ڕێزی ئیسلامەکە دەگرێ و پێوەی پابەندتر دەبێت، ئەگەر نا خەڵکەکەش فێری گەندەڵی و ڕەوشتی مونحەریفی بەرپرسان دەبێت و دینیشیان لا سووك دەبێت و پابەندبوونیشیان بە تەقواو دینداریەوە لاواز دەبێت..

یەکەمین خاڵی دیار کە لەم فەرموودەیەدا دێتە پێش، بیر خستنەوەی قیامەت و مەحرووم بوونیانە لە بەهەشتی بەرینی خوای گەورە کە لە دوای ڕەزامەندی خوای گەورە وەکو پاداشتێك دەدرێتە کەسانێك کە شایەنین.. ئەم بەرپرسە گەندەڵ و خائینە شایانی بەهەشت نەبووە، کەوابوو شایانی سزای خوایەو بە دۆزەخ دەبێت سزا بدرێت.. ئەو دڵانە بەم هەڕەشەیە رادەچەنێت کە باوەڕی بە قیامەت و لێپرسینەوەی خوای کردگارو خاوەن و دادپەروەرو زاناو توانا هەیە ..

ئەوی دینداریەکەی ساغە لە بەرپرسێتی رادەکات، کە بە زۆر دایانێ، شەونخوونی بۆ دەکێشێت، لە خزمەتی خەڵکەکەیدا دەبێت، ئامۆژگاریی خێریان دەکات، دادی شەرعی خوایی لە ناویاندا پیادە دەکات، ناهێڵێت واسیتەکاریی و بەرتیل خۆریی لە ناویاندا دروست ببێت، مەترسیان لە ڕەعیەتەکەی دوور دەخاتەوەو هەوڵی مسۆگەر کردنی نان و ئەمانیان دەدات، کامەرانییان بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمنیەتی بژێوی و ژیانیان بۆ دابین دەکات، وەکو سەربازێکی سەر راست دەیانپارێزێت، بەم هەست و هەڵوێستەیە کەشایانی ڕەزامەندی خوای گەورەو بەهەشتەکەی دەبێت.

ئەمما ئەو بەرپرسەی خائینە، ئەوی ستەمکارو دوور لە دادی شەریعەتە، ئەوی هەواوهەوەسی خۆی یان هەواو هەوەسی کەسانی تری کردۆتە یاساو ڕێساو بڕیاری حوکمڕانی، ئەو کەسەی دەرگای زیندانی بۆ ڕەعیەتەکە واڵا کردووەو جەللادانی بێڕوحمی تێ بەرداون، ئەو بەرپرسەی نان و ئەمانی لە خەڵکەکە گرتۆتەوە، ئەوی واسیتکاریی و تەزکیەی حزبی لێ کردوونەتە مەرجی نان و ئەمان، ئەوی فێرعەونانە خەڵکەکەی دابڕ دابڕ کردووەو نەیارانی خۆی لە قاقڕووزە پێچاوە، ئەوە مومکین نیە بەر ڕەزامەندی خوای زاناو توانا بکەوێت، مومکین نیە بەهەشتی خوای پێ ببڕێت! ئەوە شایانی غەزەب و سزای دۆزەخە ..

هەر لەم ئاراستە سەنگینەوەیە کە لە دەیان ئاڕاستەی دیکەدا پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت، لەوانە :

- (كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ"، الْإِمَامُ رَاعٍ وَمَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ) متفق علية[٣٩] واتە: هەمووتان بەرپەرسن، هەمووشتان دەربارەی ڕەعیەتەکەی بەردەستتان لێتان دەپرسرێتەوە، پێشەوا (کاربەدەست و ئەمیرو خەلیفە) بەرپرسە، دەرهەق بە ڕەعیەتەکەی لێی دەپرسرێتەوە ..

- (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ" يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ : إِمَامٌ عَادِلٌ ...)[٤٠] واتە: حەوت پۆل خەڵك هەن کە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە،

---

[٣٩] بوخاری(١٨٢٩)، ئیمامی محمدی کوڕی حەسەنی شەیبانی لە ئیمامی مالیکەوە (٩٩١)، ئەبوداوود(٢٩٢٨)، ترمذي (١٧٠٥)، ئیمامی ئەحمەد (٥١٦٧).

[٤٠] بوخاری(٦٢٩)، موسلیم (١٠٣١)، یەحیای لەیسی لە ئیمامی مالیکەوە (١٧٠٩)، ئەبوداوود(٢٩٢٨)، ترمذي (٢٣٩١)، نەسائی (٥٣٨٠)، ئیمامی ئەحمەد (٩٦٦٣)، ئیبنو خوزەیمە (٣٥٨)، ئیبنوحیببان (٤٤٨٩).

لەو رۆژەدا کە هیچ سایەو سێبەرێك نیە جگە لەوەی خوای گەورە: یەکەمینیان: پێشەوایەکی دادپەروەر ..

- (اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا" فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ)[٤١] واتە: خوایە هەر کەس بەرپرسێتی شتێکی لەم ئوممەتەی مندا گرتە دەست و توندوتیژبوو بەرامبەریان، تۆش توندوتیژبە بەرامبەری، هەر کەسیش بەرپرسێتی گرتە دەست و لەگەڵیاندا نەرم و نیان بوو، خوایە تۆش لەگەڵیدا نەرم و نیان بە..

پوختەی پەندو ئامۆژگاری ئەم فەرموودەیە

١- لە گەورەترین خیانەت ئەوەیە کە کەسێك یان کۆمەڵێك (حزبێك) بەیعەتی پێبدرێت کە کار بۆ حاکمیەتی دینی خوا بکات تا شەریعەتی خوا راپەڕێنێت، بەڵام ئەو یان ئەوان دوای کۆبوونەوەی خەڵکی لێیان و هاوکاری کردن و بەهێزکردنیان ئینحیراف بە بەرنامەو رێبازەکە بکەن. دەرهەق بەمە کە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوی ناوە (غەدر) دەفەرموێت: (لِكُلِّ غَادِرٍ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرْفَعُ لَهُ بِقَدْرِ غَدْرِهِ أَلاَ وَلاَ غَادِرَ أَعْظَمُ غَدْرًا مِنْ أَمِيرِ عَامَّةٍ)[٤٢] واتە: لە رۆژی دواییدا هەموو کەسێکی غەددارو خائین ئاڵایەکی دەبێت (بۆ ناسینەوەی لە پشت سەریەوە هەڵکراوە) بەقەدەر ئاستی غەدرەکەی بەرز دەکرێتەوە، بەڵام غەدری کەس لە غەدرو خیانەتی ئەمیری گشتی گەورە تر نیە! هەر ئەوەندە بەسە بۆ گەورەیی ئەم بەرپرسێتی و دژواری خیانەتی ئەمیر کە بە نەچەسپاندنی شەریعەتی خوای گەورە

[٤١] موسلیم (١٨٢٨)، ئەحمەد (٢٤٦٦٦)، ئیبنوحیببان (٥٥٣).
[٤٢] رواه مسلم، انظر المشكاة : (٣٧٢٧).

بەیعەتەکەی هەڵدەوەشێتەوەو ملکەچیی و گوێڕایەڵی لە گەردنی کەسدا نامێنێت و شۆڕش بەرپا کردن دژیی دەبێتە فەرز تا لابدرێت.. ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: ئەگەرحاکم کوفری لێ دەرکەوت یان شەرعی خوای گۆڕی دەبێت لابدرێت![43]

٢- لە گەورەترین خیانەتی کاربەدەستان و بەرپرسانی گەندەڵی وولاتی موسوڵمانان ئەوەیە کە شەریعەتەکەی خوایان کەنار داوەو دژایەتیشی دەکەن، هەرچی نوسەری کافرو مورتەددە هێناویانەتە پێشێ و کردوویاننەتە دەمڕاست و دەزگاکانی ئاڕاستەی کۆمەڵگەی مەدەنییان خستۆتە ئیختیاریان! خۆشیان دەسەڵاتێکی پۆلیسییان گرتۆتە دەست و زیندانیان بە نەیارانی فیکریی و سیاسیی خۆیان پڕ کردۆتەوەو پارەو سەروەت و سامانی ئوممەتیان لەبەر دەستدایەو پرۆژەی رۆژئاوایەکی کافر لە ناو موسوڵماناندا پیادە دەکەن و هەر کەسێکیش بەرهەڵستی کوفرە زەقەکانیان بکات بە تیرۆریستی دەدەنە قەڵەم و خۆشیان بە کافرێتی بۆی دەردەچن! بەرپرسانی خائین بە ملیارات پارە دەدزن و میللەتە رەشورووتە مەحرووم کراوەکەش کەلاوەیەکی نیە شەوی تێدا بباتە سەر! دەیان رێکخراوی رۆژئاوایی جاسووسی بەسەر میللەتەکەوە دەکەن و دەیان کۆمپانیای موفلیس هاتوونەتە وولاتەوەو لەسەر خێرو بێری میللەتە زەلیلکراوەکە هەستاونەتەوە، چونکە بە بەرتیلدان بە بەرپرسە کافرەکانی جێ ورێی خۆیان و کۆمپانیاکانیان کردۆتەوە!

٣- دیسان لە گەورەترین خیانەتی بەرپرسان لە وولاتی موسوڵماناندا ئەوەیە کە بونیادی فیکریی ئوممەتەکەو سیستمی سیاسی و ئابوری و داوەریی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر ئیسلام دامەزرابوو، هەمووی گۆڕراوە بە فیکری رۆژئاوایی

[43] صحیح مسلم بشرح النووی: (٢٤٢/١٢). لەم زەمانی بەرەڵایی کوردی باشووردا دەبینیت دوو حزبی ئیسلامی کەسێکی عەلەمانی مورتەدد دەکەنە سەرۆکی کوردستان و بە دەستوورە مونحەریفەکەشی دەڵێن لەسەدا سەد ئیسلامیە!!.

نەزۆك و لەرزۆك كە هەر پەنجا ساڵ و لەسەر دیدو تێڕوانین و پێناسەی بیرمەندێكی سەرلێشێواوی دی دایدەمەزرێنن، ئینجا لە دیدی شەڕەنگێزیی ئەوانەوە بەر دەبنە جیهانی مەحرووەمان! بەرپرسانی گەندەڵی وولاتی موسوڵمانانیش شوێنیان دەكەون و رێی وولاتیان بۆ والا دەكەن، تا بە دیدو نەخشەی فیكریی و سیاسی خۆیانەوە بێن و كۆدەتایەكی فیكریی و كلتوریی بەسەر ئوممەتە موسوڵمانەكەدا بكەن. كە یەكسەر بەدوایدا دۆڕانی دووەم دێن كە لە رێبازو ئامانجە سیاسیەكاندایە، ئەمیشیان هەر بە هۆی ئەم خۆفرۆشییەوە دروست دەبێت، ئینجا دەیان دروشمی فشەڵی وەكو مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و بەیاسایی كردنی دەزگاكان و ئاسوودەی گەل و شتی وا كە هیچ لە هیچیان نایاتە دی..[٤٤]

٤- دیسان لە گەورەترین خیانەتی بەرپرسان ئەوەیە كە كەس بێ تەزكیەو ئیمزای ئەوان نە تەعین دەبێت نە دەتوانێت پارچە زەویەك بكڕێت یان دوكانێك بفرۆشێت! نان و ئەمانی خێزانە هەژارەكان وا لە دەست ئەواندا و بە تەزكیەی حزبی یان ئیمزای بەرپرسێكی خانەوادەی حوكمڕان نەبێت كەس بە كەنناس و فەڕاش تەعین نابێت .

دەوڵەمەندە سەرەخۆكانیش ووردە ووردە بە فێڵ و یاسای هەژاركردن و پەڕاوێز كردن، یان بە زۆرو زێڕ و چەواشەكاریی رێی كاریگەرییان لێ دەگیرێت و كۆمەڵگەكە دەبێتە دوو چین، چینێكی ئیستیكباری قاروونی و چینێكی مەحروومی بێ نان و ئەمان! هەردوو پۆلەكەش دەخرێنەوە ناو دەستاری مونافەسەی ناشەریفی ئەو كاربەدەستە خوێنمژانە تا ئەوەندەی تر ئەو خەڵكە داماوە بە زەلیلی بۆ نان

---

[٤٤] سەیرێكی كوردایەتی كەین چۆن لە باشوری كوردستاندا رووتەڵ كەوتووەو ئابڕووی چووە؟! هەموو رەنجی خەبات و خوێن و ئەنفال و كیمیاویی و شاربەدەریی و ئاوارەیی هەیە بۆتە رێژەیەكی بوجەی حكومەتی مەركەزیی بەغدا كە هەموو ساڵێك دەكرێتەوە مایەی قاچانەوەی كوردو دەست پێ هەڵگرتنی لە ئامانجە گەورەكانی ئەمنی قەومی كوردستانی!!

پەیداکردنی خۆی و قووتی خێزانی بۆ تەزکیەی حزب یان ئیمزای بەرپرسانی خێڵ، دێت و دەچێت وەکو سەرگەردانی وێڵ!

٥- دیسان لە گەورەترین خیانەت، بێ دەنگی و مشەخۆری زانایان و شەرعناسانە، کە لەو هەموو کوفرو ستەم و گەندەڵییە بێ دەنگ دەبن، زۆرینەیان دەبنەوە بە فەرمانبەری حکومەت و بە دەم چەور کردنێکی سادە زمانیان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی دەگێڕن و بە سەدان فەتوای سەقەت شەرعێتیان پێ دەدەن!

زانای شەرعناس کە پێشەوایەتی نوێژی خەڵکی دەکەن لە حزووری خوای گەورەدا دەبێت پێشەوایەتی ئوممەتەکەش بکات لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا، دادپەروەر بن یان ستەمکار، نەك خۆی ببێتە مایەی رازاندنەوەی کوفرو ستەمی حوکم و مایەی فریوودانی جەماوەرەکەی سیاسەتمەداران بۆ بەرژەوەندی مانەوەی خۆیان چەواشەیان کردووە.. مەلا دەبێت پێشەنگی کۆمەڵکاریی گۆڕانکاریی بێت نەك مشەخۆری زەلیلی لای دەسەلات! بەڵام بەداخەوە لە هەموو دنیای سوننیدا کە هەزاران مەلای تێدایە ئەوانەی پێشەنگی میللەتە مەحرووومەکەن بە پەنجەی دەست دەژمێررێن!

* * *

ئەوەی ئەو تین و فشارە لەسەر ئوممەتەکە لادەدات هۆشیاریی میللەتەکە خۆیەتی: کە بە چۆنیەتی گۆڕان و کۆمەڵکاری قورئانی، ئینجا زانینی ماف و ئەرك و دەسەڵاتی خۆی و حوکمڕایانی، زانینی شەرعێتی و ناشەرعێتی دەسەڵاتی سیاسی ووڵاتی خۆی

كه ئەركێكی دینی سەرشانی یەك یەكی زاناو داعیانی ئیسلامەو نواندنی هەر كەم و كورتیەك تێیاندا خیانەتە لە خواو پێغەمبەرو لە موسوڵمانان .

* * *

## فەرموودەی هەشتەم:

### بە ئەعرابی بوونەوە

عَنْ سَهْلِ بنِ أَبِي حَثْمَةَ عَنْ أبيهِ قالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عليهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: (إجْتَنِبُوا الكَبَائِرَ السَّبْعَ، فَسَكَتَ النَّاسُ فَلَمْ يَتكَلَّمْ أَحَدٌ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عليهِ وَسَلَّمَ : أَلَا تَسْأَلونِي عَنهُنَّ؟ الشِّرْكُ بِاللهِ، وَقَتْلُ النَّفْسِ، والْفِرارُ مِن الزَّحْفِ، وَأكِلُ مَالِ الْيَتيمِ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَةِ، وَالتَّعَرُّبُ بَعْدَ الْهِجْرَةِ).

رواه الطبراني[٤٥]

### مانای گشتی فەرموودەکە

سەیدنا سەهلی کوڕی ئەبوحەسەمە لە باوکیەوە گێڕایەوە، فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو لەسەر مینبەر فەرمووی: توخنی حەوت گوناحە گەورەکە نەکەون! خەڵکەکە کش و مات بوون، کەس هیچی نەووت. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: لێم ناپرسن ئەوانە چین؟! ئەوانە: شەریك بۆ خوابڕیاردان و کوشتنی کەسی بێ تاوان و هەڵاتن لە جیهادو خواردنی ماڵی هەتیوو خواردنی سوو (ریبا) و تۆمەتبار کردنی ئافرەتی داوێن پاك بە زیناو، بوونەوە بە ئەعرابیە دوای کۆچکردن ..

[٤٥] الاوسط (١٠٣/٦ .ژمارە (٥٦٣٦) الالباني: سلسلة الأحاديث الصحيحة (ب ٥ ژمارە ٢٢٤٤) ، و صحيح الجامع الصغير (٤٤٨٢).

## راویەکەی

سەیدنا سەهلی کوڕی ئەبوحەسەمە، کونیەکەی ئەبوعبدالرحمان و ئەبو یەحیایە، لە ناوی باوکیدا راجوێییەك هەیە کە ئایا عبداللەیە یان عوبەیدوالله.. سەیدنا سەهل ساڵی سێ کۆچی لەدایکبووە.. سەیدنا سەهل لەو یاوەرە کەم تەمەنانەبوو کە بەیعەتیان لە بن درەختەکەدا بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا.. دەلیلی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو لە جەنگی ئوحوددا.. هەموو غەزاکانی -جگە لە بەدر- لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینیووە.. لە سەرەتای حوکمی سەیدنا معاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد.. خوا لێی رازی بێت..

زۆر لە زانایانی تابعین فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە، وەکو نافیعی کوڕی جوبەیرو عبدالرحمانی کوڕی مەسعوودو بەشیری کوڕی یەسارو دەیانی تر.. ریوایەتی نوێژی ترس (صلاة الخوف)ی بە ناوبانگەو بە سەنەدی سەحیحەوە لای زۆرینەی فەرموودەوانان هەیە..

## لێکدانەوەی فەرموودەکە

١- نیشتەجێبوون وژیان لە دەشت ولای دەوارنشین (بەدوو) هەڵوێست ورەفتارێکی ئاساییەو ناشەرعی نیە.. هەر لە کۆنەوە خەڵکی منداڵی خۆیان ناردۆتە ناو دەشتەکییەکان تا فێری ئادابی رەسەن و جوامێریی و ئازایەتی ببێت.. ئەوە پێش ئیسلامیش هەبووە، کە پێغەمبەری خۆشەوویستیان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە

منداڵی نارده ناو دەشتیەکیەکان.. دیسان ئەمە لە دوای ئیسلامیش هەر وا بە پەسەند کراویی مایەوە ..

٢- لە شەرعدا گەڕانەوە لە جێ و پەناجێی کۆچ و مەئواو دارالاسلامەوە بۆ ناو دەوارنشینان بە گشتی لە ریزی گوناحە گەورەکان هەژمارد کراوە.. چونکە هەنگاوێکی ماوە بۆ ئەعرابی بوونەوە.. واتە بۆ وەرگرتنی دیدو هەڵوێستی ئەعرابەکان.. یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای سەرکەوتنی ئیسلام و پاکبوونەوەی هەموو نیوەدۆرگەی عەرەب لە شیرك و بت پەرستی، نەیاندەویست بگەڕێنەوە بۆ مەککەو بە موسوڵمانێتی دابنیشن! ئەمما ئەو تاکە یاوەرەی کە دوای کۆچی بۆ مەدینە گەڕایەوە بۆ مەککەو هەر بە موسوڵمانێتی لەوێ ژیا، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی فەرمووی: (وَلَكِنَّ الْبَائِسَ سَعْدُ بْنُ خَوْلَةَ)[٤٦] واتە: داماو سەعدی کوڕی خەولەیە.. لەبەر ئەوەی ئەم یاوەرە بەڕێزە پێشتر لە مەککەوە هیجرەتی بۆ مەدینە کردبوو، بەشداری غەزای بەدری کردبوو، کەچی دوایی بە ئیختیاری خۆی چووەوە بۆ مەککەو لەوێ کۆچی دوایی کرد، ئیتر ئاوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەمی بۆ دەخوات کە ئاوا هیجرەتەکەی هەڵوەشاندەوە!!

٣- ئەعراب پۆلە خەڵکێك بوون کە تێگەیشتنیان کەم و کورت بوو، دەمارگیریی و سیفەتە ناقۆڵاکانی جاهیلێتی دایڕشتبوون و ئامادە نەبوون بۆ ئیسلامەکەی بگۆڕن.. بۆیە سەرزارەکی موسوڵمان بوون، موسوڵمان بوونێکی هاکەزایی لامسەرلایی! بەڵام لە ناخیاندا لەسەر هەمان دیدو ڕێ و ڕێساو نەریتی جاهیلییەتی خۆیان مانەوەو حەزیان نە بە تێکەڵاوی موسوڵمانان دەکرد، نە بە هیجرەت کردن بۆ مەئواو دارالاسلام و ناو موسوڵمانان! ئەمانە تێیاندا بوو دووڕوو (مونافیق) بوو،

[٤٦] لە هەردوو سەحیحەین و ترمذي و ئەوانی تریشدا هەیەو ئەمەش لەفزی موسلیمە (ژمارە ١٦٢٨).

تێشیاندا بوو موسوڵمان بوو، بەڵام موسوڵمانی عەشایرو کەڕوکونتێی شوێن بەرژەوەندی خۆ!

٤- ئەم ئەعرابی بوونەوە پەیوەندی نییە بە دەوارنشینی و دەشتەکێتی، دەشێت کابرا مامۆستای زانکۆ بێت و بووبێتەوە بە ئەعرابی، دەشێت کابرا سەرکردایەتیەکی ئیسلامی بووبێت و ئێستا بووبێتەوە بە ئەعرابی.. مەگەر ئەو کەسانەی لە سەرکردایەتی بزوتنەوەو حزبە ئیسلامیەکان بوون و دواتر لە ترسان یان لە برسان چۆکیان بۆ جاهیلییەت داداو رازی بوون -دوای هیجرەت کردنیان- بچنەوە ژێر سایەی ئەوان ئەمە بە ئەعرابی بوونەوە نیە؟! ئەو کەسانەی کە سەردەمانی جادەی پان و سەیارەی تایە باڵۆندا دەیانووت ئێمە ئیسلامین و جیهادین! قوربانی ئەو فیشەکە بین کە پێمان دەکەوێت! پاشان تەبەڕایان لە رابوردووی خۆیان کردو سەرشۆڕی بەر سێبەری تاغووتانیان پێ باشتربوو وەك لە هیجرەت و جیهادو سەربەرزیی، مەگەر ئەمە ئەو بە ئەعرابی بوونەوەیە نیە کە فەرموودەکان ئاماژەی پێ دەکەن؟! بەدی بۆچی ئەو نیە؟! ئایا ئەم ئایەت و فەرموودەو حوکمە شەرعیانە هەر ئەوەندە بوون کە بوونە قامچی و بەرشان و پشتی دەوارنشینی دەشتەکی عەرەبی کۆن کەوتن و ئیتر ئایەتەکانی نەسخ بوونەوەو فەرموودەو حوکمە شەرعیەکانیش بەو مانا مردووە لێکدرانەوە؟! ئەمە چۆن دەگونجێت؟!

٥- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەوەی داوا لە نیشتەجێی دەشت و دەوارنشینی کۆچەری دەکرێت، وەلائە.. واتە گوێڕایەڵی و ملکەچی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. واتە ملکەچی بۆ بڕیارو یاساو دەستوری دارالاسلام.. ئەمەش بە نەریتی سیاسی ئەم زەمانە یەعنی داوەری هێنانەوە لای شەرع نەك بردنی بۆ لای نەریت و دابی کۆمەڵایەتی عەشایرێتی، یان یاساو دەستورێکی تری غەیری شەرع.. کابرایەك لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (يَا رَسولَ اللهِ أيُّ الهِجْرَةِ أفْضَلُ؟ قالَ أنْ تَهْجُرَ مَاكَرِهَ رَبُّكَ، والْهِجْرَةُ هِجْرَتَانِ: هِجْرَةُ الْحَاضِرِ وَهِجْرَةُ الْبَادِي، فَهِجْرَةُ البَادِي أنْ يُجِيبَ إذَا دُعِيَ وَيُطِيعَ إذَا أُمِرَ، وَهِجْرَةُ الْحَاضِرِ أَعْظَمُهَا بَلِيَّةً وَأفضَلُهَا أجْرَاً)[٤٧] واته: ئەی پێغەمبەری خوا چ کۆچکردنێك لە هەموان باشترە؟! فەرمووی: وازلەو شتانە بهێنیت کە خوای گەورە پێی ناخۆشە بکرێن، کۆچکردنیش دوو کۆچکردنە: کۆچکردنی شارنشین و کۆچکردنی دەشتەکی، کۆچکردنی دەشتەکی ئەوەیە کە بانگ کرا وەڵام بداتەوەو بێت، کە فەرمانی پێدرا ملکەچی دەربڕێت.. کۆچکردنی شارنشین قورسترینەو پاداشتەکەشی باشترە.. چونکە سەرەتا داوای وازهێنانی لە دیدی فیکری و ڕێی سیاسی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی جاهیلییەت لێ دەکرێت، پاشان کۆچی جەستەیی بۆ مەئوا..

لە ریوایەتێکی تردا دەربارەی کۆچ کردنی دەشتەکی (بەدوو)ە کان فەرمووی: (هِجْرَةُ الْبَادِي الطَّاعَةَ)[٤٨] واتە: کۆچ کردنی خەڵکی بەدوو (دەشتەکییەکان) گوێ رایەڵی و مل کەچی (السَمع وَ الطَّاعَةَ) کردنیانە. واتە: گوێ رایەڵی شەریعەتەکەی خوای گەورەو مل کەچی دەربڕین بۆ سیستمەکەی.

- وا دیارە ئەعرابی بوونەوە دوای کۆچ کردن لای کۆچەری و پشتیوانەکانی مەدینە روون و ئاشکرا بوو بێت. بەڵام هێشتا لای ئەوانەی نەوموسوڵمان بوون (پێیان دەوترا ئازاد کراوەکانی مەککە، ئەوانەی دوای فەتحی مەککە موسوڵمان بوون) رۆشن نەبوو. لە ریوایەتی بوخاری و موسلیمدا هاتووە: (عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ، أَنَّهُ دَخَلَ عَلَى الْحَجَّاجِ فَقَالَ: يَا ابْنَ الأَكْوَعِ ارْتَدَدْتَ عَلَى عَقِبَيْكَ؟! تَعَرَّبْتَ ؟! قَالَ لاَ وَلَكِنَّ

---

[٤٧] مونزیری لە (الترغيب و الترهيب)دا هێناویتییەوەو شێخی ئەلبانی دەربارەی فەرموویەتی سەحیحە (٣٣٧/٣).

[٤٨] الطبري: التفسير ب٣٨٣٧/٥ ، الطبراني / المعجم الكبير ب ١٢٤/٦ ژمارە (٥٦٣٦) .

رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَذِنَ لِي فِي الْبَدْوِ) [٤٩] سەیدنا سەلەمەی کوڕی الاکوەع کە چووە لای حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی. حەجاج لێی پرسی: ئەرێ کوڕی ئەکوەع، ئەوە دوای موسوڵمان بوونت - بە ئەعرابی بوونەوە - پاشگەزبوویتەوە؟ فەرمووی: نەخێر. بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێگای داوم بچمە لای دەوار نشینان.. ئەمە دوای ئەوە بوو کە فیتنەی کوشتاری ناوخۆ لە نێوان موسوڵماناندا روویدا، سەلەمەی کوڕی الاکوەع گۆشەگیر بوو. چووە بیابان و لای دەوارنشینان جێگیر بوو .

ئەو رێدانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سەیدنا سەلەمەی کوڕی ئەکوەع کە بۆی هەیە لەگەڵ دەشتەکیان نیشتەجێ بێت و خەمی ئەوەی نەبێت کە لەریزی ئەعرابان حسێب بکرێت، هەڵوێستێکی تایبەت بووە بەو زاتە بەڕێزەو هۆزەکەی، ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ریوایەتەکەی عەمری کوڕی عبدالرحمان دەهێنێتەوەکە دەفەرموێ: (عَنْ عَمْرِو بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ جَرْهَدٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَجُلاً يَقُولُ لِجَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ مَنْ بَقِيَ مَعَكَ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ قَالَ: بقِيَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ، وَسَلَمَةُ بْنُ الأَكْوَعِ. فَقَالَ رَجُلٌ: أَمَّا سَلَمَةُ، فَقَدِ ارْتَدَّ عَنْ هِجْرَتِهِ. فَقَالَ جَابِرٌ: لاَ تَقُلْ ذَلِكَ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ لأَسْلَمَ: ابْدُوا يَا أَسْلَمُ. قَالَوا :يَا رَسُولَ اللهِ، وَإِنَّا نَخَافُ أَنْ نَرْتَدَّ بَعْدَ هِجْرَتِنَا. فَقَالَ: إِنَّكُمْ أَنْتُمْ مُهَاجِرُونَ حَيْثُ كُنْتُمْ) واتە: گوێم لێبوو کابرایەك لە جابری پرسی: کێ لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵت ماون؟! فەرمووی: ئەنەسی کوڕی مالیك و سەلەمەی کوڕی ئەکوەع، کابرایەك ووتی: بەڵام

[٤٩] بوخاری (٦٦٧٦ و ٧٠٨٧) موسلیم (٢٧/٦ . ١٨٦٢)، نەسائی (١٨٤/٢)، تەبەرانی لە (الکبیر ٦٢٩٨/٣٨/٧) ، ئیمامی ئەحمەد ٥٤/٤).

سەلەمە بووەوە بە ئەعرابی و هیجرەتەکەی هەڵوەشاندەوە. جابر فەرمووی: وا مەڵێ، من خۆم گوێم لێبووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە تیرەی ئەسلەمی فەرموو: بڕۆنە دەشت، ووتیان: دەترسین دوای هیجرەتەکەمان پاشگەز بینەوە (یەعنی ببینەوە بە ئەعرابی نەك هەڵگەڕانەوە لە دینەکە) پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئێوە لە هەر کوێیەك بن هەر موهاجیرن..) ئیمامی ئیبنو حەجەر دوای ئەوەی ئەمەی هێناوەتەوە دەفەرموێ: سەنەدەکەی حەسەنە.[٥٠]

فەرموودەو ریوایەتی تر

(آكِلُ الرِّبَا وَمُوكِلُهُ وَكَاتِبُهُ وَشَاهِدَاهُ إِذَا عَلِمُوا بِهِ، وَالْوَاشِمَةُ وَالْمُسْتَوْشِمَةُ لِلْحُسْنِ، وَلَاوِي الصَّدَقَةِ، وَالْمُرْتَدُّ أَعْرَابِيًّا بَعْدَ هِجْرَتِهِ: مَلْعُونُونَ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٥١] واتە: ئەوی سوود (فایز/ربا) دەخوات و ئەوی وەکالەتی وەردەگرێت و ئەوی نوسەری مامەڵەکەیەتی و شاهیدەکانی . ئەگەر زانیان حەرامە . و ئەوکەسەی خاڵ دەکوتێت و ئەوی بۆی دەکوتن و ئەوی ڕێ لە خێرو خێرات دەگرێت و ئەوی دوای کۆچ کردن پاشگەز دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە سەر ئەعرابێتی ئەمانە هەموویان دوورن لە ڕەحمەتی خواو لەسەر زمانی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەتیان لێ کراوە .

[٥٠] فتح الباری ٤١/١٣..

[٥١] مسند احمد/تحقیق احمد شاکر(ب٥ ژمارە/٣٨٨١، ٤٠٩٠) سنن النسائی/کتاب الزینة/ ٢٥ ، سنن البیهقی ١٩/٩ . لە حەدیسێکی تردا پێغەمبەر صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ : (ثلاث من الکبائر.. والتعرب بعد الهجرة ) بڕوانە: ابن الاثیر/النهایة ٢٠٢/٣.

ئیمامی طَبَري لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: (إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ) النساء/٣١ واتە: ئەگەر خۆتان لەو گوناحە گەورانە بپارێزن کە بەرهەڵستیتان لێ کراوە لێیان، توخنیان نەکەون، لە گوناحەکانتان خۆش دەبین.

محمدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەبوحەسەمەلە باوکیەوە فەرموودەیەکی تر لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: لە مزگەوتی کوفە بووم، عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوا لێی رازی بێت لەسەر مینبەر بوو، ووتاری دەدا، فەرمووی: خەڵکینە گوناحە گەورەکان حەوتن. خەڵکیش بێ دەنگ بوون. پاشان سێ جاری دووپات کردەوە. ئینجا فەرمووی: ئەرێ بۆچی لێم ناپرسن چین؟! ووتیان: ئەی ئەمیری موسوڵمانان، ئەوانە چین؟ فەرمووی: شەریك بۆ خوا بڕیاردان، کوشتنی نەفسی مرۆڤ کە خوا حەرامی کردووە، تۆمەتبارکردنی ئافرەتی مێرددار بە تاوانی زینا، خواردنی سامانی هەتیوو، خواردنی سوو (فایز: ربا)، هەڵاتن لە رۆژی غەزاو کاتی رووبەڕوو بوونەوەی دوژمن، گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی دوای وازلێهێنانی.. ووتم: ئەرێ بابە گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی، بۆچی چۆتە ریزی ئەمانەوە؟ ووتی: بە ئەعرابی بوونەوە شتێکی زۆر گەورەیە. چۆن کابرایەك کۆچ بکات و بەشە غەنیمەتی خۆی بۆ دابین کرا بێت و جیهادی لەسەر فەرز بوو بێت، ئەو بەیعەت و بەڵێنە هەروا ئاسان لە گەردنی خۆی داماڵێت و وازبهێنێت و ببێتەوە بە ئەعرابی؟!!

- ئیمامی تەبەری لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە گێڕایەوە کە فەرموویەتی: گوناحە گەورەکان حەوتن، هەر یەکەیان ئایەتێکی قورئانی لەسەرە.. پاشان گوناحەکانی هەژماردو کە گەیشتە (التعرُّب بعد الهجرة) واتە: گەڕانەوە سەر ئەعرابێتی دوای کۆچ کردن، فەرمووی: ئەوەیە کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ

ارْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى) محمد/٢٥ واته: ئەوكەسانەی كە دوای ئەوەی ڕێنمایی و ڕێبازی خواییان بۆ ڕوون بووەوە، پاشگەزبوونەوە..[٥٢]

پوختەی پەندو ئامۆژگاری ئەم فەرموودەیە

١- بە ئەعرابی بوونەوە، تاوانێكی گەورەیەو هەیە، زۆركەس دەكەوێتە ناوی هەست پێ ناكات، یان گوێی ناداتێ! گێلانە دەڵێ بەربەزەیی خوا دەكەوم! ئەم تاوانە بریتیە لە پابەندبوون بە دینداریی و پاشان واز لێهێنان و سست بوون تێیدا، هەروەها دەسبەرداربوون لە كۆچكردن كە لەبەرخاتری خواكراوەو گەڕانەوە ناو كۆمەڵگەی جاهیلیی، یان وازهێنان لە جیهادو كۆڵدان.. بە ئەعرابی بوونەوە تاوانەو لە ڕیزی حەوت تاوانە گەورەكەیە..

٢- بە ئەعرابی بوونەوە نسكۆیە. لاوازبوونی ئیمان و وورە ڕوخانی تاكە، زەبرێكەو بەركۆمەڵكاریی و بزاوتی ئیسلامی دەكەوێت. ئەگەر ئەمە بووە دیاردە، ئەگەر كەسایەتی ئیسلامیی میللەتێك ئاوا بە ئەعرابی بوونەوەو لە كاری ئیسلامی یان لە ئامانجە ئیسلامیەكە كە چەسپاندنی سەروەری شەرعە پاشەكشەیان كرد، ئەوە بە تەئكید ڕێسا نەگۆڕەكانی شەرع دەكەوێتە كەنارو هەركەس لای خۆیەوە دەكەوێتە ئیجتیهادو بە چۆنیەتی بێ بەڵگە دین دەگرێت و بە كەیفی خۆی دینداریی دەكات و بە موسوڵمانان كۆمەڵكاریی ئیسلامی ئەنجام دەدات! ئەمەش ئەعرابی بوونەوەیەكی دژوارو كاریگەرە، بۆیە خوای گەورە دەرهەق دەفەرموێ: (الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُواْ حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللّهُ) التوبة/٩٧ واتە: ئەعرابیەكان، كوفرو دووڕوویان توندترو سەختترە. بۆیە باشتروایە سنوری ڕێبازە خواییەكە نەزانن ..

[٥٢] الطبري: التفسير ب٥/٣٨٣٧ ،الطبراني / المعجم الكبير ب٦/١٢٤ ژمارە (٥٦٣٦) .

٣- دیاره حەججاج مانای ئەعرابی بوونەوەی بە مانای (کۆچ کردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر) و (کۆچی سیاسی) زانیووە، واتە دەرچوون لە دەسەڵاتی سیستمی سیاسی. بۆیە سەیدنا سەلەمە ئەو تێگەیشتنەی بۆ حەججاج ڕاست کردەوە.. بەڵام ئەوەش لای حەججاج ڕۆشن بوو کە نەکا ئەو نیشتەجێ بوونەی لای بەدووەکان، ئەعرابی بوونەوەی بێت..

٤- ئەعرابی بوون چوونە ریزێکی تری غەیری دووڕووەکانە.. یەکێك لە سیماو نیشانەی زەقی ئەم ریزە دوورە پەرێز بوونیانە، حەزناکەن تێکەڵ بە موسوڵمانان بن نەبادا تەکلیفێکی بانگەوازو کۆمەڵکاریان بکەوێتە سەر.. نابینیت خوای گەورە لە باسی دڵ و دەروونی حزبە جاهیلییەکاندا چۆن بە ئەعرابیان دەچوێنێت! کە دەفەرموێت: (وَإِن يَأْتِ الأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنبَائِكُمْ) الأحزاب/٣٣ واتە: ئەو حزبە جاهیلییانە کە دێن و دەچن خۆزگەی ئەوە دەخوازن کە ئەعرابێك بوونایەو لە دوورەوە هەوڵی ئێوەیان بپرسیایە!! یەعنی پێیان خۆشە بچنە ریزی خراپترین پۆلی کۆمەڵگەکەوە بەو مەرجەی سەلامەت بن.. ئەمە مەرجی حیزبی و سەلامەتییە..

٥- خەڵکێکی زۆر لە زانایان و نوسەرو وەرگێڕو داعیە ئیسلامیەکان لەوەدا بە هەڵەدا دەچن کە ئەعرابی بە (دەشتەکی) لێك دەدەنەوە، ئەمە هەڵەیەکی زۆر هەستیارە، ئەوەی وای کردووە ئەو هەڵەیە رووبدات ئەوەیە کە ئەعراب و بەدوو هەردووکیان دەوارنشین و کۆچەرو دەشتەکین ..

٦- نابێت وا بزانین ئەعرابێتی تایبەت بووە بە زەمانی کۆنی عەرەب! ئەدی دەشتەکی دەوارنشینانی ئێستای عەرەبەکان ئەعرابین؟! ئایا ئەم موناقەشەو حوکمە هەر ئەعراب و بەدووی دەشتەکی عەرەب دەگرێتەوە؟! ئایا دەشتەکی کوردو فارس و

مەنغۆلیاو ئەفریقا نابن بە ئەعرابی؟! ئایا ئەعرابی بوون لەبەر ئەوەیە کە لە دەشت دەژین؟! حەتمەن، نەخێر.. چۆن لە دادی خواوویستی دەوەشێتەوە کەسانێك هەر لەبەر ئەوەی لە دەشت و دەر دەژین مۆرکی (الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا) یان پێوە بنوسێنرێت؟

٧- لەم تێگەیشتنە هەڵەوەیە کە هەندێ ڕەگەز پەرستی کوردو فارس و تورك و گەلانی ترتانەو تەشەرلە عەرەب دەدەن گوایە ئەعرابن! لە کاتێکدا کوردی ئەعرابی وامان هەیە سەد پلە لە خوارئەعرابی عەرەبەوەیە!

* * *

## فەرموودەی نۆیەم:

### دین بەکارهێنان بۆ مەرامی کەسایەتی

عَن كَعْبِ بنِ مَالِكٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قالَ:

(مَا ذِئْبَانِ جَائِعَانِ أُرْسِلَا فِي غَنَمٍ
بِأَفْسَدَ لَهَا مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى الْمَالِ وَالشَّرَفِ لِدِينِهِ)[٥٣]

### مانای گشتی فەرموودەکە

واتە: سەیدنا کەعبی کوڕی مالیك لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی: دوو گورگی برسی کە کەوتبنە پەچەی مەڕ (ئاغەڵێکی مێگەل)ـە[٥٤] وە زیان زیاتر نادەن وەك لە سووربوونی کەسێك لەسەر سامان و پارە،

---

[٥٣] ئیمامی ئەحمەد (٣/٤٥٦ و ٤٦٠)، ئیبنوحیببان: (الاحسان ٣٢٢٨)، نەسائی : (تحفة الاشراف ٨/١١١٣٦)، ترمذي (٢٤٢٨ ) فەرموویەتی (حديث حسن صحيح) شێخی ئەلبانی ڕەحمەتیش لە (صحيح الترمذي) دا بە سەحیحی ناساندووە.. فەرموودەکە ریوایاتی تری هەیە کە لە سەیدنا ئیبنوعەبباسەوە هاتووە دەفەرموێ :(حب المال والشرف لدينه) لە جیاتی (حرص المرء على المال).. هەروەها ریوایەتی تری هەیە کە سەیدنا ئەبوهورەیرەو سەیدنا ئوسامەی کوڕی زەیدو سەیدنا جابرو سەیدنا ئەبوسەعیدی خودری و سەیدنا عاسیمی کوڕی عەدی ئەنساریی خوا لێیان رازی بێت گێڕاویانەتەوە.

[٥٤] ئاغەڵ: شوێنی حەوانەوەی زستانی ئاژەڵە، دەشێت ژێرخانی ماڵەکە بێت، شوێنی حەوانەوەی هاوینانەشی پێی دەوترێت: پەچە، یان چەپەر یان تەیمان.. کە بریتیە لە دیوارێکی بە شووڵك دروست کراوکە جاری وا هەیە قوڕکاریشی دەکەن.

یان دژواری ڕەفتاری کەسێك کە بە ناوی دین و سیمای دینداریيەوە پلەو ئاست و پۆستی ناو خەڵکی بەدەست دەهێنێت!

## راویەکەی

سەیدنا کەعبی کوڕی مالیکی ئەنساری سولەمی، شاعیری گەورەی ئیسلام، و یەکێك لەو حەفتا کەسەی بەیعەتی عەقەبەیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا، لە هەموو غەزاکاندا جگە لە بەدر بەشداری کرد، لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زرێکەی بەری خۆی دایە.. بەڵام لە غەزای تەبووکدا یەکێك بوو لەو سێ کەسەی بە ئەنقەست خۆیان لە جیهاد دواخست و خوای گەورە سزای دان بەوەی کە تا پەنجا شەووڕۆژ کەس نەیدواندن و ڕەفتارو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردن! واش مانەوە تا تۆبەکەیان قبووڵ بوو..

سەیدنا کەعب یەکێکە لەو سێ شاعیرەی بەهێزەی ئیسلام[٥٥] کە جگە لە جیهاد کردنەکەی بە شمشێر، بە زمانێکی پاراوو کاریگەر بەرگری لە ئیسلام دەکردو هێرشی دەکردە سەرجاهیلییەت ..

سەیدنا کەعب (٣٠ سی) فەرموودەی لێوە گێڕراوەتەوە، سیانیان متفق علیەی بوخاری و موسلیمن، بوخاری فەرموودەیەکی تەنها خۆی و موسلیم دوو فەرموودەی

[٥٥] بریتین لە سەیدنا حەسسانی کوڕی سابیت (کە عەیب و عاری تیرەو هۆزو خانەوادەکانی کافرانی ئاشکرا دەکرد)، عبداللەی کوڕی ڕەواحە (کە کافرەکانی بە ئەهلی کوفرو دۆزەخ دەناساند)، سێیەمیشیان سەیدنا کەعبی کوڕی مالیکە کە ڕۆژانی شکست و کارەساتەکانی بیری قورەیش دەخستەوەو هەڕەشەی زیاتری لێ دەکردن).. خوا لێیان ڕازی بێت..

تەنها خۆی لایەو ئەوانی تریش لای فەرمووودەوانانی ترن.. عبدالرحمانی کوڕی و عبداللەی کوڕەزای هەرفەرمووودەوان دەرچوونەوە ..

سەیدنا کەعب لە کۆتایی تەمەنیدا چاوەکانی کوێر بووبوون، لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.. خوا لێی رازی بێت..

### لێکدانەوەی فەرمووودەکە

١- لێچواندنی دوو سیفەتی هەڵپەکاریی دنیایی موسوڵمانی لاسەنگ و ئیستیغلال کردنی دینەکەی بۆ پۆست و پلەی ناو خەڵکی بە دوو گورگی برسی کە کەوتبێتنە ناو پەچەیەکی مەڕەوە، یەکەمین دیمەنی سەرنج راکێشی ئەم فەرمووودەیەیە..

پەچەیەك (چەپەرێك) پڕە لە مەڕ، دەورو دەرگایان لێ گیراوەو ناتوانن هەڵێن، لە ناکاودا دوو گورگی برسییان لێ پەیدا دەبێت کە بۆیان هاتوونەتە ناو پەچەکەوەو کەوتوونەتە پەلاماردانیان، مەڕەکان بە هەموویان ناتوانن هۆکارێکی بەرگریی کردن لە خۆیان پەیدا کەن! گورگەکانیش بەو هەڵپەو هەڵمەت و شێوازە دڕوارەی خۆیانەوە کەوتوونەتە پچڕاندنی ملی یەك بە یەکی ئەم مەڕانە ..

گورگ عادەتی وایە کە یەکسەرپەلاماری قوڕگی مەڕدەدات و قەپاڵێکی توندی پێدا دەکات و چەند جارێك رایدەوەشێنێت و فڕێی دەداتە کەنارەوە، چاوەڕێ ناکات مردار بێتەوە، ناشچێتە سەری تا بیخوات، دەچێتە سەرمەڕێکی زیندووی تر، تا بە هەمان شێوە ئەویش پەك خات، ئینجا بۆ مەڕی سێیەم! وە هەروەها.. بۆ ئەوەی زۆرترین رێژە مەڕبکوژێت، چونکە دواترکە فڕێ درا، هەردەیانخوات..

گورگ وەکو شێر نیە، شێر یەك نێچیر زیاتر ناخوات، کە کوشتی دەیخوات، کە تێری خوارد ئەوەی لێی دەمێنێتەوە دەیداتە گیانلەبەرانی تر بیخۆن، بەڵام گورگ تا دەتوانێت زۆرترین ڕێژە دەکوژێت، بەرخێك بەشی هەردوو گورگە برسیەکە دەکات، بەڵام ئەو دوو گورگە بە پاڵنەری خراپەکاریی هەر مەڕی تر دەکوژن، سەیر ئەوەیە کە ئەوەی لەبەریشیان دەمێنێتەوە دەیشارنەوە یان خراپی دەکەن و دەیفەوتێنن تا سوودیان لێ نەبینرێت!!

٢- هەڵپەو دژواریی هەر دوو گورگەکە وەکو یەکە، کەوابوو هەڵپەی دنیایی و ماددەوویستیەکەی کابرای موسوڵمان و دین هەڕاج کردنەکەی بۆ وەدەست هێنانی پلەیەکی حزبیی، یان بۆ پۆستێکی سیاسی یان پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی یان دەسکەوتێکی ئابووری وەکو یەکن و هەردووکیان هەرگورگن و لە دینەکەی دەخۆن، هەردووکیان وەکو خۆرە دینداریتیەکەی هەڵدەکۆڵن! میکرۆبن و بێ ئەوەی ئەم هەست بە خۆی بکات لە ناوەوە دایدەڕزێنن! کابرای لاسەنگ و بێ ئاگا هۆشی لەوە نەماوە کە ئەو دوو گورگە برسیە بۆی هاتوونەتە ناو پەچەی دینداریتیەکەیەوە، دیوارو دەرگای پەچەی تەقواکەی هۆکاری بەرگریان تێدا نەماوە! بۆیە لە دەستدانی دینەکەی شتێکی حەتمیە.. تەنها چارەسەرێك لەبەردەستیدا بێت، وازهێنانێتی لەو هەموو هەڵپەی پارە پەرستی و سامان کۆکردنەوەو وازهێنانێتی لەو دین فرۆشییەی کە کردوێتیە مایەی پلەو ئاست پەیدا کردن.. تاکە چارەسەریی تۆبەکردن و گەڕانەوەیە بۆ سەردین و دیندارتێیەکەی جارانی ..

٣- ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە نامیلکەی (العبودية)کەیدا[٥٦] دەفەرموێ: ئەو خراپەکارییەی لە سووربوون لەسەرسەروەت و سامان و پەیداکردنی پلەو ئاست بە

[٥٦] الشيخ عبدالعزيز الراجحي : شرح العبودية ( ل ١٣٧ - ١٣٩) دار الفضيلة.

دینەکە دێتە دی لەو خراپەکارییە کەمتر نیە کە دوو گورگی برسی لە پەچەیەکی مەڕدا دەیهێننە دی.. چونکە دینداریێتی ساغ ئەو سووربوون و پارە پەرستیەی تێدا نیە.. دڵێك خۆشەویستی خوای چێشتبێت و بە خواپەرستی گەشەی کردبێت، هیچ شتێکی تر ناخاتە پێش ئەمەوە مەگەر ئەو شتە وای لێ هاتبێت لە خۆشەویستی خوا زیاتر بووبێت! ڕوودانی ئەمە نیشانە نەمانی سەڕاستی دینداریێتییە، نیشانەی ئەوەیە کە کابرا لە ریزی خواوویستانی پیاوچاکاندا نەماوە! نابینیت خوای گەورە چۆن دەفەرموێ: (كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ) یوسف/٢٤ واتە: ئەوە بۆ ئەوەی خراپەو بەدکاریی لێ دوور خەینەوە (لە سەیدنا یوسف سەلامی خوای لێ بێت)، چونکە ئەو لە بەندە سەرڕاستەکانی ئێمەبوو..

٤- ئەو کەسەی شیرینی ئەم دین و ئیمانە دەچێژێت چۆن لا دەکاتەوە بەلای بەمەزن زانینی شتێکی ترەوە؟! ئەو کەسەی خۆشەوویستی خوای چێژتووە، چۆن لای دەکاتەوە بەلای خۆشەویستییەکی ترەوە؟! چ جای ئەوەی خۆشەوویستی غەیری خوای گەورە بێنێتە ریزیی یان بیخاتە پێش خۆشەوویستی خوای گەورەوە؟! ئەوی دڵی بە ئیمان ڕۆشنەو دڵی بە خۆشەوویستی خوا ئاوەدانە، شیرنترو خۆشترو بەتامتر لە خواپەرستی نادۆزێتەوە، هیچ شتێکی لا کاریگەرتر نابێت وەك لە خواوویستییەکی پاك وراست..

٥- ئیمامی ئیبنورەجەبی حەنبەلی رحمەاللە کتێبێکی لەسەر ئەم فەرموودەیە نوسیووە کە ئەو دوو نەخۆشیە دەروونیەی تێدا شی دەکاتەوە،[٥٧] دەفەرموێ: سووربوون لەسەرپارەو سامان دوو جۆرە :

<u>یەکەم: هەبوونی حەزێکی لە سنوور دەرچوو لە پارەو سامان و سەرف کردنی رەنجێکی زۆر لە پێناو بەدەست هێنان و زیادکردنیدا:</u> ئەمەش لە ریوایەتەکەی تری ئەم فەرموودەیەدا دەردەکەوێت کە سەیدنا عاسیم گێڕاویتیەوە، کە دەفەرموێت: سەد پشکی دابەشکراوی دەسکەوتی خەیبەرم لە خاوەنەکانیان کڕییەوە، کە هەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَا ذِئْبَانِ ضَارِيانِ فِي غَنَمٍ أضَاعَهَا رَبُّهَا بِأفْسَدَ مِنْ طَلَبِ المسلِمِ المالَ والشَّرَفِ لِدِينِهِ) واتە: زیانی دوو گورگ لە رانەمەڕێك -کە لە خاوەنەکەی بزر بووبن- زیاتر نابێت لە زیانی هەڵپەکردنی موسوڵمان بۆ پارە پێکەوەنان و پلەو ئاست پەیدا کردن بە هۆی دینەکەیەوە..

ئەگەر هیچ زیانێك بەو دوو رەوشتە ناپەسەندە نەکەوتایە جگە لە بەفیڕۆدانی رەنجی جوانی و ساڵانی تەمەن، ئەوەندە بەس بوو بۆپەی پێ بردن بە دژواریی ئەو دوو سیفەتە زیانبەخشە.. خۆ ئەوەی رۆژی تۆیە هەر دێتە دەستت، ئەوەی کە رۆژی تۆش نیە بە رەنجدانێکی بێ هودە نایاتە دەستت! ئەوەش کە بەو هەموو رەنجە زۆرەی تەمەن کۆی دەکەیتەوە دەبینیت چۆن بۆ کەسانێکی دوای خۆتی جێی دەهێڵیت کە پێوەی ماندوو نەبوون!!

---

[٥٧] کتێبەکە هەر بە ناوی (ما ذئبان جائعان)ەوە چاپ کراوەو زۆر پێویستە هەموو داعیەك بیخوێنێت.. بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێمەی کورددا کە ئەو دوو گورگە برسییە هاتوونەتە پەچەی رۆح و دڵ و دەروونی یەك بە یەکمانەوە..

ئەوی پارەوویست و چاو لە ماددەیە تەمەنی خۆی سەرف دەکات، ڕێی سەختی و ناڕەحەتی بۆ پارە سەر یەکنانی زیاتر دەگرێتە بەر، رووبەڕووی هەموو جۆرە کەندو کۆسپ و دژواریەکی ژیان دەبێتەوە، تا پارەو سەروەت و سامان بۆکەسانی تری دوای خۆی کۆکاتەوە!!

بە کابرایەکیان ووت: ئەو پیاوە هەمیشە لە ڕەنجی کۆکردنەوەی پارەو ساماندایە. ووتی: ئایا دەتوانێت ئەو ڕۆژانەی کۆکاتەوە کە بۆ ئەو پارەو سامانەی سەرفی کردوون؟!

عبدالواحیدی کوڕی زەید کە لەسەر دەمی تابعیندا لە خواناسانی بەسرە بوو دەیفەرموو: سوێندم بە خوا سووربوونی کەسێك لەسەر سەروەت و سامانی دنیایی زیاتر دەمترسێنێت وەك لە خەتەرترین دوژمنی چەکدار.

<u>دووەم: هەبوونی حەزی کۆکردنەوەی پارەو سامان بە ڕێی شیاو نەشیاو: ئیمامی ئیبنورەجەب دەفەرموێ:</u> ئەمەش وای لێ دەکات مافی خەڵکانی تر بخوات، سنوری ئەدەب ببەزێنێت، سوورتر ببێت لەسەر مانەوەی سامانەکەی، بۆیە پیسکەو چاوچنۆك دەبێت، بەغیل و حەسوود دەبێت.. ئینجا هەوڵ دەدات خۆ لە شەرع ڕاپسکێنێت و شت بۆ خۆی حەڵاڵ کات! دەکەوێتە گومان لێکراوەکانەوەو بە کاسبیەکی شەرعییان دەزانێت، تا وای لێ دێت خواردنی سووکە حەرامەکانی پێ ئاسایی دەبێت، ئینجا دادەبەزێتە خوارەوە تا دەکاتە سووخۆریی و هاوئاستەکانی!

ئیبنورەجەب دوای باسێکی دوورودرێژی پیسکەیی و چاوچنۆکی و پارەپەرستی دێتە سەر باسی ڕەفتارە ناپەسەندەکەی ترکە دین فرۆشی و سووك کردنێتی (وَالشَّرَفِ لِدِينِهِ)، کە کابرای دین لاواز وای لێ دێت دین و دینداریەکەی بۆ وەدەست هێنانی پلەو پۆست هەڕاج دەکات! لای کەسانێکیش هەڕاجی دەکات کە تالیبی دین و

دینداریی نین و گاڵتەیان پێی دێت! ئیتر دەبێت ئەم هەڕاجکردنە چ نرخێك لەسەرئەو دین و دیندارێتیە دانێت؟! خۆشی لەو ئاستەدا نیە شایانی وەرگرتنی ئاست و پلەو پۆست بێت، بۆیە زیانەکەی تەشەنە دەکات.. بۆ نموونە قورئانی لەبەر نیەو خۆی خزاندۆتە ریزی حافزقورئانەکانەوە، بۆئەوەی هەمیشە پێشنوێژیی بکات! شەهادەی سێی ناوەندی هەیەو شەهادەی ساختەی زانکۆیی هێناوەو پێی تەعین بووە، یان پارەیەکی ئەمانەتی لا بووەو نیشان بازرگانانی داوە کە گوایە هی خۆیەتی تا بیخەنە ریزی بازرگانە ئاست بەرزەکانەوەو بەمەش دینەکەی دەفرۆشێت و پلەیەکی ساختە دەکڕێت و زیانەکەی بە خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە.. لەبەرئەمانەیە کە ئیبنورەجەب دەفەرموێ:

سووربوونی کابرا لەسەر نیشاندانی دینەکەی بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردنی بە پلەو ئاستی دنیایی، بە خۆبەرز کردنەوە، بە وەدەستهێنانی سەرکردایەتی ناو خەڵکی و بە گەورە دەرکەوتن، ئەمەیان دژوارترە لە سووربوون لەسەر کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، چونکە دەستبەرداربوونی سامان و ماڵ ئاسانترە وەك لە وازهێنان لە پلەو ئاستی دنیایی ناوخەڵکی..

٦- پلەو ئاست پەیدا کردن بە دینەکە دوو شێوازی هەیە:

یەکەم: واستەی کردووەو بەرتیلێکی زۆری داوە، دیارە بەرتیلیش جێگۆڕکێ بە شوێنی خەڵکی دەکات، وەك ئەوەی کابرایەکی تر شایانی ئەو تەعین بوونەیەو ئەم دەخرێتە شوێنی.. ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە ناوی ناوە (علو) واتە ئیستیکبارو گرتنی دەسەڵات و بە زۆر خۆسەپاندن.. دەربارەی دەفەرموێ: (تِلْكَ الدَّارُ الآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الأَرْضِ وَلا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ) القصص/٨٣ واتە: ئەو

بەهەشتەی ڕۆژی دواییمان داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە (علو)یان ناوێت و خراپەکاریی و گەندەڵیی بڵاو ناکەنەوە، دوارۆژیش بۆ تەقواکارانە..

پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەسەر دژواریی داواکردنی بەرپرسێتی و پلەو پایەی کار هۆشداریی دەداتە موسوڵمانان کە ئەوە ئەرکێکە لە دنیادا لۆمەو گلەیی و پەشیمان بوونەوەی لە دوایە بۆیە دەفەرموێ: (إِنَّكُمْ سَتَحْرِصُونَ عَلَى الإِمَارَةِ وَسَتَكُونُ نَدَامَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٥٨] واتە: ئێوە سوورن لەسەر وەرگرتنی پلەو پۆستی ئەمیرێتی، بەڵام ئەمە پەشیمانی و چاوشۆڕیی قیامەتی لە دوایە..

دووەم: بە وەسیلەی دینەکە خۆی گەیاندۆتە پلەو پۆستەکە.. بەوەی مەلایەتیەکەی یان شێخایەتیەکەی یان داعیەتێکەی بۆ ئەو مەبەستە دنیاییە کردۆتە پەیژەی سەرکەوتن.. ئەمەش زۆر ناقۆڵاترە لە بەرتیلدانەکە.. چونکە زانستی شەرع (مەلایەتی) و زانستی مەسلەك و داعێتی (کە بۆ هیدایەتدانی خەڵکیە، بۆ دیندارێتی و قیامەت خواستنە) ئەم ئیستیغلالی کردووە بۆ خۆبردنە پێش.. بۆ تەزکیەی کردنی خۆی و خۆ بە پیاوچاك نیشاندان.. یان خۆی بە سیماو ڕواڵەتی زانایان و دینداران نیشان داوە بۆ پارە پەیدا کردن، بۆ بەدەست هێنانی متمانەی خێرەومەندان تا زەکات و خێرو خێراتی خۆیانی بدەنێ!

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڕەشەی سەخت لەو کەسە دەکات کە فێرخوازیی دینەکەی بۆ مەبەستی دنیایی ئیستیغلال دەکات: (مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمَاً مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ لا يَتَعَلَّمُهُ إِلَّا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضَاً مِنْ الدُّنيا لَمْ يَجِدْ عُرْفَ

---

[٥٨] بوخاري (٧١٤٨)...

الْجَنَّةِ يَومَ القِيامَةِ)[٥٩] واتە: هەر کەسێك یەکێك لەو زانستیانە فێر ببێت کە بۆ خواناسی و لەبەر خاتری خوا دیاری کراون، ئەو بۆ مەبەستێکی دنیایی فێری ببێت و بەکاری بهێنێت، لە قیامەتدا بۆنی بەهەشتی بەسەردا نایات.. یەعنی ناچێتە بەهەشتەوە.. خوا لاماندا..

جۆرێکی تر لە پلەو پارە پەیدا کردن بە دینەکە ئەوەیە کە ئەو زانایە، یان ئەو کابرا داعی و دیندارە دەچێتە لای دەسەڵاتداران و دەکەوێتە مەتح و سەنایان، ئەوانیش پارەی دەدەنێ یان دەیکەنە موفتی رەسمی خۆیان!! هەر وەکو کە فیرعەون ساحیربازەکانی بۆ پیرۆزکردنی خۆی دەخواست.. ئەم دوو دین فرۆشە پەی بەوە دەبەن کە ئەمە دین هەڕاج کردنە، ئەم پارەیەی ئەو بەرپرسانە دەیاندەنێ، پارەی بەیتولمالەو بە بێ ماف دەستیان تێوەرداوەو بەمانیش رەوا نیە، بەڵام بۆ خۆیانی دەشەرعێنن.. هەروەها دەزانن کە ئەوان دیندار نین و موفتیان ناوێت، ئەگەر بشیانەوێت لەمان لە پێشتر هەیە، بەڵام دیارە ئەمان کە دنیا وویستن ئاسان بە دەست حاکمەکانەوە دێن!

ئەوەندە بەسە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بفەرموێت: بە قەدەر ئەوەندەی کەسێك لە حاکمەکان نزیك دەبێتەوە ئەوەندە لە خوا دوور دەکەوێتەوە: (وَمَا ازْدَادَ عَبْدٌ مِنَ السّلْطَانِ دُنُوّا إلاّ ازْدَادَ مِنَ الله بُعْداً)[٦٠] یان کە دەفەرموێ: (مَنْ

---

[٥٩] سنن أبي داود (٣٤٦/٢) ژمارە (٣٦٦٤). شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (الجامع الصغير و زيادته (١١١١/١) ژمارە: (١١١٠٤) دا بە سەحیحی داناوە.

[٦٠] ئیمامی ئەحمەد (٣٧١/٢ و ٤٤٠) گێڕاوێتیەوەو شێخی ئەلبانی لە (السلسلة الصحيحة ٣ / ٢٦٧) دا دەفەرموێ: سەحیحە..

أَتَى السُّلْطَانَ أُفْتُتِنَ)[٦١] واته: هەر کەسێك لە دەسەڵاتداران نزیك بێتەوە لە دینەکەیدا تووشی شکست دەبێت ..

بە خوا قەسەم ئەوی زانستی ئەم دینەی خوێندبێت و ئەو حاکمە مورتەددانەی ئەم زەمانەی ئێمە بناسێت توخنیان ناکەوێت، هەر مەلاو شێخ و داعیەکیش لێیان نزیك بێتەوە، غەیری دنیاوویستی هیچی تری لەو بەخزمەت گەیشتنەیان مەبەست نەبووە، ئەگەرلەبەرچاوی هەموو جیهانیان سوێندی قورسیش بخوات..

پوختەی پەندو ئامۆژگاری ئەم فەرموودەیە

١- دژواریی دنیاوویستی و نییەت پیسی، کە دەبنە هۆکاری سەرەکی لە دەستدانی ڕەزامەندی خوای میهرەبان.

٢- تەماعی دنیا و حوببی خۆ دەرخستن و پلەو پۆست وەرگرتن بە قەدەر ئەو دوو گورگە برسییە زیان بەخش نابن کە دەکەونە پەچەیەکی مەڕو ماڵاتەوەو دەکەونە پەلاماردانی مەڕەکان ..

٣- پەیداکردنی پلەوپۆستی ناوخەڵکی بە دینەکە، دژوارترە لە پارە پەیداکردن بە دین و دینداریێتی نیشاندان..

٤- هەردوو نەخۆشی دنیاوویستی و حەزی پلەو پۆست وەرگرتن لە گومان و دانەمەزراوی ئیمانەوە دێن..

---

[٦١] شێخی ئەلبانی لە (صحیح أبي داود ٢٤٨٦) و ( توێژینەوەی مشکاه المصابیح ٣٧٠١)دا دەفەرمویٚ صحیح لغیره.

٥- نموونه هێنانهوه بۆ چهسپاندنی ئامۆژگاریی بهسووده ..

فهرمووده‌ى دهیهم:

دنیا وویستی شکستی تاك وكۆیه

عَنْ ثَوْبَان قَال، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

(يُوشَكُ أنْ تَتَدَاعى عَلَيكُمْ الأُمَمُ مِنْ كُلِّ أُفُقٍ، كَمَا تَتَدَاعَى الأَكَلَةُ عَلَى قَصْعَتِهَا.
قِيلَ يَا رَسُولَ اللهِ أفَمِنْ قِلَّةٍ يَومَئِذٍ؟ قَالَ: لَا وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ يَجْعَلُ الوَهَنَ فِي قُلُوبِكُم وَيَنْزَعُ الرُّعْبَ مِنْ قُلُوبِ عَدُوِّكمْ، لِحُبِّكُمْ الدُّنْيَا وكَراهِيَّتِكُمْ المَوْتِ)[٦٢].

---

[٦٢] (صحيح الجامع الصغير ب٦ / ژماره ٣٧٢٦ و ٨٠٣٥) .. ئهم حهدیسه حهوت ریوایهتی تری ههیه، یهكێكیان كه ئهبو داوودو ئهحمهد گێڕاویانهتهوهو شێخی ئهلبانی له (السلسلة الاحاديث الصحيحة ب٢/ ژماره ٩٥٦) و (تخريج أحاديث مشكاة المصابيح ژماره ٥٢٩٨) دا هێناوێتیهوه، بهم دهقهیه: (يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ قَالَ بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ فَقَالَ قَائِلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْوَهْنُ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ).

## مانای گشتی فەرموودەکە

واتە: زەمانی ئەوە نزیکە کە لە هەموو لایەکەوە دەستدرێژیتان بکەنە سەر، هەر وەکو کە کۆمەڵێك بخۆر دەست بۆ لەگەنە خواردنێك درێژ دەکەن! کابرایەك پرسی: ئەوە لەبەر کەمییمان دەبێت؟! فەرمووی: نا ئێوە لەو سەردەمەدا زۆرن، بەڵام وەکو کەف و پووش و پەڵاشی سەر دەریا دەبن!! خوای گەورە سام و هەیبەت و ترسی ئێوە لە دڵی دوژمنەکانتان دەردەهێنێت و بەزین دەهاوێتە نێو دڵی ئێوەوە، کابرا پرسی: بەزین چییە؟! فەرمووی: خۆشەویستی دنیاو بوغزاندنی مردن..

## راویەکەی

سەیدنا ثەوبانی (ثَوْبَانَ) کوڕی بەجدەد کە بە ئەبو عبدالله بانگ دەکرا، خەڵکی یەمەن بوو، لە شەڕو تاڵانیدا گیرابوو، کرابووە کۆیلەو فرۆشرابوو، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کەسێکی دیکەی کڕییەوەو ئازادی کرد، پاشان پێی فەرموو: ئەگەر حەز دەکەیت بگەڕێیتەوە ناو ئەو تیرەو هۆزەی سەر بەوانی، ئازاد بەو برۆ.. ئەگەر حەزیش دەکەیت لای ئێمە بمێنیتەوە، ئەوە لە ئەهل و بەیتی خۆمانت هەژمار دەکەین.. ئەویش لە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا مایەوە، شەووڕۆژ لە خزمەتیدا بوو تا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد.. پاشان بەشداری فەتحی میسری کردو خانوویەکی لەوێ بۆ خۆی دروست کرد، دواتر چووە حیمس لە شام و خانوویەکی تری دروست کردو تێیدا مایەوە تا ساڵی (٥٤ی کۆچی) کۆچی دوایی کرد خوا لێی رازی بێت.. سەیدنا ثەوبان لەو یاوەرانەیە کە

کەمیان فەرمووده گێڕاوەتەوە، لەویشەوە سەیدنا شەددادی کوڕی ئەوس و جوبەیری کوڕی نوفەیرو ئەبو ئیدریسی خەولانی و ئەبوسەلامی مەمتووری حەبەشی و مەعدانی کوڕی ئیبنو ئەبوتەلحەو ئەبو ئەشعەسی سەنعانی و چەندینی تر فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە..

## ووشەی گرانەکانی

یُوشَكُ: خەریکە، نزیکە، کاتی ئەوە هاتووە ..

تَتَدَاعى: (لە ریوایەتی تریدا: تداعى) بانگ کردنە لە یەکتریی تا کۆببنەوە.

أُفُقٍ: ئاسۆو بەندەن شوێنی دوور.

الأكَلَة: بە ریوایەتی دوو فەتحەکە: کۆی(آکل)ە واتە: بخۆر..

قصعَة: لەگەن: سینی و دەفری پان و قاپی گەورە کە بە کۆمەڵ نانی لەسەر دەخورێت.

غُثَاءٌ: پووش و پەڵاش و کەف و شتی ترکە سەرئاو دەکەون و لافاو بۆ کوێ لوولیان کات تەسلیمین..

السَّيْلِ: لافاو، کە هەموو شتێك پێش خۆی دەدات و بەرەو ئاڕاستەی خوارێی خۆی رای دەدات..

الوَهَنَ: ووره بەردان و ترس و بیم و زۆر سڵکردنەوە.

## قسەیەکی شێخی ئەلبانی لەسەرئەم فەرموودەیە

کاتی خۆی لە بەغداوە مامۆستایەکی کۆلێژی یاسا پرسیارێکی دەربارەی ئەم فەرموودەیە ئاراستەی شێخی ئەلبانی رەحمەتی کرد، کە گوایە باوەڕی بە راستی ئەم فەرموودەیە نیە! چونکە لە لایەکەوە باسی غەیبەو غەیبیش غەیری خوای پەروەردگار نایزانێت، لە لایەکی تریشەوە وا لە خەڵك دەکات بەو واقیعە خراپەی موسوڵمانان رازی بن و هەوڵی گۆڕینی نەدەن.. کەوابوو ئەم فەرموودەیە دوژمنان دروستیان کردووە! شێخی ئەلبانی رەحمەتیش لە گۆڤاری (التمدن الاسلامی ٤٢١/٢٤)دا دوای سوپاس و ستایشی خوا، ئاوا وەڵامیدایەوە: (بە کورتی):

بێگومان فەرموودەکە راستە، لە رێی چەندین زنجیرە سەنەدی پێکەوە بەستراوەوە هاتووە کە دەکەنەوە دوو یاوەری بەڕێز: ثەوبان و ئەبوهورەیرە خوا لێیان رازی بێت..

فەرموودەکە بەڵێ هەواڵدانی غەیبە، ئەوە جێی سەرسوڕمانە کە هەندێ کەس وا دەزانێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو مرۆڤی ترە، ئیتر نابێت هیچی زیاتر لە خەڵکی بزانێت، ئەمە هەڵەیە.. هەواڵدانی غەیب لە خوای گەورەوە بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دراوە، ئەمەش لە داواکاریەکانی پێغەمبەرایەتیەکەیە.. چونکە خوای گەورە دەرهەق هەڵوێست و گوفتاری دەفەرموێ: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى) النجم/٣-٤ واتە: هەر لە خۆیەوە قسە ناکات، بەڵکو وەحی خواییەو بۆی دێت.. ئەم وەحیە هەر دەربارەی ئەحکامی شەرعی نیە، بەڵکو دەربارەی هەموو لایەنەکانی تری ژیانە، لەوانەش باسی نادیارەکان..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو هەر مرۆڤێکی تر غەیب نازانێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ) الأعراف/١٨٧

واتە: ئەگەر غەیبم بزانیبا خێروخێراتم زۆر زیاتر دەکرد.. کە باس لە غەیبێك دەفەرموێ لە خۆیەوە باسی ناکات، بەڵکو لە خوای گەورەوە پێی گەیێنراوە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (عَالِمُ الْغَيْبِ فَلا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا * إِلاَّ مَنِ ارْتَضَى مِن رَّسُولٍ) الجن/٢٧.٢٦ واتە: خوای زانا بە هەموو شتێکی نادیار، کە غەیب نیشانی کەس نادات مەگەرنێرراوێکی خۆی..

کەوابوو لەم رووەوە مانای فەرموودەکە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی خاوەن پرسیارەکەیە.. زیاتر لە سەد فەرموودەی ترمان هەیە کە راست و دروستن لەوەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەواڵی غەیبیان تێدا دەفەرموێ.. وەکو ئەوانەی کە حافز ئیبنوکەثیر لە بابێکی سەربەخۆی مێژووەکەیدا (البداية و النهاية ١٨٢/٦-٢٥٦) کۆی کردوونەتەوەو ناوی ناوە (بَابُ مَا أَخبَرَ بِهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - مِنَ الكَائِنَاتِ المُستَقْبَلَة فِي حَياتهِ وَبَعْدَهُ، فَوَقَعَتْ طِبْقَ مَا أَخبَرَ بِهِ سَوَاءً بِسَوَاء).

مەبەست لە فەرموودەکەش ئەوە نیە کە خاوەن پرسیارەکە وا دەزانێ دەبێ موسوڵمانان بەو واقیعانە رازی بن کە بەسەریاندا فەرز دەکرێت.. نا.. ئەوە ئەستەمە.. مەبەستی فەرموودەکە بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە حەزەر دەداتە موسوڵمانان کە لەوە ئاگادار بن کە ئەو هەموو ئوممەت و گەلانە دەکەونە گەلەکۆمەکێ و یەك هەڵوێست دژتان دەوەستنەوە، ئێوەش ئەو زەمانە لاوازو بێ هێزن چونکە دنیاتان زیاتر لە قیامەت خۆشویستووە.. چونکە وازتان لە مردن لە پێناوی خوادا هێناوەو بە گشتی رقتان لە مردنە.. ئەمەشە واتان لێ دەکات خۆ لەبەر دوژمن نەگرن و ئاوا زەلیل ببن.. فەرموودەکە هۆی قوتار بوون لەو زەلیلییە روون دەکاتەوە کە بریتیە لە خۆشوویستنی مردن لە پێناوی خوادا بە قەدەرئەوەندەی کە دوژمنانیان دنیایان خۆش دەوێت.. هەروەکو سەلەفی باب و باپیرانیان کە ئاوا بوون..

## لێکدانەوەی فەرموودەکە

١- ئەم فەرموودەیە هەواڵدانێکی نادیار (غەیب)ە ، لە کۆتا لوتکەی هێزەوە فەرموویەتی..سەردەمانی وەحی و حوکمی مەدینەو دەسەڵاتی شەرع و هەبوونی ئەو هەزاران یاوەرە بە هیممەتە! فەرمووی کە حەتمەن گەلان و ئوممەتان هاوارلە یەکتر دەکەن بۆ گەلە کۆمەکێ لە ئێوەو لە هەموو ئاسۆو بەندەن و رووتەنێکی دنیاوە کۆ دەبنەوەو پێکەوە لە هەموو لایەکەوە دێنە سەرتان! وێنایەکیشی خستۆتە پێش چاویان کە هەموو رۆژێك لەبەر چاویان دووبارە دەبێتەوە، کە یەکتر بانگ کردن و هاوار لێککردنی کۆمەڵێك بخۆرو کۆبوونەوەیان لەسەر سینیەك خواردن!! کۆمەڵێك کە مەبەستیان خواردنەو کەوتوونەتە سەر سینیەك خۆراکی خۆڕایی! هەرکەس گەیشتێ دەست دەکات بە هەڵپەی خواردن!

کۆمەڵێکی برسی بێ قیەم، دەستیان لە خواردنێکی ئاسان گیربووە، هەرچەندو چۆنێکی بخۆن کەس نیە رێیان لێ بگرێت.. هەر بەو شێوەیەش کۆمەڵێك زۆڵ و هەرچی و پەرچی گەلانی دنیا دادەبارنە سەرتان و دەم لە جەرگتان دەژەنن، سووکایەتی بە دین و ئابڕووتان دەکەن، شەریعەتی خوا دەخەنە کەنارو یاسای بەرەڵایی خۆیان بە مەرجەعییەتی داوەریی دەسەپێنن! زەلیلتان دەکەن و سامانتان تالان دەکەن و دابونەریتی ئێوە فڕێدەدەنە کەنارو دابونەریتی خۆیانتان بەسەردا فەرز دەکەن.. وای چ بەزینێکی بەژانە..

٢- ئەم فەرموودەیە رێسایەکی گەورە لە رێساکانی گۆڕانی کۆمەڵگە دەخاتە روو، رواڵەت و جەوهەری ئەو قۆناغە ئاشکرا دەکات کە کۆمەڵێکی فیترە پیسی تەبیعەت بەد (لەوانەی خۆشەویستی دنیا دڵ و دەرونیانی داگرتووە) دەبنە مایەی ئینحیرافی خۆیان و پووکانەوەی کۆمەڵکاریی و نقووم کردنی کەشتی کۆمەڵگەکە..

٣- ئەم فەرموودەیە بەزینی میللەتان دەردەخات. ئەو هۆکارە سەرەکیە باس دەکات کە دەبێتە هۆی دروست بوونی زوڵم و ستەم و دەستدرێژی لە کۆمەڵگەکاندا، هۆکارەکەش خۆفرۆشیی و هەڵپەکردن و چاوتێر نەبوونی هەندێك مرۆڤە کە هەم خۆی بە عەمالەت گیرۆدە دەکات، هەم بارودۆخ و تەنگژەیەك بۆ کۆمەڵگەکەی دەخوڵقێنێت کە ژیانی هەمووان لاسەنگ دەکات..

٤- لەبەرکەمیمانە؟ نا. ئێوە لەو ڕۆژەدا زۆرن، زۆری ملیارو نیویی! بەڵام وەکو پووش و پەڵاش و کەف و تەختەو کۆتەرەو رەگەدارو ئێسك و پێستەی لاکە تۆپیوو سیپاڵە کۆن و شتی تری بێ نرخن کە لافاو رایداون! بە کۆبوونەوەی هەرهەمووتان ناتوانن بەری لافاوەکە بگرن، ناتوانن ئاڕاستەکەی لە خۆتان لادەن! چونکە بێ غیرەت بوون، تەسلیم بە حەزی دنیاوویستیی و دیدی ماددی بوون.. کەستان نایەوێت خۆی بدات بە کوشت! ئەو هەمووە دەقەی باسی جیهاد دەکات، ئەو هەمووە فەرموودەیەی باسی پلەی شەهید دەکات، ئەو هەمووە ئەحکامە تایبەتەی بۆ بەرەی جەنگی کوفرو ئیمان دانراوە، هیچیان موویەکی غیرەتتان نابزوێنێت و موچوڕکێك بە لەشتاندا ناهێنێت!

٥- هەرگیز کەمی موسوڵمانان نەبووە بە هۆی تێکشکان، هەمیشە بێ غیرەتی و دنیاوویستی هۆکاربووە.. رازی بوون بەو واقیعانەی دوژمن فەرزی کردووەو ئەمانیش خۆیان لەگەڵدا گونجاندووە، ئائەمە هۆکارە! دوژمن پرۆژەی خۆی فەرز کردووەو موسوڵمانە ترسنۆکەکان ترس و تۆقانی خۆیانیان فەلسەفاندووەو وەڵامدانەوەی ئەو واقیعە نامۆیەیان کردووە بە ژیریاریی و پەی پێ بردنی سیاسیانە!! بەمەش دژوارییەکی ئیزافییان دروست کردووە، چونکە زۆر لە موسوڵمانان پێیان وا دەبێت ئەم شیکارییە راستەو پێویستە خۆمان لەگەڵ واقیعەکەدا بگونجێنین، پێویستە بە گوێرەی ئەو واقیعەو دەرچەکانی بزوێین! ئەمە دۆڕاندنە. ئەمە خەساندنە.. ئەمە

کارکردنە لەبەرچاوی دوژمن.. دوژمنێك کە تۆ دەبینێت، پێشتر نەخشەی ئیحتیوای تۆی بە تەسفیەو ڕیشەکێش کردنی سەربازیی داناوە، بە زیندان و جەللادان، بە کەناردان وگۆشەکیرکردن، بە تەسك کردنەوەی ژیان و ئابووری لەسەرت، بە زانینی هەموو کێشە ناوەکیەکانت و دەستێوەردانی هەناوت.. چۆن دەتەوێت زیاتر لەبەر دەستیدا بمێنیتەوەو پێت وایە هەرتۆ دەیبەیتەوە؟! ئەمە فریوودانی نەفسی بەزیووە. کە باجی زەلیلی ژێر دەستەیی پێ باشترە لە باجی عیززەت و سەربەستی. ئەم فەرموودەیەش ئەوە لە هەست و هۆشی موسوڵمان دەچەسپێنێت کە نەکەی بگەیتە ئەو ڕۆژە.. ئەگەر گەیشتیتە ئەو زەمانی بەزینە نەکەی قەناعەت بە فێڵی نەفس و چەواشەکاریی داعیە بەزیووەکان بکەیت.. نەکەی کوێرانە خۆت تەسلیمی واقیعێك بکەیت کە دینەکەت دروستی نەکردووە..

٦- دوای وێناکردنی بخۆرەکان و لافاوو پووش و پەڵاشەکان کە خەمی موسوڵمان دەکەنە گڕکانی ناخ و غیرەتی موسوڵمان دەبزوێنن، سەیری ئەو چارەسەرە بکە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دایناوە. ئا ئەم بێ نرخانەی سەرلافاوەکە، ئەم خەڵکە دنیاویستەی نایانەوێت بمرن، دەشێت هەر خۆیان ببنەوە بە هێزی گۆڕانکاریی نوێ، دەشێت بەری لافاوەکەش بگرن و خۆیان بەنداوی لە ڕێدا دروست کەن.. سەرەتای ئەمە هیممەت و غیرەتێکە کە قورس دیارەو واش نیە.. یەکەم دەسپێك ڕاستکردنەوەی چەمکی خواناسیی و دینداریە. هاتنەوە سەر ڕێبازی خواویستیی و شەیدای دیداریی خوایی وکێبڕکێیە بۆپاداشتی خوا..

٧- سەرنج دەرە ئەو زەمانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمەی تێدا فەرمووە، ئەوپەڕی دەسەڵات وتواناو تۆکمەبوون لەبەردەستدا هەبوو، کەچی باس لە حاڵەتێك دەکات کە ژمارەی موسوڵمانان سەدان ئەوەندەی ئەوان دەبن، کەچی ئەو هەموو زۆرو بۆرە سڵ کردنەوەیەك، ترس و بیمێك لە دڵ و دەروونی دوژمنانی

ئیسلامدا دروست ناکەن! بۆ؟ چونکە هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە، دوژمنانی ئیسلام مەسافەی یەك مانگەڕێ لە موسوڵمان دەترسان کەچی ئێستا ملیارو نیو موسوڵمان کۆمپانیایەکی ئەمنییان پێ ناترسێنرێت!! چونکە بابای موسوڵمان وەکو کابرای موشریکی لێ هاتووەو نایەوێت بمرێت، خوای گەورە لە باسی موشریکەکاندا دەفەرموێ: (وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ) البقرة/٩٦ واتە: بە تەکید دەیانبینیت هەر یەکەیان لە هەموو کەسێك سوورترە لەسەرژیان، هەرجۆرە ژیانێك بێت.. ئەو موشریکانە تێیاندایە کە خۆزگە دەخوازێت تەمەنی هەزارساڵ بێت!! ئێ بابای موسوڵمانیش وای لێ هاتووە، بۆ چێژێکی زیاتری دنیایی خۆزگەی تەمەنێکی درێژتر دەخوازێت!

٨- یاوەران دەیانزانی (الوهن) لاوازییە، پیریتی لاوازییە، نەخۆش کەوتن لاوازییە، جگە لەوەی وەهەن خۆی نەخۆشیەکەو تووشی دەفەی شانی حوشتر دەبێت، بۆیە پرسیاریان کرد کە وەهەن چیە؟ پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەڵامێکی دانەوە کە سەرچاوەی لاوازیەکەیانە: خۆشوویستنی دنیاو بوغزاندنی مردن.
یەعنی هەرکاتێك واتان لێ هات بۆ مانەوەو چێژی زیاتری دنیایی لە مردن هەڵێن، ئەوە بزانن کە کەوتوونەتە ئەو وەهەنەوە کە لاوازی فیکرو عەقیدەیە، لاوازی ئینتیمایە، لاوازی ئیمانە، لاوازی بیروهۆشی ململانێی سیاسییە، شلگرتن و وەل کردنی قیەمی کۆمەڵایەتی ئیسلامەتییە. سەرچاوەی لاوازیەکانە هیچ شتێکیش نابێتە دەرمانی چارەسەر ئیللا گەڕانەوەتان نەبێت بۆ دینەکەو نەخشەی قورئان بۆ بەهێزبوونەوەتان ..
٩- دوژمن کە وڵاتی ئیسلام داگیر دەکات، خەڵکەکەی بە تایبەتی مەلاو پیاو ماقووڵ و کەسایەتیە کاریگەرەکانی بە سێ شت لەخۆ دەگرێت: بە (سامان و پلەو ئاست و چاوترساندن).. هەر دوژمنێك هاتە سەر موسوڵمانان و دیتی هێزیان نیە

(هێز: جەنگاوەر، چەك، سامان) یان هەیانە بەڵام لاوازە، یان تێکشکاوە، ئەوە حەتمەن هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو شتێك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، لە دەزگاکانی یاسا دانان و حکومەت و داوەری و ئابووری و فێرخوازی و ڕاگەیاندن و ئاڕاستەی کۆمەڵگەی مەدەنی و..هتد. ئەمەشیان بە تەنها پێ ناکرێت، بە جاسووس و پیاوەکانی خۆشیان ناکرێت کە لە کۆمەڵگەی موسوڵمانانەوە هێناویاننەتە ڕیزی خۆیان و وەکو پردی پەڕینەوە بەکاریان دەهێنن.. بەڵکو پێویستیان بە هەندێك پیاو ماقووڵی واجیهە هەیە، تا چەواشەکاریەکانیان سەربگرێت بڵێن بۆ ئیسڵاح هاتوون، بۆ بڵاو کردنەوەی ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی هاتوون!! جا لێرەوە دەروون بەزیووەکان کەسب دەکەن، ئەوانەی ژیانی دنیایان پێ خۆشەو نایانەوێت لە پێناوی خوادا بمرن، لەوانەی بە دینەکە خەڵکیان بۆ ژیانی خۆیان کۆکردۆتەوە.. ئەمەش زۆر دژوارە، چونکە ناوو هەڵوێست و مێژووی ئەمانە لە هەموو لایەکەوە بە خراپی دژی پیاوچاکە نەبەزیووەکان بەکار دەهێنرێتەوە! بەمەش نەك کۆمەڵێك ووزەی ئیسلامی پەك خرا، بەڵکو کرانەوە بە بەربەستی ڕێی پرۆژەی ئیسلامیانی سەربەخۆ..

١٠- باشترین هۆکاری تێگەیشتن لەم فەرموودەیە وورد سەرنجدانی حاڵی موسوڵمانانی سەر زەمینە، لەو سەردەمانەدا کە دوژمنیان هاتۆتە سەرو دینەکەی سووك کردوون و دەسەڵاتی کوفری خۆی بەسەردا سەپاندوون و زەلیلی کردوون! لە هەموو کات و شوێنێکیاندا دەیان بەڵگەی ڕاستی ئەم فەرموودەیەو لێکدانەوەکەی دەبینیت ..

تەواوبوو

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

## ئەو ئایەتانەی لە (نووری ڕێ)دا هێنراونەتەوە
## بەرامبەرئەو لاپەڕانەی تێیاندان


| | |
|---|---|
| (أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ وَأَضَلَّهُ اللَّهُ عَلَى عِلْمٍ) الجاثية/٢٣ | ٦٦ |
| (إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَمَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْعَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ) النساء/٣١ | ٩٢ |
| (إِنَّ الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا)مريم | ٢٠ |
| (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ) آل عمران/١٩٠ | ٧٣ |
| (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى) البقرة/١٥٩ | ١٢ |
| (إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى) محمد/٢٥ | ٩٤ |
| (بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءهُم بِغَيْرِعِلْمٍ) الروم / ٢٩ | ٦٧ |
| (تِلْكَ الدَّارُالآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لا يُرِيدُونَ عُلُوًّا) القصص/٨٣ | ١٠٤ |
| (عَالِمُ الْغَيْبِ فَلا يُظْهِرُعَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا.) الجن/٢٦-٢٧ | ١١١ |
| (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ) النساء/٥٩ | ٣٦ |
| (فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءهُمْ) القصص/٥٠ | ٦٧ |
| (فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلا صَالِحًا) الكهف/١١٠ | ١٨ |
| (كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء) يوسف/٢٤ | ١٠١ |
| (لَوْكَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلاَّ اللَّهُ لَفَسَدَتَا) الانبياء / ٢٢ | ٣٥ |
| (مَّا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَالْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ) ئالى عيمران/١٧٩ | ٤١ |
| (وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ ءَامِنًا)ئيبراهيم/٣٥ | ٢٠ |
| (وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى) النازعات/٤٠ | ٦٩ |
| (وَأَنزَلَ اللهُ عَلَيْكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ) النساء/١١٣ | ٢٣ |

| | |
|---|---|
| (وَإِن يَأْتِ الأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِي الأَعْرَابِ) الاحزاب/٣٣ | ٩٥ |
| (وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ) الاعراف/١٧٦ | ٦٧ |
| (وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ) ص/٢٦ | ٦٧ |
| (وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ) الكهف/ ٢٨ | ٦٧ |
| (وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ) آل عيمران/١٨٠ | ٦٤ |
| (وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ) البقرة/٩٦ | ١١٥ |
| (وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلا يُنْفِقُونَهَا) التوبة/ ٣٥ | ٦٣ |
| (وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ) الاعراف/١٨٧ | ١١١ |
| (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى * إِنْ هُوَ إِلاَّ وَحْيٌ يُوحَى) النجم/٣-٤ | ١١١ |
| (وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) التغابن/١٦ | ٦٦ |
| (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ) النساء/٥٩ | ٣٦ |
| (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا....) الاحزاب/٤٥-٤٦ | 5 |
| (يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا) الحجرات/ ١٧ | ٧٥ |


* * *

## ئەو فەرموودانەی لە (نووری ڕێ)دا هێنراونەتەوە

## بەرامبەر ئەو لاپەڕانەی تێیاندا هاتوون

١- (أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنَ الْخَيْرِ).

(اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ)

(إنَّ أهلَ الكِتابَ قَبلكُم تَفَرَّقُوا عَلَى اثْنَتَينِ وسَبعينَ فِرْقَةً)

(إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى عَلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ)

٥- (إنَّ اللهَ لا يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ)

(تُعْرَضُ الْفِتَنُ على القُلُوبِ كَالحَصيرِ عُوداً عُودًا)

(ثلاثٌ مُهْلِكَاتٌ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ وهَوىً مُتَّبَعٌ وإعْجَابُ الْمَرْءِ)

(ثلاثٌ مُهلكاتٌ ، وثلاثٌ مُنجياتٌ ، وثلاثٌ)

(جاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ بأموالِكُمْ و أنفُسِكمْ و ألْسِنَتكُمْ)

١٠- (سَألْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَن هذِهِ الآية)

(سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ تَعَالَى فِي ظِلِّهِ" يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ).

(الشيخُ يَكبُرُ ويَضْعَفُ جِسْمُهُ وقَلْبُهُ شَابٌّ)

(عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ قَالَ )

(عَن سَلَمَةَ بنِ الأكْوَعِ رَضي اللهُ عنهُ أنَّهُ دَخلَ عَلَى الْحَجَّاجِ)

١٥-(عن عمرو بن عبد الرحمن بن جرهد قال : سَمعْتُ رَجُلا).

(عَنْ سَهْلِ بنِ أبِي حَثْمَةَ عَنْ أبيهِ قالَ: سَمِعْتُ).

(فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أدْنَاكُمْ)

(فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإسلامِ مِنْ عُنُقِهِ)

(قَارِبُوا وَسَدِّدُوا، وَاعْلَمُوا أنَّهُ لَنْ يَنْجُوَ أحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ!)

٢٠-(كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُم مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ)

(لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةً بِأَمْرِ اللَّهِ )

(لا تَنْقَطِعُ الهِجْرَةُ حَتَّى تَنْقَطِعَ التَّوبَةُ)

(لا تنقطع الهجرة مادام العدو يُقَاتَل)

(لِكُلِّ غَادِرٍ لِواءٌ يَومَ الْقِيامَةِ يُرْفَعُ لَهُ بِقَدَرِ غَدْرِهِ).

٢٥- (لَو لَمْ تكوُنوا تُذْنِبُونَ لَخِفْتُ عَلَيكُمْ مَا هُوَ أكْبَرُ مِنْ ذلِكَ)

(مَا مِنْ ذِي رَحِمٍ يَأتِي ذَا رَحِمَهُ فَيَسْأَلُهُ فَضْلاً)

(مَا ذِئْبَانِ جائِعَانِ أُرْسِلا في غَنَمٍ بِأفْسَدَ لَهَا مِنْ)

(مَا مِنْ وَالٍ يَلِي رَعِيَّةً مِنْ الْمُسْلِمِينَ فَيَمُوتُ)

(ما مِن عبدٍ يَسترعيهُ اللهُ رعيَّةً، فلَم يُحِطْها بِنُصحِه)

٣٠- (مَا ذِئْبَانِ جَائِعَانِ أُرْسِلَا فِي غَنَمٍ بِأَفْسَدَ لَهَا مِنْ)

(مَا ذِئْبَانِ ضَارِيانِ فِي غَنَمٍ أضَاعَهَا رَبُّهَا بِأفْسَدَ مِنْ)

(مَنْ أَتَى السُّلْطَانَ اُفْتُتِنَ)

(مَنْ آتاهُ اللهُ مَالاً فَلَمْ يُؤَدِّ زكاتَهُ مُثِّلَ لَهُ مَالُهُ شُجاَعاً)

(مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّه)

٣٥-(مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمَاً مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجهَ اللهِ عَزّوجَلَّ)

(مَنْ رَأى منْ أميرِهِ شِيئاً يَكْرَهُهُ فَلْيَصبِرْ)

(مَنْ تَعَلَّمَ عِلْماً مِمَّا يُبْتَغَى بهِ وَجْهُ اللهِ عَزَّوَجَلَّ)

(مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)

(المْؤمِنُ مِرْآةُ أَخِيهِ)

٤٠- (المؤمِنُ مِرْآةُ المْؤمِنِ)

(نِعْمَ الرَّجُلُ عَبْدُاللهِ لَو كَانَ يَقومُ مِنْ الليلِ)

(هجرةُ البادي الطاعةُ).

(وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ)

(وإنَّ أُمَّتِي سَتَفْتَرِقُ عَلَى ثِنْتَينِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً)

٤٥- (وَمَا ازْدَادَ عَبْدٌ مِنَ السّلْطَانِ دُنُوّا إلاّ ازْدَادَ مِنَ الله بُعْداً)

(وَلكِنَّ الْبَائِسَ سَعْدُ بْنُ خَولَةَ).

(يا رَسولَ اللهِ أيُّ الهِجْرَةِ أفْضَلُ ؟قالَ أنْ تَهْجُرَ مَاكَرِهَ رَبُّكَ)

(يَهْرِمُ ابنَ آدمَ وتَشِبُّ مَعَهُ اثنتانِ : الحِرْصُ على المالِ)

(يُوشَكُ الأمَمُ أنْ تَدَاعَى عَلَيكُمْ)

٥٠- (يُوشَكُ أنْ تتَدَاعى عَلَيكُمْ الأُمَمُ مِنْ كُلِّ أُفُقٍ)

* * *

# ناوەڕۆك

فەرموودەی یەكەم: ڕەنجەڕۆیی ریابازان ٩

فەرموودەی دووەم: شارەزایی دین خەڵاتی خوایە ٢١

فەرموودەی سێیەم: پێنج روكنەكەی كۆمەڵكاریی ٣٠

فەرموودەی چوارەم: ئاوێنەیی موسوڵمان ٤٢

فەرموودەی پێنجەم: زەبت وڕەبت كردنی زمان ٥٠

فەرموودەی شەشەم: سێ نەخۆشی كوشندە ٥٨

فەرموودەی حەوتەم: خیانەتی بەرپرسان ٧٧

فەرموودەی هەشتەم: بە ئەعرابی بوونەوە ٨٦

فەرموودەی نۆیەم: دین بەكارهێنان بۆ مەرامی كەسایەتی ٩٧

فەرموودەی دەیەم: دنیاوویستی شكستی تاك وكۆیە ١١٩

لیستی ئەو ئایەتانەی لێرەدا هاتوون ١٢١

لیستی ئەو فەرموودانەی لێرەدا هاتوون ٢٤٣